

# وارڤین

گۆڤارێکی ژنانەیە دەزگای (وارڤین) 15 ڕۆژ جارێک دەری دەکات
ساڵی یەکەم/ ژمارەی بیست و پێنج / 68 لاپەڕە/1500 دینار/١٦ـی ئۆگۆست ٢٠١٠

عیسمەت ئەرگوشی:
ئەگەر ئەڤین ئاسۆ سکاڵا تۆمار بکات بە دواداچوون بۆ "گرتە سێکسییەکە" دەکەین

پێکهێنانی ئەنجومەنی خانمان شکستی هێنا

هاوسەران چییان لە پەیوەندی سێکسی دەستدەکەوێت؟

نەورۆزا: لەپۆپی کوردی داهێنان دەکەم

ڕەمەزان گیرفانی کێ پڕدەکات؟

گەنجان لە سەمای کچە عەرەبەکان بێبەش کران

سلێمانی گڕ دەگرێت

www.netewe.com



سەنتەری جوانکاری ئەوروپی
لابردنی موو
لابردنی لۆچی دەمووچاو
لابردنی لەکەی دەمووچاو
لابردنی زیپکە
لاوازبوون
بەهێزکردنی مووی سەر
پرکردنەوەی دەموچاو
هەولێر/برایەتی شەقامی 40مەتری
بالەخانەی سەنتەری ئەوروپی پزیشکی
07507268181
www.netewe.com

WARVIN.ORG



کچە گوندییەکی پاکستانی دوای لافاوە ماڵوێرانکەرەکە


2 "لە پرسی ژندا گۆڕان هیچ شتێکی سەرنجڕاکێشی پێنەبووە"

20 دەشتی هەولێر: مەڵبەندی توندوتیژی دژ بە ژنان

35 ژنێکی ٦٠ ساڵان بەدەستی خۆی ماڵەکەی دەڕازێنێتەوە

38 نەبوونی بودجە پاڵەوانیەتی تۆپی دەستی کچانی کوردستان دوادەخات



**خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:** لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر:** تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین:** بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com

**راوێژکاری یاسایی:** فەوزیە فەقێ رەشید

**راوێژکاری دەروونی:** د. توانا عەبدولڕەحمان

**فایلەکان**

**کۆمەڵایەتی:** ئاڤان فارس جاف avanfarsjaf@yahoo.com

**وەرزش:** ئەرسەلان عەبدوڵڵا arsalansport@gmail.com

**نووسینگەکان**

**ئامەد:** دیلار سەولەدار

**قامیشلۆ:** لاڤە خالید

**بەغدا:** حەلا ناسر

**دوبەی:** سەنا کوردی

warvin.press@yahoo.com

**ناونیشان:** هەولێر - شاری خەونەکان

**بەڕێوەبەری کارگێڕی**

رێباز عەبدوڵڵا

07504624506



بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:

mob:07504624506

Normal: 0662647813


www.netewe.com

# "لە پرسی ژندا گۆڕان هیچ شتێکی سەرنجڕاکێشی پێنەبووە"



سلێمانی - گردەکە - ٢٠١٠ . ئاهەنگی لیستی گۆڕان
فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

www.netewe.com

دوای یەکساڵ کارکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لە گۆڕەپانی سیاسی هەرێمدا تائێستا ئەو بزووتنەوەیە ئاوڕێکی جیدی لەکێشەکانی ژن نەداوەتەوەو لەڕووی راگەیاندنەوە کەمترین بوار دراوە بە ژن و لە پەرلەمانیشدا سەرۆکایەتی فراکسیۆنی گۆڕان لە ژن سەندرایەوەو سەرەڕای ئەوانەش تائێستا گۆڕان تەنیا دوو پرۆژەیاسای بۆ خزمەتی ژن پێشکەش بە پەرلەمان کردووە. ئەمەش ئەو بۆچوونەی لای چالاکوانانی ژن دروستکردووە، کە گۆڕان تائێستا لەپرسی ژناندا هیچ شتێکی سەرنجڕاکێشی پێ نەبووە".

گۆڕان بزووتنەوەیەکی سیاسی نوێیە لە مێژووی هەرێمی کوردستان دا. ئەو بزووتنەوەیە بە لیستێکی تایبەت بەشداری لەهەڵبژاردنەکانی ٢٥ی تەممووزی ساڵی رابـــردووی پەرلەمانی کوردستان کرد و توانی لەکۆی ١١١ کورسی ٢٥ کورسی بەدەست بێنێت. لەگەڵ ئەوەی یەکێک لەدروشمەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەو حزبە ئەوەبوو کە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ژنان دەدات، بەڵام دوای تێپەڕینی ساڵێک ژنان بەبێئومێدییەوە باس لەبەڵێنەکانی هەڵبژاردنی ئەو لیستە دەکەن.

گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان حەمە تۆفیق رەحیم، دەڵێ"ژنان لەناو بزووتنەوەکە پێگەیەکی باشیان هەیە، گۆڕان ماوەیەکی کورتە کاردەکات، بۆ ئەو پرسە دەبێ سەیری کاروچالاکیەکانی ژنانی نێو فراکسیۆنی گۆڕان بکەین". ئەو سەرکەوتنی ژنان لەڕووی بەدەستهێنانی پۆستەوە دەبەستێتەوە بەهەوڵ و توانای خودی ژنان و ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات بەهەوڵی خۆیان ژن لەداهاتوودا شانسی زیاتریان دەبێت.

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان ژن بـوو، ئەمەش لەلایەن هەندێک چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان بەدەستکەوت دەزانرا، بەڵام دوای ساڵێک کارکردن، گۆڕان بڕیاریدا پۆستی سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکە لە ژن بسێنێتەوە. هەرچەندە گوتەبێژەکەی گۆڕان ئەوە لەسیاسەتی رەسمی بزووتنەوەکەیان دوور دەخاتەوەو دەڵێ دەستلەکارکێشانەوەی کوێستان پەیوەندی بەژیانی تایبەتی خۆیەوە هەیە"کوێستان گوتبووی تەنیا ساڵێک دەتوانێ سەرۆکایەتی فراکسیۆن بکات".

هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان مونیرە عوسمان عەلی، دەڵـێ گـۆڕان پشتیوانی لەداواکانیان دەکـات" چووینەتە لای هەڵسووڕاوانی گۆڕان و پێمانڕاگەیاندوون دەمانەوێت جیاواز بین، عەقڵیەتی پیاویش بگۆڕین، بەڵام هێشتا رێژەی ژن لەنیوە تێنەپەڕیووە".

ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان عەدنان عوسمان، لەو بڕوایەدایە، هێشتا زووە لەڕووی چەندایەتییەوە باس لەپێگەی ژن لەناو گۆڕاندا بکرێت"گۆڕان هێشتا خـاوەن دەزگای بەڕێوەبردن نییە، سەرکردایەتی و ئۆرگانەکانی دیارینەکراوە، بۆیە زەحمەتە لەئێستاوە باس لەجێگاوڕێگای ژنان بکرێت، لەسەرکردایەتی و دەزگاکاندا".

ئەو گوتیشی ئەمە بەو مانایە نییە"بیر لەسەنگی ژنان نەکرێتەوە لەنێو بزووتنەوەکەدا"، هەرچەندە ئەو لەگەڵ ئەو شێوازانەی ئێستادا نییە بۆ زیادکردنی رێژەی ژن لەدەزگا حزبییەکاندا"لەگەڵ بەخشش و مەکرەمە نیم بۆ ژنـان، هەقوایە لەبری ئەوە بیرلە رەخساندنی دەرفەت بکەین بۆ هاتنەپێشەوەی ئارەزوومەندانەی ژنان لەهەموو بوارەکاندا".

سەبارەت بەخەمی ژنانی ناو گـۆڕان عەدنان، دەڵێ"ئەوە کارەساتە گەر ژنانی گـۆڕان تەنیا لەخزمەتی پرسی ژندا بن، چونکە پرسی ژن بەشێکە لەکێشە کۆمەڵایەتییەکان، کارکردن لـەو پێناوەدا تەنیا ئەرکی ژنـان نییە، ئەوە پرسی کۆمەڵگایەو ئەرکی هەمووانەو ناکرێت بچووکبکرێتەوە".

ئەندامی لیژنەی کاروباری ژنان، لەفراکسیۆنی گۆڕان پەیام ئەحمەد، باس لەوەدەکات کە ئەوان بایەخیان بەگرفت و کێشەی هەموو خەڵک داوە نەک بە تەنیا ژنان، وەک خۆی دەڵێ"گرفت و کێشەی هەموو خەڵک بەلای گۆڕانە وە گرنگە".

لەبارەی پرۆژەیان بۆ ژن، دەڵێ کە تائێستا لەو پرۆژانەی ئەوان پێشکەشیان کردووە، دووانیان لەخزمەت ژن بووە ئەوانیش (پرۆژەی توندوتیژی خێزان، بیمەی کابانی ماڵ)، بوو، بەڵام پرۆژەی بیمەی کابانی مـاڵ لەلایەن لیژنەی ژنانەوە رەتکرایەوە.

لەفراکسیۆنە ٢٥ کەسییەکەی گۆڕان ١٠ یان ژنن، سەبارەت بە تەرخاننەکردنی وزەو کاتیان بۆ بەدەمەوەچوونی خەمەکانی ژنی کورد، عەدنان عوسمان، پاساوی ئەوە دەهێنێتەوە"فراکسیۆن کارێکی باش ناکات، گەر ئەو تواناو وزەیە تەنیا بۆ کێشەکانی تایبەت بە ژن تەرخان بکرێت، بەڵکو پێویستە فراکسیۆن بەگشتی بەرگریکاری مافی ژنان بێت". ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان داکۆکی لەهاوڕێکانی دەکات و دەڵێ" بەردەوام بەدوای کێشەکاندا دەچن".

پەراوێزخستنی رۆڵـی ژن زۆرتـر بەراگەیاندنی گۆڕانەوە دەبینرێت و سایتی سبەی و رۆژنامەی رۆژنامە کەمترین رووبەریان بۆ قەڵەم و رۆڵی ژن تەرخانکردووە، سەرنووسەری سایتی سبەی نەژاد عەزیز، لەبارەی پەراوێزخستنی رۆڵی ژنان دەڵێ"ژنان خۆیان لەو رووەوە کەمتەرخەمن و لەبارەی پرسە گرنگەکانەوە بەتایبەتی سیاسی، ژنان کەمتر رۆڵیان هەیە، چونکە پرسی سیاسی لەم وڵاتە زیاتر لای پیاوە".

گـۆڕان و بەرپرسەکانی هیچ هاوکارییەکی لیستەکەیان لە پەرلەمان ناکەن و لەبارەی پرسی ژنانەوە هیچ راگۆڕینەوەیەک لەنێوانییاندا نەبووە، وەک ئەوەی پەیام ئەحمەد باسیکرد. ئەگەرچی پەیام ئەو دەستێوەرنەدانە بەئەرێنی وەسفدەکات، هاوکات بەگرنگیشی دەزانێت کە هەڵسووڕاوانی بـزووتـنـەوەکـە لـەگـەڵ ئەندامانی فراکسیۆن هەماهەنگیان هەبێت".

بەرپرسی بەشی هـەواڵ لەرادیۆی گـۆڕان نڤین جەمال دەڵـێ، لەلای ئـەوان ژمارەیەک ژن کار دەکـەن و رۆڵیان پێدراوە، بـەڵام لەبەرئەوەی ئۆپۆزسیۆنن کارمەندە ژنەکانیان بەئیمتیازاتی زیاتر بۆ دەزگاکانی دیکە رادەکێشرێن.

مارییە هاشم (٣٦) سـاڵ، دایکی دوو منداڵە، فەرمانبەری وەزارەتـی خوێندنی باڵایە، باس لـەوەدەکـات، لـەهـەردوو هەڵبژاردنەکە بەهۆی دروشم و بانگەشەکانەوە دەنگی داوە بە گۆڕان، بەڵام گلەیی لێیان هەیە" ئەوان دەیانگوت ئێمە کار بۆ باشترکردنی رەوشی ژن دەکەین، بەڵام ئەوە ماوەیەکی زۆر بەسەر هەڵبژاردندا تێپەڕیووە و منیش بە کـردەوە بەرهەمی کـاری گۆڕانم نەدیوە".

"دەنگمان بە گۆڕان دا، بۆ ئەوەی گوزەرانمان باش بێ، چونکە گۆڕان دەیگوت بیمەی کابانی ماڵ بۆ ژنی دابین دەکەن، بەڵام ئەو هیوایەی کوشتین" ئەمە گوتەی قوتابیەکی زانکۆ پەروا کەریم (٢٤)ساڵە. ئەو دەڵێ، ماوەی ١٠ ساڵە باوکی نەماوە، دایکی بەخێوکردنی گرتۆتە ئەستۆ، بۆ باشتر کردنی رەوشی خێزانەکەی دەنگیان بە گۆڕان داوە.

رۆژنامەنووس چیمەن ساڵح، وێڕای ئاماژەکردن بۆ کاری سەرەتایی بزووتنەوەکەو دەرخستنی رۆڵی ژن گوتی"ئەوان لەسەرەتادا بانگەشەی دژایەتی گەندەڵییان دەکرد، ژنانیش لە کۆمەڵگای کوردستاندا لە نەخوێندەوارەوە تا رۆشنبیر زیاتر قوربانی دەستی ناعەدالەتین، بۆیە رێژەیەکی زۆری ژن بەدەنگی خۆیان بەرگرییان لێکرد". بەڵام بەگوێرەی گوتەی چیمەن، گۆڕان لەماوەی ئەو یەکساڵەدا ئەوەندەی وزە بۆ خۆ جیاکردنەوە لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەکارهێناوە ئەوەندە کـاری بۆ چەسپاندنی مافەکانی ژن نـەکـردووە. "بـزووتـنـەوەکـە کـەمـتـەرخـەم بوو لەکۆکردنەوەی هەموو تواناکان بۆیە وردەوردە وەک پارتەکانی دیکەی لیهات و کز بوو".

چیمەن ساڵح، رەخنەی ئـەوە لەبزووتنەوەی گۆڕان دەگرێت کە گۆڕان تائێستا لەپرسی ژندا هیچ شتێکی سەرنجڕاکێشی پێنەبووە، هەرچەندە دەرکەوتنی بزووتنەوەکەی بە"موفاجەئەیەکی گەورە" وەسفکرد.

**ئاڤان فارس**



www.metewe.com



### راوێژکاری تاڵەبانی بۆ کاروباری ژنان بۆ وارڤین:

# پێویستە هەوڵی جدیمان بۆ سەرخستنی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەبێت

**لەدیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ وارڤین راوێژکاری سەرۆککۆماری عێراقی فیدراڵ بۆ کاروباری ژنان (سلوا جبو) رایگەیاند، پێویستە زنجیرە یاسایەکی پێویست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەمڕۆی ژنانی عێراق و خێزانە هەژارەکان دەربکرێن و کاری زیاتر بکرێت بۆ دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بەدەستەبەری کۆمەڵایەتی لە عێراقدا، چونکە لەو رێگەیەوە دەتوانرێت چارەسەری زۆرێک لە کێشەکانی ئەمڕۆی عێراق بکرێت.**



**حەلا ناسر باوی**

بەغدا

سلوا جبو، گوتی: "پێویستە یاساگەلێکی سەردەمییانە لەپێناو خزمەتکردن بەگەلانی عێراق دەربکرێن" ئاماژەشی بۆ ئەوەکرد، ئێستا لەهەوڵی کارکردندایە بۆ سەرخستن و پێشخستنی توانای ئەو ژنانەی هاوسەرییان لەدەستداوەو هاوکاریکردنیان بۆ ئەوەی لەو رەوشە ناهەموارەی وڵات تێیکەوتووە رزگار بن.

گوتیشی: "بەگوێرەی داتاکانی بەردەستمان نزیکەی لەسەدا ٨ ,٢٣ خێزانی هەژار و کەمدەرامەت لە عێراقدا هەن و کێشەی ئەو خێزانانە تەنیا لەرێگەی دەرکردنی یاسایەکی سەردەمییانەی تایبەت بەدەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا بەبێئەوەی ئەو توێژانە جیابکەینەوەو دابەشکاری لەنێوانیاندا بکەین چارەسەر دەبێت.

سەبارەت بەرۆڵی لیژنەی ژنان و منداڵانی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سلوا جەبو رەخنەی لەئەداو کاری ئەو لیژنەیەی پێشوو گرت و رایگەیاند، لیژنەی ئافرەتان و منداڵان بەشێوەی



www.netewe.com



ڕاوێژکاری سەرۆککۆماری عێراقی فیدراڵ بۆ کاروباری ژنان (سلوا جبو)

پێویست کاری نەکردو تەنانەت هەوڵیشینەدا هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دروستبکات، ئەمە لەکاتێکدابوو ئەو لیژنەیە وەک لیژنەکانی دیکە لەئەنجومەنی نوێنەران کاری دەکرد و پێویستبوو لەبارەی کەیسەکانی ژنانەوە ڕۆڵی زیاتر بگێڕێت و هەوڵی زیاتر لەپێناو بەرژەوەندییەکانی ژنان بدات. ئەو ڕاوێژکارەی سەرۆککۆمار داواشی لەئەندامانی نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد، هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆئەوەی هەرچی زیاتر پێیان دەکرێت یاسای نوێ لەپێناو بەرژەوەندی هەموو هاووڵاتییانی عێراق دەربکەن و سەبارەت بەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش ئەو ڕاوێژکارەی تاڵەبانی گوتی: "هەرچەندە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کاری باشیان کردووە، بەڵام تائێستا کاریگەرییان سنووردارە".

سەبارەت بە بەرچاوترین چالاکی ڕێکخراوەکان و ئەو سەنتەرانەی کار بۆ ژنان دەکەن گوتی: "بەرچاوترین چالاکی کە ئێستا لەخزمەتی توێژی ژنان ئەنجامدەدرێت ئەو چالاکییەیە کە لەژێر ناونیشانی "ڕزگاریان بکەن" کاری تێدا دەکرێت و لەڕێگەیەوە هاوکاری هەموو ئەو ژنانە دەکات، کە بەهۆی مردن یان جیابوونەوەوە هاوسەرەکانیان لەدەستداوەو هەوڵیشدەدرێت لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی مووچەیەکی تایبەت بۆ ئەو ژنانە تەرخانبکرێت و بۆ ئەوەی بتوانرێت لەو ڕێگەیەوە هاوکاری بکرێن.

ئەو بەرپرسە عێراقییە ڕوونیشیکردەوە، لەپێناو بەدەمەوەچوونی داواکارییەکانی ژنان دوو هێڵی پەیوەندییان کردووەتەوەو لەڕێگەی ئەو دوو هێڵەوە تائێستا زیاتر لە ١٤ هەزار پەیوەندییان لە ژنانی تەڵاقدراو، مێردمردوو، مێرد بێسەروشوێنبوو، بیکار و تەنانەت قەیرە کچانەوە پێگەیشتووە.

جبو، لەسەنتەرێکی تواناسازی بێوەژناندا کاردەکات و ئەو سەنتەرە لەئایاری ٢٠٠٥ لەسەر ئەرکی و بەپشتیوانی مادی و مەعنەوی سەرۆککۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی دامەزراوە. سەنتەرەکەی جبو، سەنتەرێکی سەربەخۆیەی ناحکومییەو کارەکەی بریتییە لەو چالاکییانەی کە لەپێناو باشترکردنی ڕەوشی ژنانی تەڵاقدراو و هاوسەر مردووی عێراق ئەنجامیاندەدات و هەوڵدەدات هاوکاری پێویستیان پێشکەش بکات.

لەبارەی ئەرک و پرۆژەی سەنتەرەکەیانەوە جەبو، گوتی: "ئامانجی سەرەکی ئێمە کارێکی مرۆییانەی بێقازانجەو لەو ڕێگەیەوە کار بۆ هەڵساندنەوەو باشتر کردنی ڕەوشی ژنانی عێراق بەگشتی و ڕەوشی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ئابووری و ڕۆشنبیری بێوەژنانی عێراق دەکەین و بەهەموو شێوەیەک کار بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەکەین و دژی توندوتیژی دەوەستینەوە. هەروەها هەوڵدەدەین ژنان خۆیان بگەنە ئەو ئاستەی داکۆکی لەمافەکانیان بکەن و بەشدار بن لەدروستکردنی بڕیاری سیاسی و بەهەمان شێوەش بەشدارییەکی کارا بکەن لەڕووبەڕووبونەوەی شەڕی دژەتیرۆر و بەشداربیکەن لەبنیاتنانەوەی وڵاتەکەیان لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ناتوندوتیژی ودوورکەوتنەوە لەململانێ و هەروەها هێنانەپێشەوەی ژنان بۆ ئەوەی بتوانن لەهەموو بوارەکانی ژیان بەگوێرەی پێویست و گونجان ڕۆڵی شایستەی خۆیان بگێڕن.


لە کۆتاییدا، ڕاوێژکاری سەرۆککۆماری عێراق بۆ کاروباری ژنان سلوا جەبو، داوایکرد ڕێکخراوە مەدەنییەکان و دامەزراوە حکومییەکان هەوڵی دانانی ستراتیژیەتێک و پرۆژەگەلێکی وەها بدەن کەلە بەرژەوەندی ژناندا بن و بەهۆیانەوە کاریگەری لەسەر جۆر و ئاستی ژیانی ژنانی عێراق دروست ببێت و لەهەموو ڕووەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ڕەوشی ژنان پێشکەوێت. هەروەها پێویستە کار بکرێت بۆ ئەوەی هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە حکومییەکان و دامەزراوە ئەهلییەکان هەماهەنگی دروست بکرێت و هەوڵی ئەوە بدرێت وردەوردە ئەو توێژە بهێنرێنە بازاڕ و سەرچاوەی ئابووری تایبەت بەخۆیان بۆ بدۆزرێتەوە.

www.netewe.com

# کۆتا بۆ حکوومەت



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح فۆتۆ: وارڤین



**ستارە عارف**
Stare_arif@hotmail.com

*لەپەرلەمانی عێراقدا رێژەیەک بۆ ژنان دیاریکراوە کە بەسیستەمی کۆتا ناسراوە، بەگوێرەی یاسای هەڵبژاردنەکانی ژمارە١٦ی ساڵی٢٠٠٥، سیستەمی کۆتا بۆ ژنان بەپێی دەقێکی دەستوری دیاریکرا، کۆتا زاراوەیەکی ئینگلیزییەو بەواتای بەشێکی رێژەیی دێت،

بەڕای چاودێران سیستەمی کۆتا بۆ ژنان لەپەرلەماندا بەگشتی لەکاراکردنی ژنان لەکۆمەڵگاو بەتایبەتیش پەرلەماندا رۆڵێکی بەرچاوی هەیە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگای عێراقی و کوردستانی کەموکوڕی جیدی لەبواری کەلتوورو دابونەریتو سیاسییەوە هەیە بۆیە ژنانی کارا ناتوانن تواناکانیان دەربخەن.

بەڕای کەسانێکی دیکەش کۆتا رێگرە لەچوونە پێشەوەی ژنان بەگوێرەی تواناو کارایی خۆیان، سیستەمی کۆتا لەگەلێک وڵاتی دیکە پەیڕەو کراوە، لەوانە لەمەغریب لەکۆی ٣٢٥ کورسی ٣٠ کورسی بۆ ژنان دابینکردووە، لەئوردون ٦ کورسی و لەسودان لەنێوان ١٠-٣٥ کورسی دابینکراوە، لەپەرلەمانی عێراقیشدا لە٢٥٪ە، کە دەکاتە٨٢ کورسی پەرلەمانی، لەکاتێکدا

بەپێی ئامارێکی پلاتفۆرمی نیشتمانی رێژەی ژنان لەعێراقدا لە٥٤٪ە، بەڵام کۆتا بۆ چوونە پەرلەمانەوە لە٢٥٪ە، لەنێوان کوتلە سیاسییە عێراقییەکاندا رۆڵ و بەشداری سیاسی ژنان رەچاو نەکراوەو ناکرێت و زۆرێک لەسەرکردە و بەرپرسەکان پیاون.

*لەمادەی٢٥ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە مەدەنی و سیاسیەکاندا هاتووە، هەموو هاووڵاتییەک دەتوانێت ماف و هەلەکانی بەردەمی بەکاربهێنێت، بەبێئەوەی هیچ کۆتێکی بخرێتەسەر، ئەم مافە بۆ ژنانیش بەهەمانشێوەیە، بەڵام تائێستا لەعێراق و زۆرێک لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین، ژنان لەهەڵبژاردن و کاتە هەستیارەکاندا، وەک خۆیان و بەپێی توانا و چالاکیان دەنگی پێویست بەدەستناهێنن و کەلتووری سوننەتی حوکم بەسەریاندا

www.netewe.com

دەدات.

*لەگەڵ ئەمانەشدا لەهەڵبژاردنی٧ی ئازاری ئەمساڵی عێراق و کوردستاندا، ١٧٩٨ ژن پاڵێوراو بوون و رکابەرێتیان لەسەر٨٢ کورسی کۆتا لەکۆی٣٢٥ی کورسی پەرلەمانی کرد، بەڵام بەپێی راپۆرتی یۆنامی لەبارەی مافی مرۆڤەوە لەعێراق، ساڵی رابردوو بۆ ژنان و منداڵان زۆر سەخت بووە، کوشتن بەبیانووی شەرەف و هاوسەرگیری لەتەمەنی کەمداو لەشفرۆشی و بازرگانی بەژن و منداڵەوە زیادی کردووەو زۆرێک لەژنانی بواری سیاسیش رووبەڕوی هەمان سەختی رۆژانە بوونەتەوە.

*لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە چەند ژنێک لەوانە دکتۆرە عەقیلە هاشمی ئەندامی ئەنجومەنی حوکم و وەکیل وەزیرێک، لەلایەن هێزە توندڕەوەکانەوە کوژراون و هەندێکیشیان رووبەڕووی تیرۆر کردن بوونەتەوە، لەوانە لەساڵی٢٠٠٦دا وەزیری کۆچ و کۆچبەران کە ژن بووە رووبەڕووی تیرۆر کردن بووەتەوە.

*تا چەند ئاساییە کۆتا بۆ گەیشتنە پۆست و پلە حکوومییەکانیش دابنرێت؟ ئەمە یەکێکە لەو هەوڵانەی لەئێستادا دەدرێت، بۆ ئەوەی لەحکوومەتی داهاتووی عێراقدا ژنان بەکۆتا بەشداری لەپۆستە حکوومییەکانیشدا بکەن. پلاتفۆرمی نیشتمانی عێراقی کە نوێنەرایەتی کێشە سەرەکییەکانی ژنان لەعێراقدا دەکات، لەماوەی رابردوودا داوای لەحکوومەتی داهاتووی عێراقی کرد، بەلایەنی کەمەوە لە٢٥٪ ئەنجومەنی وەزیران ژن بن، لەحکوومەتی ئێستای عێراقدا رێژەیەکی کەم لەژنان لەپۆستە وەزارییەکاندان، لەوانە هەردوو وەزیری ژینگە و نیشتەجێبون ژن بوون کە کورد بوون.

*لەدەستووری عێراقی لەساڵی١٩٥٩داو لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا، ژنان مافی دەنگدانیان هەبووەو یەکەم ژنە وەزیری عێراقی، لەو سەردەمەدا نەزیهە دلیمی بووە، لەیاسای باری کەسێتی ساڵی١٩٥٩داو هەر لەو سەردەمەدا کە عەبدولکەریم قاسم حوکمڕانی عێراقی کردووە، فرەژنی قەدەغە کراوەو هاوسەرگیری لەتەمەنی١٨ساڵیدا سنووری بۆ دانراوەو کەمکراوەتەوە. ئەمانە لەوکاتەدا کۆمەڵێک ماف بوون کە

**سەرەڕای ئەوەی**

# گۆڕانکاری لەگەڵێک بواردا روویداوە، بەڵام ژنان رۆڵێکی سنوورداریان لەبەشداری سیاسییدا هەیە

لەزۆرێک لەناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناویندا بەدەستنەهاتوون، بۆیە ئەم هەوڵانەی ئێستای ژنانی عێراقی، هەنگاوێکن بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو مافانە کە ئەمڕۆ نیوەی پەیڕەو ناکرێن.

*بەشداری سیاسی ژنان لەپۆستە حکوومییەکانداو بەکۆتا، یەکێکە لەو ئاسانکارییانەی کە ئێستا لە عێراق داواو کاری بۆ دەکرێت بێجگە لەکۆتای گەیشتنە دەسەڵاتی یاسادانان، بەبیانووی ئەوەی لایەنە سیاسی و حزبییە عێراقییەکان رێگە بەژنان نادەن بەتوانای خۆیان بێنە پێشەوەو کەلتووری کۆمەڵگاش رێگرێکی دیکەیەو متمانە بەتواناکانی ژن ناکەن. لەکاتێکدا ئەم هەنگاوە خەوشێکیترە بۆ ژنان، چونکە پرسی کۆتا بۆ گەیشتنە پۆستی دەسەڵاتی یاسادانان، تا قۆناغێکە کە بەیاسا رێکدەخرێت و هەتاهەتایی نابێت، بەڵام بە کۆتا وەرگرتنی پۆستی حکوومەتو ئەنجومەنەکانی پارێزگا گەورەترین خەوشێکە، کە دەبێ ژنان پەسندی نەکەن، چونکە جۆرێک لەخۆماندوونەکردن و خەباتنەکردن لەلایەن ژنانەوەو لەچاوی پیاواندا دەگەیەنێت.

*گۆڕینی کەلتوورو کەمکردنەوەی ئەو رێگرییانەی بەردەم ژنان لەو خاڵە سەرەکییانەیە کە بەڕای شارەزایانیش پێویستە کاریان بۆ بکرێت، نەک چاوەڕوانی بەخشین و دەستگیرۆیی لە لایەنە حزبییەکان و پیاوان بکرێت، بۆ بەدەستخستنی پۆستەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن، هەرچەندە ئەمە کێشەی هەرێمی کوردستانیشە لەکاتێکدا لە٣٠٪ رێژەی کۆتای پەرلەمان پەسندکراوە، بەڵام لەدەسەڵاتی جێبەجێکردندا تەنیا یەک ژن وەزیرە.

*زۆرێک لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە سیستەمی کۆتا ستەم لەژنان دەکات و کۆکن لەسەر ئەوەش، سەرەڕای ئەوەی گۆڕانکاری لەگەڵێک بواردا روویداوە، بەڵام ژنان رۆڵێکی سنوورداریان لەبەشداری سیاسییدا هەیە بەراورد بەپیاوان، بڕواشیان وایە پاڵاوتنی ژنان لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا بەشێوەیەکی زانستی نییەو پاڵاوتن لەئەنجامی پەیوەندی خزمایەتی و ناسین و ئاراستەی حزبی و سیاسییەوەیە، بۆیە کە دەچنە پەرلەمانەوە ناتوانن پەرۆشانە رۆڵبگێڕن و کارا بن.

*لەلایەکی دیکەوە پێوان و تایبەتمەندی سەرکردە لەژنانی عێراقیدا زۆر کەمە، بۆیە بەتوانای خۆیان ناچنە پێشەوە، هەر ئەمەشە کار لەنەبوونی رۆڵ و چالاکییان دەکات بەبێئەوەی هەستی پێبکەن. کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش لەعێراق، باسی لەوە کرد ژمارەی ژنان بەراورد بەساڵی٢٠٠٥ بەرز بووەو زیاتر لە٢٠٠٠ ژن خۆیان پاڵاوتووە، بۆیە دەپرسین ژنان لەئەنجومەنی نوێنەراندا بەسیستەمی کۆتاوە دەتوانن هەمان ئەو کەسە داکۆکیکارە بن لەمافەکانی ژنان بەتایبەتیو مافە نەتەوەییەکان بەگشتی؟

*هەڵمەتی بەشداری لەگەڵ ژناندا، بەرنامەی نیشتمانی بۆ ژنان داوا لەئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی دەکات، بۆ ئەوەی رێژەی ژنانی وەزیر لە٢٥٪کەمتر نەبێت، دەڵێن ئێمەی ژنانی عێراقی کە لەلایەنە سیاسی و رێکخراوەکانی ژنان و توێژە جیاوازەکان و کۆمەڵگای مەدەنی پێکدێین، داوا دەکەین گۆڕانکاری لەپرسەکانی تایبەت بەژناندا بکرێت و ئەولەیەت بۆ ژنان چاودێری تەندروستی و فێرکردن و بەشداری سیاسی و ئابووری بێت، کە ئێستا ژنان زیاتر لە٥٠٪ی دانیشتووانی عێراق پێکدێنێت، کۆمەڵگاش بێ بەشداری ژنان پێشناکەوێت.

بەگوێرەی دەستووری عێراقی و پابەندبوون بەمافی مرۆڤ و بەڵێنی هەڵبژاردنەکانیشەوە، دەبێ گۆڕان لەم پرسەدا بکرێت، هەر بەپێی دەستووری عێراقی ژن لەگەڵ پیاو دا مافی بەشداری سیاسی و خۆپاڵاوتن و دەنگدانیان هەیەو دەبێ رێژەی نوێنەرایەتی ژن لەچارەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران کەمتر نەبێت.



## سەرژمێری چارەنووسی کەرکوک بەرەو کوێ دەبات؟

# داوا دەکرێت کورد کارتی کشانەوە لە بەغدا بەکار بهێنێت

بڕیارە لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری داهاتوو پرۆسەی سەرژمێری لەعێراقدا بەڕێوەبچێت و سەرەڕای پێداگری کورد لەسەر بەڕێوەچوونی پرۆسەکە هەریەک لەلایەنە عەرەبی و تورکمانییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دژی بەڕێوەچوونی ئەو پرۆسەیەن لەوادەی دیاریکراوداو ئەندامێکی کوردی ئەنجومەنەکەش داوا دەکات هاوپەیمانی کوردستان بە توندی پێداگری لەسەر بەڕێوەچوونی پرۆسەکە بکات و کارتی کشانەوە لە بەغدا بەکار بهێنێت.

تایبەت

### لەڕووی هونەرییەوە بێ گرفتە

لەڕووی هونەرییەوە وەزارەتی پلاندانانی حکوومەتی عێراق کارەکانی قۆناغی یەکەم و دووهەمی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتوانی تەواو کردووەو لەئێستاوە پرۆسەی راهێنان و مەشقپێکردنی ئەو کەسانە دەستیپێکردووە کە بڕیارە لە ٢٤ی ئۆکتۆبەر پرۆسەکە ئەنجامبدەن و لەماوەی ١٨ رۆژدا و تێیدا یەک هەزار و ٢٥٠ کەس لەهەر سێ نەتەوەی کورد، عەرەب و تورکمان بەشداری دەکەن.

بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاماری کەرکوک عەدنان رەزا بابا دەڵێ لەڕووی هونەرییەوە هیچ گرفتێک لەبەردەم بەڕێوەچوونی پرۆسەکەدا نەماوەو دوای ئەوەی هەریەک لەقۆناغەکانی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و گەمارۆدان و ژمارەدانان تەواو بوو، رۆژی دووی ئەیلولی داهاتوو، خولێکی هەژدە رۆژی بۆ ئەو کارمەندانە دەکرێتەوە کە بڕیارە سەرژمێرییەکە ئەنجامبدەن.

دوا سەرژمێری گشتی کە هەموو شارەکانی عێراقی گرتبێتەوە سەر ژمێری ساڵی ١٩٨٧ بووەو بەگوێرەی پلانی حکوومەت هەر ١٠ ساڵ جارێک لەعێراقدا سەرژمێری ئەنجامدەدرێت و بەو پێیە لە ١٩٩٧ دوا سەرژمێری ئەنجامدرا، بەڵام شارەکانی هەرێمی کوردستانی نەگرتەوەو بڕیاربوو لە٢٠٠٧ ئەنجامبدرێت. وەک عەدنان بابا، گوتی: “بەهۆی رەوشی ئەمنی ئەو کاتەی عێراقەوە پرۆسەکە دواخرا بۆ ٢٠٠٩ و دواتریش بەبڕیاری حکوومەت جارێکی دیکە دواخرایەوە بۆ ٢٤ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ.

### ترسی عەرەب و تورکمان

سەرەڕای ئامادەکارییەکان بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەکە لایەنەکانی دیکەی کەرکوک جگە لەکورد

www.netewe.com



پێداگیری لەسەر ئەوەدەکەن کە ئەو پرۆسەیە لەوادەی دیاریکراودا ئەنجامنەدرێت.

ئەندامی لیستی عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک محەممەد خزر، رایگەیاندووە، پێویستە ئەو پرۆسەیە دوا بخرێت و کار بەمادەکانی ٢٣ و ١٦ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بکرێت کە تایبەت بە کەرکوک دەرچوونەو دواتر سەرژمێری ئەنجامبدرێت.

عەرەب و تورکمانەکان کورد بەگۆڕینی دیموگرافیای کەرکوک تۆمەتبار دەکەن و لەو بروایەدان، لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە، بەهەزاران کورد روویان لە کەرکوک کردووەو تێیدا نیشتەجێبوون و ئەو رەوشەش پێویستی بە ئاساییکردنەوە هەیە. ئەمە لەکاتێکدایە بەهۆی ئەوەی لەرابردوودا حکومەتی عێراق هەمیشە وەک چەکێک داتاکانی سەرمێری بۆ شێواندنی ناسنامەی پارێزگای کەرکوک بەکارهێناوە، کورد تەنیا سەرژمێری ١٩٥٧ بە نزیک لەراستی لەقەڵەمدەدات و دان بەسەرژمێرییەکانی دیکەدا نانێت و بەرێوەبەری ئاماری کەرکوکیش دەڵێ"ئەنجامی سەرژمێرییەکانی پێشوو ساختەکاریی زۆریان تێدا کراوە".

## کێ کەرکوکییە

ئەندامی لیستی تورکمان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک تورهان موفتی وێڕای دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر بەرێوەچوونی پرۆسەکە، دەڵێ"ئێمە لەبەر بەرژەوەندی گشتی سەرژمێری لە کەرکوک رەتدەکەینەوەو لەوبروایەداین ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک گۆڕانی زۆری بەسەردا هێنراوە". عەرەب و تورکمانەکان، ئاوارە گەڕاوەکان بەخەڵکی کەرکوک نازانن و داوا دەکەن هەرچی زووە وردبینی لەتۆماری ناوی دانیشتووان بکرێت، بەڵام عەدنان، ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە، ئەو خەڵکەی تۆماری ناسنامەی باری شارستانی کەرکوک بێ بە کەرکوکی دادەنرێت و ئەوانەی گەڕاونەتەوە کەرکوک خاوەنی ناسنامەن و تۆماری باری شارستانیان هی کەرکوکەو هەرکەسێک ناوی لە تۆماری کەرکوکدا نەبێ بە کەرکوکی دانانرێت.

لەلایەکی دیکەوە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر لیستی برایەتی ئەڵماس فازڵ دەڵێ" عەرەب و تورکمانەکان دژی هەموو هەنگاوێکی پرۆسەی سیاسین، چونکە مەترسییان هەیەو ئەوان دڵنیان، ئەنجامەکان بەدڵییان نابێت، بۆیە دەیانەوێت پرۆسەکە پەکبخەن".

## لەنێوان نەتەوەو زمانی دایکدا

تورکمان و عەرەبەکان وێڕای داوای دواخستنی پرۆسەکە؛ داوای ئەوەش دەکەن "لە فۆرمی سەرژمێرییەکەدا ئاماژە بەناسنامەی نەتەوەیی نەکرێت و لەبری ئەوە ئاماژە زمانی دایک بکرێت"، وەک ئەوەی لە وڵاتانی ئەوروپا هەیە، بەڵام ئەو داوایە هەرچەندە لەلایەن کوردەوە بەوردی تاوتوێنەکراوە. ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە لیستی برایەتی ئاوات محەممەد ئەمین دەڵێ"لەسەرژمێرییەکەدا ئاماژە بەمەزهەب نەکراوە، بەڵام بە نەتەوە کراوە، چونکە بەگوێرەی مادەی چواری دەستووری عێراق هەر ناوچەیەک ئەگەر پێکهاتەیەکی دیاریکراوی نەتەوەیی تێدابوو، ئەو پێکهاتەیە مافی هەیە لەناوچەکەی خۆی داوای مافەکانی خوێندن و نوسین و بە زمانی خۆی بکات، ئەگەر فۆرمەکە ناوی نەتەوەیی تێدا نەبێ، رەنگە ئەو مادە دستوورییانەی لەوبارەیەوە هاتوون پەکیان




بکەوێت".

ئەو ئەندامە کوردە گوتیشی:"رەنگە کەسێک لە نەتەوەیەک بێت، بەڵام زمانی دایکی نەزانێت، بۆیە زمانی دایک نابێتە پێوەر بۆ دیاریکردنی نەتەوە و تائێستا ئەو بۆچوونە لەناو نوێنەرانی کورد نەخراوەتەڕوو و لە یەکحاڵەتدا ئیمکانی ئەوە هەیە کورد بەو داوایە رازی بێت. ئەویش ئەوەیە ئەگەر لایەنەکانی دیکە لەبەرامبەر بەدیهاتنی ئەو خواستەیان، گرەنتی ئەوە بدەن سەرژمێری ئەمساڵی کەرکوک ببێتە بناغە بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی و ئەوکاتە قۆناغی سەرژمێری ئەنجامنەدرێت و پشت بەسەرژمێری ئەمساڵ ببەسترێت و راستەوخۆ راپرسی لەسەر چارەنووسی شارەکە بەرێوەبچێت". بەگوێرەی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق چارەنووسی کەرکوک لە سێ قۆناغدا یەکلا دەکرێتەوە"ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، راپرسی" و ئەگەر سەرژمێری ئەمساڵ بکرێتە بناغە یاخود بریت بۆ قۆناغی دووهەمی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ئەوا چارەنووسی کەرکوک هەنگاوێکی گەورە لە یەکلابوونەوەی یەکجاری نزیکدەبێتەوە.

## کشانەوە لە بەغدا

لەبەرامبەر دروستکردنی هەر ئاستەنگێک لەبەردەم سەرژمێری ئەمساڵ، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەڵماس فازڵ رایگەیاند"پێویستە وەک کورد سووربین لەسەر داواکانمان و ئەو پرسە لەلای هاوپەیمانی کوردستان و لیستە کوردییەکانی بەغدا هێڵی سوور بێت و بۆ دوابڕیاریش بگەڕێینەوە بۆ پەرلەمانی دایک" کە مەبەست پەرلەمانی کوردستانە.

ئەڵماس فازڵ، داواشی کرد هاوپەیمانی ئەمجارە نەتەنیا بێدەنگ نەبێت لەئاست ئەو هەڵوێستانەدا، بەڵکو"هەرەشەی کشانەوە لە بەغدا بکات."بۆچی ئێمە لە بەغدا پرۆسە سیاسییەکە تەواو بکەین و سەری بخەین، بەڵام ئەوان ئێمە نەخوێننەوەو گوێ لەداواکانمان نەگرن".

**ئەرسەلان رەحمان**

www.renetewe.com

# ژنان لەکابینەی شەش بێئومێدن

**دوای ئەوەی کابینەی شەش، لەدەرەوەی دەسەڵاتی پەرلەمان بەپەیڕەو بڕیاری پێکهێنانی ئەنجومەنی خانمانی دەرکرد، ئێستا چالاکوانانی ژن لەپێکهاتنی ئەو ئەنجومەنە بێئومێدبوون و دەڵێن، ژن لە ئەولەویەتی کارەکانی کابینەی شەشدا نییەو لەوکابینەیەدا هیچ شوێنێک نییە پەنای بۆ ببات.**



فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

تایبەت

### ژن لە ئەولەویەتی کابینەی شەشدا نییە

لەکابینەی شەشدا وەزارەتــی ژنـان هەڵوەشێندرایەوەو وەک بریتێک بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵاتی ژنان، ئەنجومەنی باڵای خانمان بەبڕیارێکی سەرۆکوەزیران د.بەرهەم ساڵح لە ١٢-١٢- ٢٠٠٩ ڕاگەیەندرا. بەڵام لەپراکتیکدا کارەکانی ئەو ئەنجومەنە تائێستا وەک خۆی ماوەتەوەو هەنگاوی جیدی بۆ نەنراوە. لەراپرسییەکی دەزگای وارڤینش کەلە ژمارە ی١٠ گۆڤارەکەماندا بڵاوکرایەوە٣٦٪ـی ژن بێئومێدی خۆیان لەکابینەی شەش نیشان دابوو. ئەو ڕاپرسییە لەدەسپێکی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران لەلایەن د.بەرهەم ساڵحەوە ئەنجامدرابوو، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ساڵێکیش بەسەر پێکهاتنی کابینەکەدا هێشتا ژن خۆی لەو کابینەیەدا نەدۆزیوەتەوە. هەڵپەساردنی کارەکانی ئەنجومەنی خانمانیش، بۆشایی لەنێوان ژن و کابینەی شەش بەجێهێشتووەو چالاکوانانی بواری ژنانیش دەڵێن"لەکابینەی شەشدا هیچ شوێنێک نییە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان ژن دەستی بۆ درێژ بکەنەوە".

ئەگەرچی لەدەسپتێکدا لەلایەن د. بەرهەمەوە داوا لە پەخشان زەنگەنە، کرابوو بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارێتی ئەنجومەنی خانمان، بەڵام وەک پەخشان پێشتر بە وارڤینی ڕاگەیاندبوو"تەنیا یەکجار داوام لێکراو چیتر هیچیان پێنەگوتمەوە". چالاکوانی ژن هودا زەنگەنە، دەڵێ، تائێستا هیچ شتێک روون نییە کە ئایا پۆست بەکێ دەدرێت و کێ نارازییە، شتەکان وەک گرێیەک دێن و دەچن، پرسی ژن و ئەنجومەنی خانمان ئاڵۆزی تێدایەو کەس نایزانێت ئەم بابەتە کاری جیدی بۆ دەکرێت، یان لەچوارچێوەی بەڵێنێکدا دەمێنێتەوە" خاتوو پەخشان زەنگەنە بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان کرا، بەڵام ئەویش باسی لەوە کرد کە تەنیا یەکجار پێشنیازی بۆ کراوە کە ئەمکارە بکات یان نا، دواتر پێینەگوتراوەتەوە".

لەبارەی دەستنیشانکردنی پەخشان زەنگەنە، بۆ ئەو پۆستە راوێژکاری یاسایی د. بەرهەم، ئەمیرە حەسەن گوتی پەخشان زەنگەنە، کاندیدی لیستی پارتی بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنەکە بوو، بەڵام تائێسشتاش یەکێتی کاندیدی خۆی بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان نەکردووە. ئەمیرە، هەروەها هۆکاری دواخستنی ئەو ئەنجومەنەی بۆ نەبوونی بودجەو ڕێکنەکەوتنی پارتی و

یەکێتی لەسەر پۆستەکان و هەلومەرجی سیاسی هەرێمی کوردستان گەڕاندەوەو گوتیشی سەرۆکی ئەنجومەنەکە پلەی بریکاری وەزیری دەبێت کە ئەمەش لەگەڵ پەیڕەوی ئەنجومەنی وەزیران گونجاوە.

هاوکات هودا زەنگەنە، دەڵێ کە ئەگەر دەسەڵاتی ئەنجومەنی خانمان لەئاستی وەزارەتەکان بێت، ئەوکات ناتوانێ کاری خۆی بکات و وەک ڕێکخراوێکی ناحکوومی دەبێ و تەنیا لەشوێنی خۆیەوە هاوار دەکات. بەبۆچوونی چالاکوانی ژن کنێر عەبدوڵڵا پەراوێزخستنی کاری ئەو ئەنجومەنە ئەوە دەگەیەنێت کە تائێستا ژن لەئەولەویەتی کارەکانی کابینەی شەشدا نییە."تائێستا ئەو ئەنجومەنە نەچووەتە نێو پلان و ستراتیژییەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەمەش دەریدەخات کە پرسی ژن لەئەولەویەتی بەرپرسانی کابینەدا نییە".

### گوشارەکان روویان لە زیادبوونە

تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان کە ٢٧ ڕێکخراوی مەدەنی لەپارێزگای سلێمانی لەخۆدەگرێت، وەک کاردانەوەیەک لەبەرامبەر دواخستنی راگەیاندن و دەستبەکاربوونی کاری ئەنجومەنی خانمان بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوەو داوایان کرد بەڕێگەی یاسایی پەلە لەجێبەجێکردنی دەستبەکاربوونی ئەو ئەنجومەنەدا بکرێت و ناڕەزاییان لەوەدەربڕی کە بۆچی تائێستا حکوومەت لەبارەی کارەکانی ئەو ئەنجومەنەوە بێدەنگە. هودا زەنگەنە، دەڵێ" لەکابینەی ٥ ئەنجومەنی وەزیران راوێژکاری تایبەت بەپرسی ژنان هەبوو، پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن و ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەبوو، ئەمە جگە لەوەی کۆمسیۆنێک هەبوو کە سەرۆکی حکوومەت خۆی

## ـومەنی خانمان شکستی هێناوە



www.netewe.com

سەرپەرشتی دەکرد، بەڵام لەئێستادا ئێمە وەک چالاکوانانی ڕێکخراوەکان و تەنانەت دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکان نازانین کێ خاڵی پەیوەندی ژن لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانە. تائێستا بەپێی زانیاریمان کۆبوونەوەیەک لە ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بەپرسی ژنان نەکراوە، تا تاوتوێی پرسەکان بکرێت و لەنزیکەوە گوێ لەخەڵک بگیردرێت". وەک هودا، زانیاری دا کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن لەبارەی ژن ئەوەی کراوە لەئاستی کەسی بووەو چەند ژنێک قسەی لەگەڵ کراوە، نەک لەئاستی ڕێکخراوەکان، ئەمەش نابێتە بنەماو بریتێک کە کۆدەنگی هەموو ژنان بێت، چونکە خەڵکێکی زۆر هەن لەم بوارەدا کاردەکەن و پێویستە کۆبوونەوەکان لەئاستی گرووپی دا بێت"بۆیە بەداخەوە تائێستا ئەم ئەڵقەیەی بەو ئەنجومەنە دەمانبەستێتەوە، ونە".

## کابینە لەدەرەوەی پەرلەمان بڕیار دەدات

بەڕێوەبەری ڕێکخراوی تواناسازی ژنان بەسمە محەمەد دەڵێ، کاتێ بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای خانمان درا، ئومێدی زۆریان بەو ئەنجومەنە هەبووە، بەڵام دواتر لێی بێئومێدبوون."لەکابینەی شەشدا هیچ شوێنێک نییە ژن دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکات و داوای چارەسەرکردنی کێشەکان بکات". هاوکات کنێر عەبدوڵڵا، ئاماژە بەو جیاوازییە دەکات لەنێوان ڕێکخراوەکانی ژنان و حکوومەت کە لەبارەی کاری ئەنجومەنی خانمانەوە هەبوو و تێیدا ئەوە دەخاتەڕوو کە ڕێکخراوی ژنان لەگەڵ ئەوەدابوون ڕێکخستنی کارەکانی ئەو ئەنجومەنە لەپەرلەمان بەپڕۆژەیاسایەک بێت، بەڵام لایەنی حکوومەت ئەوەی نەکرد و لەدەرەوەی دەسەڵاتی پەرلەمان بڕیاری پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنەی دا.

هودا زەنگەنە، ئاشکرای دەکات کە ئەنجومەنی وەزیران لەئێستادا لەنێو گرێیەکی یاساییدا گیری خواردووە"چونکە بەپێی لێدوانەکانی پێشووتری ڕاوێژکارانی سەرۆکی حکوومەت کە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن باسیان دەکرد ئەوان پڕۆژەیاسایەکیان گەڵاڵە کردووەو تێیدا ڕایانگەیاندووە کە سەرۆکی ئەم ئەنجومەنە دەسەڵاتەکەی بەپلەی وەزیر دەبێت. بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنێکیش کە دەسەڵاتی سەرۆکەکەی بەپلەی وەزیر بێت، پێویستە ئەو پڕۆژەیاسایەکە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندی بکرێت، چونکە لەدەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیراندا نییە ئەو جۆرە دەسەڵاتە بەسەرۆکی ئەم ئەنجومەنە بدات. ئەگەر وەزیر و بەپلەی وەزیربێت، دەبێ ئەو ئەنجومەنە پەرلەمان یاساکەی پەسەند بکات و متمانەی پێبدات. چونکە ئەوکات بەپێی یاسا دەسەڵاتی دەستنیشان دەکرێت. بەڵام هیچ یەکێک لەو هەنگاوانە نەنراون. ڕاوێژکاری یاسایی سەرۆکوەزیران، ئەمیرە حەسەن دەڵێ"بۆیە لەپەرلەمان پڕۆژەیاسای بۆ دەرنەچوو، چونکە ئەگەر بۆ پەرلەمان ڕەوانەکرابا ڕەنگە دووساڵی خایاندبا، تا کارەکانی ڕێکدەخرا". هەروەها گوتی حکوومەت پەیڕەوی بۆ دەرکرد کە ئەمەش هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ ئەوەی کە لەپەرلەمان یاسای بۆ دەربچێت، چونکە حکوومەت دەتوانێت بڕیارو پەیڕەو دەربکات. لەلایەکی دیکەوە ئەندامی لێژنەی یاسای پەرلەمانی کوردستان بورهان ڕەشید، دەڵێ هیچ پڕۆژەیەک لەبارەی پێکهێنانی ئەنجومەنی خانمان پێشکەش نەکراوەو پەرلەمانی لێ ئاگادار نەکراوەتەوە. ئەو دەڵێ"کابینەی شەش ژنی پەراوێز خستووەو باشترین بەڵگەش ئەوەبوو کە وەزارتی ژنانی نەهێشت و لەپێکهێنانی ئەنجومەنی خانمانیشدا شکستی هێناوە". ئەو لەگەڵ ئەوەدا کە دەستێکی سیاسی، لەپشتی بێهیواکردنی ژن و بەربەستدانان لەبەردەم پرسەکانیاندا بەهۆکار دەزانێ، بەپێویستی دەزانێ کە ژنان لەڕێگەی خۆپیشاندانێکی مەدەنییانەوە داوای مافەکانی خۆیان لەو کابینە بکەن. ئەو دەڵێ، هیچ ئومێدیک لە کابینەی شەش و ئەو دەسەڵاتە نابینرێت کە ڕاستگۆیانە بەدوای چارەسەرکردنی کێشەی ژنانەوە بێت."ئومێد نییە ژن لەکابینەی شەشدا بتوانرێ هیچی بۆ بکرێت، چونکە کابینە لەدەرەوەی پەرلەمان بڕیار دەدات".

هودا زەنگەنە، کەموکورتییەکە تەنیا لەئەنجومەنی وەزیران نابینێت، بەڵکو بۆ پەرلەمانیشی دەگەڕێنێتەوەو دەڵێ پەرلەمان دەزگایەکە دەبێ چاودێری حکوومەت بێت. بۆیە دەبێ بەدواداچوون بۆ کۆی ئەو بڕیاڕ و ڕێنماییانە بکات کە ئەنجومەنی وەزیران دەریدەکات، ئەمەش گلەییەکی زۆری لەلای خەڵکی دیار و کاریگەری ناو کۆمەڵگە دروست دەکات کە پەرلەمان لەکوێی ئەرکی خۆیدایەتی کە ئایا ئەو بڕیارەی بەرزی کردووەتەوە بۆ ناچێتە واری جێبەجێکردنەوە."لەخۆیدا ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی ئەوەی کە ئایا تا چەند ئینتیما بۆ گرنگیدان بەپرسی ژن هەیە، چونکە زۆرجار دەگوترێت کارکردن بۆ پرسی ژن کە پرسێکی مرۆڤایەتییە پێویستی بەوەنییە کە ئەنجومەنێکی بۆ دابمەزرێنرێت، ئەگەر وابێت ئەی کوا سیاسەتەکەیتر کە دەتوانیت لەناو هەموو دەزگاکان و وەزارەتەکاندا جێی ئەم ئینتیمایە بکەیتەوە". هاوکات هودا جەخت لەوە دەکاتەوە"ئەنجومەنی وەزیران خۆیشی نازانێ چۆن ئەو ڕێگەیە بدۆزێتەوە، چونکە ئەگەر بێت و ئەنجومەنێک پێکبهێنێت بەبێگەڕانەوە بۆ پەرلەمان، ئەوکاتە دەسەڵاتی ئەم ئەنجومەنە لەدەسەڵاتی بەڕێوبەرایەتییەکی گشتی تێپەڕناکات، ئەمەش لەئاستی خواستی ژنان دا نییە". ئەو لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ پرسی ژن لەئێستادا ئەوەندە چووەتە دواوە کە پێویستی بەوەیە نەک تەنیا دەزگایەک بەڵکو کۆی دەزگاکانیتر کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە بکەن.

## پلانی بچووککردنەوەی ژن لە کابینەی شەشدا ئاشکرابوو

ڕێکخراوەکانی ژنان لەسەر ئەوە پێدادەگرن کە دەبێ سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە دەسەڵاتی وەزیری هەبێت، بەڵام حکوومەت دەیەوێ بەڕێوەبەرێک بۆ ئەنجومەنەکە دابنێت و لەڕێگەی سەرپەرشتیاری ئەنجوومەنەکەیشەوە بە سەرۆکوەزیرانەوە پەیوەستی بکات. ڕێکخراوەکانی ژنان داوای ئەوە دەکەن کە ئەو ئەنجومەنە پەیوەست نەبێت بەسەرۆکوەزیرانی کابینەیەکەوە، چونکە لەکاتی گۆڕانی سەرۆکوەزیران گۆڕانیش بەسەر دەسەڵاتی ئەنجوومەنەکە دا دێت. چالاکوان بەسمە محەممەد، دەڵێ"نابێ کاری ئەنجومەنێک بەسەرۆکوەزیرانێکەوە ببەسترێتەوە، بەڵکو دەبێ لە پەرلەمان بەیاسا کاری ئەو ئەنجومەنە ڕێکبخرێت". ئەو گوتیشی، دەبێ ئەو ئەنجومەنە دەسەڵاتی مادی و مەعنەوی هەبێت نەک تەنیا بەفۆرم بێت. وەک بەسمە، باسی کرد کە پەراوێزخستنی ئەو ئەنجومەنە لەئێستادا بۆشاییەکی لەنێوان ژن و حکوومەتدا دروستکردووەو ئەمەش ئەوەدەردەخات کە کابینەی شەش کێشەی ژنی لا گرنگ نییە.

کنێر عەبدوڵڵا، ڕوونیدەکاتەوە کە ڕێکخراوەکانی ژنان پرسی ژنیان لەوە بەگەورەتر دەزانی کە ئەو ئەنجومەنە هاوشێوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان بێت کەلەچوارچێوەی دەسەڵاتی وەزارەتێکدا قەتیس بکرێت."لەکاتێکدا حکوومەت دەیویست ئەنجومەنەکە کەسێک بەڕێوەبەری بێ کە بریکاری وەزیر بێ و کەسێکیش لەکابینە سەرپەرشتی بکات کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەسەرۆکوەزیرانەوە هەبێت کە بەو شێوەش لەبەرژەوەندی پرسی ژناندا نەدەبوو". کنێر، بەباشی دەزانێت کە کاری ئەنجومەنەکە لەپرسکردن بەتوێژی ژنانەوە سەرچاوە بگرێت"نەک تەنیا پێشنیاریان لێوەربگرێت، بەڵکو ژن ڕۆڵی بڕیاردانی لەدروستکردن و بەڕێوەبردنی ئەو ئەنجومەنەدا هەبێت".

www.netewe.com

# سمێڵی کابینەی شەش درێژتر دەبێت



وارڤین: ساڵێکی تر جەژنی ٢٠ ساڵی حوکمڕانی کوردی لە هەرێمی کوردستان دەگێڕین، بەڵام لەوجەژنەدا تەنیا پیاوان زەماوەنددەکەن و تێیدا ژن لە حوکمڕانی بێهیوایە. لەو هەرێمەی کە دەیانهەزار ژن خوێنی بۆ ئەو ئازادییەی ئەمڕۆ ڕشتووەو ئەشکەنجە دراون، لەخەباتی شاخ و شاردا ڕۆڵی خۆیان بینیووەو لە بزووتنەوەی سیاسی کوردستاندا ئەرکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری لەپیاو سەختتر بووە. ئەنفاڵ و کیمیاباران و زیندانی کراوە، دوای ١٨ ساڵ لە کابینەی شەشدا پەراوێزخراوە. لەو هەرێمەدا ژن نەک تەنیا پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم، پەرلەمان و حکوومەتی نەبینیووە، تەنانەت تاکە وەزارەتەکەی ژنیش لەکابینەی شەشدا هەڵوەشێندرایەوەو بەگوتەی هەندێک لەچالاکوانانی ژنیش ڕەخنەگرتن لەو کابینەیەدا قەدەغەکراوە. بۆ جەژنی ساڵی داهاتوو بەو پەروایێزخستنەی ژن کارەساتێکی گەورەیە کە بڵێین ئێمە خاوەن مۆدێلێکی دیموکراسین و ژن لە ئەرک و مافدا کاری بۆ کراوە. لە کابینەی پێنجدا ژن لەنێو بەرگێکی پیاوسالاریدا یەکەم وێستگەی دەنگهەڵبڕینی لەچەند بەڕێوەبەرایەتیکی دژی توندوتیژی ژنان بۆ کرایەوە. بەڵام لەکابینەی شەش کە خەریکە ساڵێک تێدەپەڕێنێ، تائێستا پرسی ژن یەکلانەکراوەتەوەو بەگوتەی چالاکوانانی ئەو بوارە ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەیەکیشی لەبابەت ژنان ئەنجام نەداوە. هەرچەندە پێشبینی دەکرا کە بایەخدان بە ژن لەکارنامەو ئەولەویەتی کارەکانی ئەو کابینەیە بێت و سەرۆکوەزیرانیش گوتبووی ئێمە میراتگری کابینەی پێشووین، بەڵام نەوەک ژن بە قۆناغی بێئومێدبوون تێپەڕ دەبێت، بەڵکو شوێنێک نییە لەو کابینەیەدا هانای بۆ بەرێت. ئەوەی لەواقیعی ئێستای پرسی ژن لە هەرێمی کوردستاندا دەبینرێ،هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی پاشەکشەی کردووە. ئەمەش زەنگی مەترسیدارە کە بالانسی دیموکراسی هەرێم لەئاستی نێودەوڵەتیدا بچێتە ژێر پرسیارەوەو وەک حوکمڕانی پیاوسالاری ناوی بهێنرێت.

لەگەڵ ئەوەی کە ژن باجی یەکەمی پیاوسالاری و نەریتی کۆمەڵگەی کوردستان دەدات، هێندەش ئێستا باجی سیاسی دەدات و بەوهۆیەشەوە بوونی لە دەسەڵاتی ئابووری و کۆمەڵایەتییدا ونە .کابینەی شەش نەک تەنیا نەیتوانیدرێژە بە هەنگاوە سەرەتاییەکانی کابینەی پێنج بدات، بەڵکو ئەو ئەنجومەنەش کە بەناوی خانمانەوە بڕیار بوو دایبمەزرێنێت، تائێستا بەکردەوە نەچووەتە نێو پلان و ستراتیژیەتی حکوومەتەوە .پەراوێزخستنی ژن لە کابینەی شەشدا ئاشکرایەو ئەمەش ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوەبێت کە کێشەی ژن لە سیاسەتی ئەو کابینەیە بە گرنگ نەزانرابێت.

دەکرا ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی ئێستادا ببێتە مۆدێلێک بۆ عێراق و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوان لەو دەستپێشخەرییەی چەند ساڵی ڕابردووی کورد موتربە بکرێن، بەڵام لە قۆناغی ئێستادا لەو هەرێمەی کە بەکرانەوەی دیموکراسی و پێدانی مافی ژن بەدروشم مۆدێلی دیموکراسی گۆڕیوە، ئێستا ژن شوێنێکی نییە دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکات.کابینەی شەش بەو پەراوێزخستنەی ژن سمێڵی درێژتر دەبێت و بەمەش ڕێگە بۆ پیاو سالاری مۆدێرن خۆش دەکات.

www.netewe.com

# سلێمانی گڕ دەگرێت

## ((دەستێکی دەرەکی ئاگر لە سلێمانی بەردەدات))

**لەماوەی دوو مانگی رابردوودا ئاگرکەوتنەوەی بەهێز بەرزایی و دەشتاییەکانی سلێمانی و دەوربەری گرتووەتەوەو گومانی ئەوەش دەکرێت دەستێکی دەرەکی ئاگر لە سلێمانی بەربدات.**
**ئاگرکەوتنەوەکەی سەرەتای ئەم مانگەی ناوچەی سەرسیر و چوارتا گەورەترین و زیانمەندترین ئاگر بوو، چونکە ئەو ئاگرە گیانی دوو کارمەندی ئاگر کوژێنەوەی کردە قوربانی.**

سلێمانی

رووداوی ئاگرکەوتنەوە لەپارێزگای سلێمانی بەجۆرێک پەرەیسەندووە کە لەکۆنترۆڵی پیاوانی ئاگرکوژێنەوە دەرچووەو هۆکاری کەوتنەوەی "بەدەستێکی دەرەکی دەزانرێت."
بەگوێرەی گوتەی بەرپرسانی ئەمنی تائێستا نزیکەی ١٥ کەس بەتۆمەتی کردنەوەی ئاگر لە ناوچەی "چوارتاو سەرسیر، کارێزە، شنروێ" دەستگیرکراون و ژمارەیەکیان دانیانبەوەدا ناوە کە لە کردنەوە ئاگرەکان دەستییان هەبووە.
بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی عەمید نەجمەدین کەریم، گومانی هەیە ئەو کەسانە بەدەستی ئەنقەست ئاگرەکانیان کردبێتەوەو ناوچەکانیان سووتاندبێت. بەدووریشی زانی کە دەستێکی دەرەکی لەپشت ئاگرکەوتنەوەکانەوە بێت "کردنەوەی ئاگرەکان بەدەستی ئەنقەست دەزانم، بەڵام باوەڕم نییە پیلان بۆ داڕێژراو بێت."
لە سنووری پارێزگای سلێمانی کەوتنەوەی ئاگر بەجۆرێکە هێشتا سنوورێک کۆنترۆڵ ناکرێت، لە سنوورێکی دیکە ئاگر دەکەوێتەوەو زیانێکی مادی زۆریش دەدا. دوایین رووداوی ئاگرکەوتنەوە، ئاگرەکەی ناوچەی قەرەداغەو تا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە بەردەوامەو دەیان دۆنم زەوی گرتووەتەوە".
لێپرسراوی بەشی راگەیاندن لە بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستانی پارێزگای سلێمانی هێمن کەمەرخان، ئەوەی راگەیاندووە، ئاگرەکە زیانێکی زۆری بە لەوەڕگەو باخەکانی ناوچەکە گەیاندووە. هەروەها لەناوچەی سەنگەسەریش زیاتر لە ٣ هەزار دۆنم زەوی سووتاوەو بەهۆیەوە لەوەڕگەکانی

www.netewe.com

هەرێم زیانی زۆریان بەرکەوتووە.

هەرچەندە بەرپرسانی ئەمنی لە پارێزگای سلێمانی دەڵێن، کەوتنەوەی ئاگرەکان پلان نییە، بەڵام زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، سووتاندنی ناوچە سنوورییەکان"دەستی کۆماری ئیسلامی لەپشتەوەیە."

هەفتەی رابردوو شاخی شنروێ لە نزیک هەڵەبجە گەورەترین ئاگری بەخۆیەوە بینی و دەیان رەز و باخی هاووڵاتیانی کردە خۆڵەمێش.

بەرپرسێک لەناوچەکە بە (وارڤین)ی گوت:"ئاگرەکەی شاخی شنروێ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە کراوەتەوە، ئەوەش بۆ دوورخستنەوەی گەریلاکانی پارتی ژیانی کوردستان و ئەگەری هێرشکردنە سەر ئێران".

گوتیشی:"ئێران دەترسێت پژاک لەو سنوورەوە چالاکی لەدژی هێزەکانیان ئەنجامبدات، بۆیە ئەو ناوچانە ئاگر تێبەردەدات تا کو رێگری لەوە بکات."

زستانی رابردوو بەهۆی بارانبارینێکی زۆرەوە گژوگیایەکی زۆر بەرز بووەتەوەو دەشتایی و چۆڵەوانییەکانی هەرێم بوونەتە لەوەرگەیەکی سروشتی و بەهۆی نەبوونی ئاژەڵ و کەمبوونەوەو نەمامی کاری ئاژەڵداری کەس خەم بۆ ئەو لەوەرگە سروشتییە ناخوات و پیاوانی ئاگرکوژێنەوەش دەڵێن زۆری پووش و پاوەنی ئەمساڵ هۆکارێکە بۆ زۆری ئاگرکەوتنەوەکان.

لە هەرێمی کوردستان هۆیەکانی ئاگر کوژاندنەوە سنووردارن و تەنیا ئۆتۆمبیل بۆ ئەو ئاگرانە بەکاردەهێنرێن کەلە ناوشار دەکەونەوە، بەڵام بۆ ناوچە شاخاوییەکان و دەشتودەر رەوشەکە جۆرێکی دیکەیە، پیاوانی ئاگرکوژێنەوە ئاگری ناوچە شاخاوی و بەرزاییەکان بەسەختترین ئاگر وەسفدەکەن، چونکە ناتوانن لەناوچە بەرزەکاندا ئاگرەکان کۆنترۆڵ بکەن. تەنیا دەتوانن لەرێگەی دەستەوەو بەشێوازی کۆن کۆنترۆڵی ئاگرەکان بکەن.

بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی سلێمانی یادگار محەممەد، بە (وارڤین)ی گوت کە لەماوەی هەشت مانگی رابردوودا یەک کارمەندی ئاگرکوژاندنەوە لەکاتی کوژاندنەوەی ئاگرێکدا لە شارباژێر گیانی لەدەستداوەو زیاتر لە ٢٠ کارمەندیان لەکاتی کوژاندنەوەی ئاگردا بریندار بوون.

بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی سلێمانی لەبارەی تۆمەتبارکردنیان بەکەمتەرخەمی نواندن لەبەرامبەر رووداوی کارەساتەکەی ئوتێل سۆمای سلێمانی گوتی"ئێمە بەتوندی تۆمەتەکانی لیژنەکە رەتدەکەینەوەو بەگوێرەی توانای خۆمان لەو رووداوەدا کارمان کردووەو لەبارەی پرسی لابردنیشمان لە پۆستەکانمان هیچمان پێنەگوتراوە."

کەوتنەوەی ئاگر لە سنووری پارێزگای سلێمانی تەنیا شاخ و دەشتەکانی نەگرتووەتەوەو زۆرجاریش بازاڕ و باڵەخانەکانی گرتوەتەوەو بەملیۆنەها دۆلار زیانی گەیاندووە.

بەگوێرەی ئامارێک لەبەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی پارێزگای سلێمانی تەنیا لەماوەی ٨ مانگی رابردوودا نزیکەی ١٠٠٠ حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە روویانداوەو بەو شێوەیە تەنیا لەماوەی هەشت مانگی رابردوودا دوو بەرامبەری پار ئاگر کەوتوونەتەوە.

کەوتنەوەی ئاگر لە میوانخانەی سۆمای سلێمانی لەمانگی تەموزی ئەمساڵدا گەورەترین رووداوی ئاگرکەوتنەوەبوو لە هەرێمی کوردستاندا و تێیدا ٣١ کەس گیانیان لەدەستدا و ٢٠ کەسیش بریندار بوون.

لەبەرامبەر رووداوەکەدا حکوومەتی هەرێم لەرێگەی لیژنەیەکەوە هەریەک لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی، بەرگری شارستانی سلێمانی، هاتووچۆ، پۆلیس، فریاکەوتن، ناوخۆی بەکەمتەرخەم زانی لەبەرامبەر رووداوەکەداو داوای لێپێچینەوەی یاسایان لەگەڵدا دەکرێت.

**ئامانج خەلیل**



سلێمانی

فۆتۆ: وارڤین



www.netewe.com

## پەمەییپۆشەکان سەرهەڵدەدەن

# رۆبینهودەکەی هیند ژنە



رێبەری گرووپی سەرهەڵداوی ژنان لە پارێزگای پـراداش، ژنێکی بەساڵاچووی هیندییە بەناوی"سمپیت پال دوی" کە گرووپی "گلابی" رێبەرایەتی دەکات. رێبەری گرووپی"پەمەییپۆشان" لەماوەی ١٥ ساڵی رابـردوودا، بەهێوری و لەسەرەخۆیی ژنانێکی زۆری هێناوەتەناو ریزی ژنانی شۆڕشگێڕی گروپەکەی و لەئێستادا زیاتر لە ٢٠ هەزار ژن لەسەر شێوازی"رۆبین هوود"، سەرقاڵی وەرگرتنەوەی بەشێک لە مافە پێشێلکراوەکانی خۆیانن لەپارێزگا بێبەشەکانی هیندستان.

"سمپیت پال دوی" لە ١٢ ساڵیدا بەزۆرەملی لەپیاوێکی تەمەن ٢٠ ساڵەی دەستفرۆش مارەکرا کە پێشتر نەیدیبوو. هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە ٢٠ ساڵ، بووە خاوەنی پێنج منداڵ. ئەو یەکەم ئەزموونەکانی سەرکەوتووی بەرگری لەمافەکانی ژنـان لەدراوسێیەکی خۆیان فێر بوو."سمپیت"رۆژانە شاهێدی بینینی لێدانی ژنێکی دراوسێی بوو، سەردانی مێردی ئەو ژنەی کرد، تا قەناعەتی پێ بێنیت بۆ ئەوەی چیتر ژنەکەی ئازار نەدات.

بێڕێزی و بێحورمەتی پیاوی دراوسـێ و بـڕوای پـتـەوی بـەوەی، کارێکی هەڵەی نەکردووە"سمپیت"ـی هاندا تا بەشێوازێکی دیکە لەگەڵ ئەو پیاوە هەڵسووکەوت بکات، بەزمانێک گفتۆگۆی لەگەڵ بکات کە پیاو لەگەڵیدا ئاشنا بێت."سمپیت" و چەند ژنی دیکە لەژنانی دراوسێیان چوونەلای پیاوەکەو بە مشت و پێلەقە لێیاندا.

هەواڵی لێدانی ئەو پیاوەی ژنەکەی ئازار دەدا بەگوێی ژنانی گوندەکەو تەنانەت گوندەکانی دیکە گەیشت، لـەوە بـەدواوە گروپی بچووکی"گلابی" بەواتای "پەمەیی" بەهێواشی سەریهەڵدا، رزگاری کچێکی تەمەن ١٠ ساڵ لەدەست پیاوێکی تەمەن ٤٠ ساڵ یەکەم جووڵەی گشتی ژنانی پەمەییپۆش بوو کە داری سوننەتی"لێتی"یان هەڵدەگرت و وەک چەک بۆ بەرگری لەخۆیان کەڵکیان لێوەردەگرت. "سمپیت" و هاوڕێکانی سەرەتا سەردانی نووسینگەی پۆلیسی گوندەکەیان کرد و ئەوانیان لەمەبەستی خۆیان ئاگادار کردەوەو پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت، نابێ هیچ ئومێدێکیان بەدەزگای یاسایی بەرتیلوەرگر هەبێت، سەردانی ماڵی کچەکەیان کرد و بەهەڕەشەو تەنانەت لێدانیش، بنەماڵەکەیان لەبەئەنجامگەیاندنی ئەوکارە ناشایستە ئاگادار کردەوە. بنەماڵەی زاواش، خوازیاری ئەوەبوون قەرەبوو بکرێنەوە، بەهەمانشێوە ناچار بوون لەخواستی خۆیان پاشگەز ببنەوە.

بەشێکی گەورە لەدابونەریتەکانی رابردوو، وەک هاوسەرگیری زۆرەملـێ، زەماوەندی کچانی نابالغ، خۆکوژی زۆرەملـێ لەپاڵ هاوسەری کۆچکردوو، کوشتنی ژنان لەلایەن بنەماڵە توندڕەوەکان و هەروەها جیاوازی رەگـەزایـەتـی، بەرتیلوەرگرتن و بوونی یاساگەلی"کاست"بەشێک لەو نەخۆشییانەن،

www.netewe.com



کە باڵی بەسەر کۆمەڵگای مۆدێرنی هیندستاندا کێشاوە. بەڵام بەخۆشییەوە بوونی دیموکراسی لەمێژینە لە هیندستان، بۆتە هۆی ئەوەی، نارەزایی مەدەنی و تەنانەت دژکردەوەی هێرشبەرانە، وەک درووستبوونی گرووپی ژنانی "گلابی" یش ئیمکانی هەبێت و لەلای راگەیاندنەکانی هیندەوە هانبدرێن و پشتگیرییان لێبکرێت.

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی هەرای نایەوە، دەگەڕێتەوە بۆ پیاوێکی بکوژی تەمەن ٣٢ ساڵ، کە دەستدرێژی سێکسی دەکردە سەر ژنان و گەلێک تاوانی ئەنجامدابوو، شتێکی واینەمابوو، بەهۆی بەرتیلوەرگرتنی دەزگای یاسایی لەداوی یاسا هەڵبێت، بەڵام ئەو لەکاتی گواستنەوەی بۆ دادگا لەلایەن چەند ژنێکەوە بەرێبەرایەتی ژنێکی مارکسیستی پەلاماردراو کوژرا. هەموو ئەو ژنانە دوای ئەمە خۆیان بەدەزگای یاسایی ناساند، بەڵام پشتیوانی و پرۆپاگەندەی بەربڵاوی راگەیاندنەکانی حکوومەت وایکرد، لەتاوانەکەیان خۆشبن و ئازاد بکرێن. لەساڵی ٢٠٠٦ تائێستا گرووپێکی ٥٠٠ کەسی "گلابی" بەهێواشی بوونە حەشیمەتێکی ٢٠ هەزار کەسی لەژنانی "پەمەییپۆش" و ئاستی دەسەڵاتیان لەناوچەی هەژارنشینی "باندلخند" لەپارێزگای پراوداش پەرەیسەند و گۆردرا بۆ جووڵانەوەیەکی بەربڵاو بەئامانجی شەڕ دژی نایەکسانی کە بەرامبەر بەژنانی هیند ئەنجامدەدرا.

رێبەری ئەو گرووپە دوای ئەو خۆشەویستییە گشتییەی، لەنێو ژنانی هیند بەدەستی هێنا، زۆرجار لەلایەن گەورە پیاوانی سیاسی بانگهێشت دەکرا بۆ ئەوەی لەهەڵبژاردنەکاندا پاڵێوراو بێت، بەڵام "سمپیت پال دوی" داواکەیانی رەتدەکردەوە. لەئێستادا "رۆبینهودی هیند" بەتوندی هەموو هێزی خۆی بۆ ئەوە بەکاردێنێت، ژنانی گرووپەکەی توانای خوێندنەوەو نووسینیان هەبێت، هیچکام لەکچانی رێبەری گرووپی ژنانی شۆرشگێری پەمەییپۆش، بەرلە تەمەنی ١٨ ساڵی زەماوەندیان نەکرد و گشتیان چوونەتە قوتابخانە.

خۆشەویستی "سمپیت پال دوی" لەسنوورەکانی هیندیش تێپەڕیکردووە، ناوبراو ساڵی رابردوو بۆ پرۆپاگەندەی کتێبێک، کە چەند پەیامنێر و فێمینیزمی فەرەنسی لەبارەی ئەو نووسیبوویان سەردانی پاریسی کردو لەوێش هاوکات لەگەڵ کردنەوەی لقێک لە "گرووپی گلابی" هەوڵیدا، پشتیوانی ژنانی رۆژئاوا بۆ پشتگیری مادی و رێکخستنی ئیمکاناتی راهێنان بۆ ژنانی هیندی بەدەستبهێنێت.

"سمپیت پال دوی" فایلێکی ئەستووری لەدیوانی یاسایی هیند هەیە، پێکهاتووە لەدەیان سکاڵاو تۆمەتی نووسراو، وەک هێرشی گرووپەکەی بۆ سەر پیاوانی دژ بە ژنان و تەنانەت هێرش بۆ سەر هێزەکانی بەرتیلوەرگری پۆلیس لە پارێزگا جۆراوجۆرەکانی هیندستان.

"گرووپی گلابی" بەهیچ شێوەیەک هێزێکی توندرەوی فێمینیستی نییەو هەوڵی گرووپەکە تەنیا بەهێرش بۆ سەر پیاوان تەواو نابێت. هاوسەری "سمپیت پال دوی" دوای ماوەیەک لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی هیند هاتنەناو ریزی لایەنگران و هەوادارانی گرووپی پەمەییپۆش.

ئەو گرووپە توانیویەتی ١١ ژنی گەنج کە لەلایەن هاوسەرەکانیان لەماڵەوە دەرکرابوون یان هەڵاتبوون بۆ ماڵەکانیان بگەڕێنێتەوە، چونکە "ژن دەبێ لە پاڵ پیاوەکانیان ژیان بەسەر ببەن". لەمیانەی راپۆرتێکدا، کە لەلایەن (بی. بی. سی) ئامادە کرابوو، رێبەری ئەو گرووپە، بەتەواوی تیشکدەخاتەسەر کێشەی گرنگی ژنانی گوندەکان و شارە بچووکەکان، راپۆرتەکە دەڵێ "کۆمەڵگای گوندی هیندستان، پڕە لەدابونەریتی توندی



دژ بە ژنان. ئەو کۆمەڵگایە لەبنەڕەتدا مەیلی بۆ خوێندەوارکردنی ژنان نییە، کچانی گوند بەهۆی مامەڵەی مادی بەخێرایی بەمێرد دەدرێن. راهێنان و پەروەردە تەنیا رێگەیەکە، کە بە ژنان دەسەلمێنێ سەربەخۆ بن و بتوانن بەرگری لە مافەکانیان بکەن".


"سمپیت پال دوی" دەزانێت، سیستەمی سیاسی ئەوپارێزگایەی ژیانی لێ بەسەردەبات، لەسەر بنەمای گەمەی دەسەڵات، رێبەرایەتی گەورە خاوەندارانی زەوی و بەرتیلخۆرەکان بەڕێوەدەبردرێت و ئەو شانسێکی زۆری نییە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگاکەی دابنێت و ئەو لەوبارەیەوە دەڵێ: "تێکەڵبوون بە گەمە سیاسییەکانی حکوومەت، هەڵبژاردنێکی باش نییە. ئێمە درێژە بەو کارە باشانە دەدەین، کە ئەنجامیدەدەین تا ئەوان وابیرنەکەنەوە، ئێمە پۆلێک کەسی داماوین و ئەوان هەر کارێک، حەزیان لێی بێت ئەنجامیبدەن".

وادەردەکەوێت لەناوچە زۆر دواکەوتووەکانی هیند و لە کەشوهەوایەکی پڕ لەستەم و بێبەشی لەرادەبەدەری ژنان، بەکارهێنانی توندوتیژی و پێکدادانی جەستەیی لەلایەن ژنان بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانیان، یەکێک لەو رێگایانە بێ، کە بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی هەنووکەیی تا رادەیەک کاریگەری خۆی نواندووە.

**وەرگێران: جەمال نەجاری**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئێرانیەن یوکەی**

www.netewe.com



بەرهەمێکی هونەرمەند رێبین مەجید. کاریگەرییە خراپەکانی لانک لەسەر سەری مرۆڤی کورد

کۆمەڵایەتی

# بەهۆی داوای سێکسی نادروستی مێردەکانیان، زۆربەی ژنان داوای جیابوونەوە دەکەن



گوتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان عەبدولباست فەرهادی فۆتۆ: وارڤین

تایبەت

گوتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان عەبدولباست فەرهادی، رایگەیاند، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، رێژەی جیابوونەوە (تەڵاق) زیادیکردووە، هەروەها رێژەی داوای ژنان بۆ جیابوونەوە رووڵەزیادبوونەو زۆرینەی حاڵەتەکانیش بەهۆی کێشە سێکسییەکانەوە بووە. هاوکات دەڵێت کەبە بەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوودا تەنیا حاڵەتی ژنهێنانی دووهەم کەمیکردووە.

| شەش مانگی یەکەمی (٢٠١٠) | شەش مانگی یەکەمی (٢٠٠٩) |
|---|---|
| تەڵاق لەسەر داوای ژن ٥٥٠ | ٣١٦ حاڵەت ژن داوای جیابوونەوەی کردووە |
| ١١٥ پیاو داوای جیابوونەوەی کردووە | ٥٣ پیاو داوای جیابوونەوەی کردووە |
| ٤٦٥ بە رەزامەندی هەردوولا بووە. | ٢٩٣ بەرەزامەندنی هەردوولا جیابوونەتەوە |
| ٤١٨٨ هاوسەرگیری هەبووە. | ٤١٣٢ هاوسەرگیری هەیە |
| ژنی دووهەم ٦ حاڵەت هەبووە. | لەناو هەولێر ١٤ رێگە پێدانی ژنی دووهەم |

فەرهادی، ئاماژە بەوە دەدات ئەو حاڵاتانەی لەبەردەستی ئەوانە تەنیا ئەو حاڵەتانەن لە دادگا تۆمارکراون و نایشارێتەوە بەشێک لە کەیسەکان لەدەرەوەی دادگا تۆماردەکرێن و هەر لەوێش جیا دەبنەوە"ئەو رێژەیە هی ئەو حاڵەتانەن کە گەیشتوونەتە دادگا. لەسنووری پارێزگای هەولێر دەوروبەری ١٥ دادگا هەن".

بەگوێرەی دوا ئاماری دادگای هەولێر، لە شەش مانگی رابردوودا رێژەی داوای ژنان بۆ جیابوونەوە زیادیکردووە. گوتەبێژەکەی ئەنجومەنی دادوەری دەڵێ، هۆکاری ئەمە بۆ هۆشیاری ژنان دەگەڕێتەوە (رێژەی تەڵاق، ئەوانەی ژنان داوایانکردووە ٥٥٠ حاڵەت بووە، بەڵام ١٢٠ پیاو داوای جیابوونەوەی کردووە. بەرازامەندی هەردوولا نزیکەی ٤٧٠ حاڵەتی تەڵاقیش تۆمارکراوەو رێژەی ژنهێنانی دووهەمیش کەم بۆتەوەو لەماوەی شەش مانگی ئەمساڵدا تەنیا (٦) حاڵەتی ژنی دووهەم تۆمارکراوە).

کۆی گشتی تۆمارکردنی هاوسەرگیری لەو شەش مانگە ٨ هەزار و ٣٣٠ حاڵەت بووە، بەگوێرەی زانیارییەکانی فەرهادی، لە دەوروبەری شار رێژەی هاوسەرگیری روو لەزیادبوونەو ئەو وای بۆدەچێت، هاندان هەبێ یاخود لەوێ پابەندبوون بەکەلتووری کۆمەڵایەتی زیاتر بێت.

فەرهادی، روونیدەکاتەوە رێژەی جیابوونەوەش ئەگەر بێت و لەگەڵ دەوروبەر بەراورد بکرێت زۆر نییە. بەمەزەندەی ئەو لەساڵانی رابردوو لەهەر سێ هاوسەرگیری یەکێکی شکستی هێناوە،"بەڵام لەئێستادا رێژەکە ئەگەر لەسەر ئاستی دەروبەر وەریگریت باشترە، لە هەشت حاڵەتی هاوسەرگیری یەک هاوسەرگیری شکستی پێدێت و رێژەی جیابوونەوەش لە ناو شار زیاترە وەک لە دەوروبەر".

گوتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری، هۆکارەکانی جیابوونەوە لە چەند خاڵێک، کۆدەکاتەوە ئەوانیش (ئابووری، لاساییکردنەوە، خراپ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا) گوتیشی:"پەلەکردن لە پێکهێنانی پرۆسەکە، زۆرکات جیابوونەوەی زووی لێدەکەوێتەوە، چونکە بەگوێرەی ئەو کەیسانەی لای ئێمەیە، یەک لەسەر چواری ژن و پیاو لە ساڵی یەکەم جیا دەبنەوە".

یەکێکی دیکە لەهۆکارەکانی جیابوونەوە کێشەی سێکسە. بەگوێرەی زانیارییەکانی فەرهادی"بەشێک لە توندوتیژییەکان بەهۆی کێشە سێکسییەکانەوەیە". ئاشکراشیکرد کە زۆرێک لەو ژنانەی داوای جیابوونەوە دەکەن، سکاڵایان لەسەر پیاوەکانیان هەیە، بەوەی پیاوەکانیان بەزۆر داوای سێکسی نادروست لە هاوسەرەکانیان دەکەن.

ئاماژەشی بۆ ئەوەکرد، لە دادگا لەڕێی توێژەرەکانەوە هەوڵی زۆردەدرێت، حاڵەتی جیابوونەوە دوابخرێت"ئەو ژن و پیاوانەی داوای جیابوونەوە دەکەن داواکاری گشتی دەیان بینێت و"بەباشی دەزانێت"ئەوانەی دەچنە ناو هاوسەرگیرییەوە باشترە بچنەدەرەوەی شار و بۆ ماوەیەک لەوێ ژیان بەسەر بەرن".

www.netewe.com



## دەشتی هەولێر: مەڵبەندی توندوتیژی دژ بەژنان

# تائێستا کچ و کوڕ لەسەر پەیوەندی ئاسایی دەکوژرێن

www.netewe.com



**بەگوێرەی ئاماری سەرچاوەیەکی فەرمی، کە کۆپییەکی دەست وارڤین کەوتووە، لەسەرەتای مانگی ١ی ٢٠١٠ تا کۆتایی مانگی ٦ی ٢٠١٠، ٩١ حاڵەتی توندوتیژی دژ بە ژنان لەسنووری دەشتی هەولێر ئەنجامدراوە. بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی هەرێم ئەو ژمارەیە زۆرە. شارەزایان هۆکاری بەرزبوونەوەی حاڵەتەکانی توندوتیژی بۆ پەراوێزخستنی ئەو ناوچانە لەلایەن حکوومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، دەگەڕێننەوە.**

**بەهرە حەمەڕەش**



دەشتی هەولێر، کۆمەڵگەو گوندەکانی دەرووبەری هەولێر وەک کۆمەڵگاکانی شاوێس، کەسنەزان، مەلا ئۆمەر. دەگرێتەوەو ئەو ناوچانە بەوە ناسراون نەریتی عەشیرەتی تێیاندا زاڵەو ئەوەش بەهۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی توندوتیژی دژ بە ژنان لەو ناوچانەدا دەزانرێت.

چالاکوان لەبواری مافەکانی مرۆڤ، عەلی کەریم، هەبوونی دیاردەی توندوتیژی بەشێوەیەکی بەربڵاو لەدەوروبەری هەولێر، پشتڕاستدەکاتەوە. بەرای ئەو، هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان، حکوومەت، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بەرپرسیارن. ئەو هۆکارەکان بۆ لایەنە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کارگێڕییەکان، پۆلێن دەکات. ڕوونیشیدەکاتەوە، کە بایەخدانی زیاتر بەسەنتەرەکان پەیوەندی بەسیاسەتی حکوومەتەوە هەیە، ئاماژەش بەهەبوونی



تـونـدوتـیـژی لـەنـاوشـار دەکـات، بـەڵام بەرێژەیەکی کەمتر. رەخنە لەحکوومەت دەگرێت کە"تائێستا حکوومەتی هەرێم، لەهەموو کابینەکاندا ستراتیژیەتێکی روونی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان، نییە". سەبارەت بەهۆکاری بەردەوامبوونی ئەو توندوتیژییە عەلی کەریم، لەو بڕوایەدایە پاشخانێکی گـەورەی سیاسی، کەلەسەر بنەمای توندوتیژی لەهەرێمی کوردستان بەجێماوەو پێشتر حکوومەتی عێراق پەیڕەوی کـردووە، دواتر سیاسەتی حزبە کوردستانییەکان، بەدەر نییە لەتوندوتیژی، ئەوەش مرۆڤی توندوتیژ بەرهەمدەهێنێت. عەلی کەریم، هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ نەخوێندەواری، کەمی هۆشیاری و نەبوونی سەرچاوەی رۆشنکەرەوە وەک، بزووتنەوەی رۆشنبیری، کتێبخانە، سەنتەرەکانی گەنجان، لەدەوروبەر دەگەڕێنێتەوەو دەڵێ"هەموو ئەو هۆکارانە وایانکردووە توندوتیژی لەدەوروبەر زیاتر بێت. لەو ناوچانەدا تائێستا کچ و کوڕ، لەسەر پەیوەندییەکی ئاسایی دەکوژرێن". هاوکات سستی و لاوازی بـواری ئابووری ئەو ناوچانە بەهۆکارێکی دیکەی زیادبوونی توندوتیژی دادەنێت. بـەڕای ئەو"خەڵکی دەوروبـەر لـەهـۆکـارە پێشکەوتووەکانی خۆشگوزەرانی ژیـان، بێبەشن. رۆژانـە ئـەوانـە لەرێگەی سەتەلایتەوە خەڵکی ناوشارەکان دەبینن، بەڵام خۆیان ناتوانن بەدەستی بهێنن. لەشەڕی ناوخۆش زیاتر ئەوان بەکاردەهێنران. هەموو ئەو هۆکارانە حاڵەتێکی دەروونی نائاسایی لای خەڵکی دەوروبـەر دروستدەکات و دەیخاتە ئەو حاڵەتەی کە توندوتیژی بکات".

هۆکارە ئابوورییەکان، بوونێکی بەهێزی لەهەموو پرسەکاندا هـەیـە. بەگوێرەی ستانداردی نەتەوە یەکگرتووەکان، خەڵکی دەوروبـەری شـارەکـان، لـەخـوار هێڵی هەژارییەوەن. داهاتی رۆژانەی هەر تاکێکی دەوروبـەر، لـەیـەک دۆلار کەمترە. زۆر خێزانی ٨کەسی هەیە، بەڵام یەک کەسیان کاردەکات. لەو حاڵەتەدا داهات لەدۆلارێک کەمتر دەبێت، ئەوە کەمترین ئاستی بژێوی توێژی هەژارانە.

پسپۆڕی کۆمەڵایەتی چنار سەعد عەبدوڵا، هۆکاری بوونی توندوتیژی لەو ناوچانە

www.netewe.com

بەتێکەڵبوون و کاریگەری کەلتووری عەرەب، لەسەر ئەوان دەزانێت. هەبوونی هەندێ وردە کەلتوورو داخرانی هەندێک ناوچەی هەرێم، بەشێوەیەکی زیاتر لەناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە"یەکێک لەسیاسەتەکانی رژێمی بەعس، تێکەڵکردنی عەرەب بوو، لەگەڵ خەڵکی دەوروبەری هەولێر، کە تائێستا لەسەر هەڵسووکەوت و دابوونەریتی خەڵکی ئەو ناوچانە رەنگیداوەتەوە. ئەو ناوچانە تاڕادەیەک لەکەلتووری گشتی دابڕاون. بزووتنەوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانیش، ئەو ناوچانە ناگرێتەوەو کەلتووری عەرەب، بەزەقی لەناویاندا بەدی دەکرێت". چنار، فەرهەنگی کەلتووری عەرەب، بەفەرهەنگێکی پیاوسالاری و عەشیرەتی وەسفدەکات و دەڵێ"بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەئاراستەیەک بەرەو پێش بچێت، نابێ دەوروبەری شارەکان پەراوێز بخرێن. پێویستە حکوومەت، کار بۆ نەهێشتنی هەموو جیاوازییە خزمەتگوزاری، رۆشنبیری و تەندروستی و پەروەردەییەکان بکات".

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، پەیمان عیزەدین، توندوتیژی بەدەرهاویشتەی کۆمەڵگا نەریتییەکان، دادەنێ و دەڵێ "لەهەموو کۆمەڵگا نەریتییانەی کە سیستمی تێدا نییە، لەشارو شارۆچکەکان توندوتیژی روودەدات و دەرهاویشتەی زاڵبوونی دابوونەریت و بێ سیستەمییە". هاوکات مانەوەی ژن لە ماڵداو بەشدارینەکردنیان لەهێزی کار، بەهۆکارێکی سەرەکی ژێردەستەیی و زاڵبوونی دەسەڵاتی پیاو هەژمار دەکات. سەرۆکی رێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، د. کوردستان موکریانی پێیوایە، ئەوە پێویستی بەکاری چڕو پلانی ستراتیژییە. موکریانی دەڵێ"بۆکار کردن لەو سنوورە ئەنجوومەنێکمان هەیە، هەروەها تیمی گەڕۆکی ٦ مانگیمان بەهاوکاری وەزارەتی تەندروستی و کەسانی شارەزا، بۆ کارکردن لە هەندێک گوند دامەزراندووە، بەڵام چاکسازی لەکەلتوورێک کە سەدانساڵە چەسپاوە، ئاسان نییە".

بەگوێرەی ئاماری سەرچاوەیەکی فەرمی، کە کۆپییەکی دەست وارڤین کەوتووە، لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٠ تا کۆتایی مانگی ٦- ٢٠١٠، ٩١ حاڵەتی توندوتیژی دژ بەژنان، لەسنووری دەشتی هەولێر، ئەنجامدراوە، بەمشێوەیەی خوارەوە:
١٤ حاڵەت، توندوتیژی بەبیانووی گومان. ٤ حاڵەت دەستدرێژی سێکسی. ٣ تەحەرروش. ٣ کوشتن. ٦ سووتان. ٢٧ لێدان. ١٧ هەڕەشەی کوشتن. ٦ چوونە ماڵ بەبێ رەزامەندی، ناپاکی هاوسەرگیری. ٣ فێڵ. ٧ تەحەرروش بەمۆبایل. ٢ یاسای باری کەسی"ژنهێنان بەبێ رەزامەندی، ژنی یەکەم". لەئامارەکەدا هاتووە، زۆرترین ئەو ئافرەتانەی توندوتیژییان بەرامبەر کراوە، نەخوێندەوار و شوویان کردووە، تەمەنیان لەنێوان ١٤ — ٤٠ ساڵیدایە. توندوتیژی بەپلەی یەک، لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە ئەنجامدراوە، دواتر لەلایەن برا و باوک. زۆرترین کێشەی توندوتیژی بەهۆی، گومان لێکردنەوەیە، کە سەرچاوەی زۆربەی کێشەکانە لەو ناوچانە. بەرپرسێکی پۆلیسی دەشتی هەولێر ئەوەشی روونکردەوە، ئەوان تەنیا ئەو حاڵەتانەیان تۆمارکردووە، کە کێشەکانیان هاتووەتە بنکەکانی پۆلیس"بەدڵنیاییەوە حاڵەت هەیە، داوای تۆمار نەکردووە. کەواتە رێژەکە زیاترە لەوەی تۆمارکراوە".

بەگوێرەی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی لەهەولێر، لەماوەی ٦ مانگی ساڵی ٢٠١٠دا ١٤٢ داوا لەلایەن ژنانی دەشتی هەولێر لەسەر کەسووکاریان تۆمارکراوە، ١٨ حاڵەتی سووتان و ٤ کوشتن بووە. حاڵەتەکانی دیکە بریتین لە: لێدان، هەڕەشەو دەستدرێژی سێکسی. ئەفسەری یەکەم لەبەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژن، ژیان تەلعەت، هەبوونی رێژەیەکی زۆری توندوتیژی لەو ناوچانە بۆ کەمی ئاستی هۆشیاری دەگەڕێنێتەوە. بەڕای ئەو دەشتی هەولێر پێویستی بەبایەخی زیاترە. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە"داوامان کردووە، لقێک لەبەڕێوەبەرایەتییەکەمان، لەسنووری دەشتی هەولێر بکرێتەوە، بەڵام تائێستا وەڵامی داواکارییەکەمان نەدراوەتەوە".

سەبارەت بەرێگاچارە بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی، لەناوچەکانی دەرەوەی شار، عەلی کەریم، گوتی:"پێویستە حکوومەت بەراوێژی کەسانی پرۆفیشناڵ ستراتیژیەتێکی گونجاو، بۆکارکردن لەو دەڤەرانە دابڕێژێت. پرس بە کەسانێک بکات، کە خۆیان لەبەرژەوەندییە تایبەتییەکان داماڵیوەو بۆ کۆمەڵگا، بیردەکەنەوە. هەروەها سوود لەئەزموونی وڵاتانی دوای جەنگ وەک، کۆریای باشوور، ژاپۆن، وەربگرێت". بەبڕوای عەلی کەریم، کاری رێکخراوەکانە، گوشار بخەنە سەرحکوومەت و ئەکتیڤی بکەن. هەروەها پێویستە حکوومەتیش، رێکخراو و زانکۆو ناوەندە رۆشنبیرییەکان، لەبڕیارداندا بەشداری پێبکات. هاوکات ئاماژە بەبودجەی حکوومەتی هەرێم، دەکات کە بەشی کارکردن و بووژاندنەوە لەهەموو بوارەکاندا دەکات"بودجەی حکوومەتی هەرێم، ١٠ملیار دۆلارە. ئەگەر بەعەقڵیەتێکی گەورە، بخرێتە پرۆسەی بنیاتنانەوەی نیشتمانی، بەهەموو مانایەکەوە بەشی ئەوە دەکات، کە ٤جار کوردستانی پێدروست بکەیتەوە. جگە لەداهاتەکانی دیکە".

د.چنار سەعد، بووژاندنەوەی ئەو ناوچانە لەرووی خزمەتگوزاری و بایەخدان بەدۆزینەوەی هەلی کار بۆیان و دامەزراندنی ناوەندو سەنتەرەکانی رۆشنبیری، لەو ناچانە بەرێگاچارەی کەمکردنەوەی توندوتیژی دادەنێت"پێویستە خەڵکی دەوروبەر بگەیەندرێنە ئەو بڕوایەی، لەرووی هۆکارەکانی خزمەتگوزاری لەچاو خەڵکی شار، کەموکورتییان نییە. دواتر کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژن و پیاو، بکرێت. بایەخی تەواو بەبواری پەروەردەیی بدرێت". چنار، هۆشداری ئەوەدەدات کە ئەگەر حکوومەت کار لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری شارەکان نەکات، ئەوا دووچینی جیاواز، لەکۆمەڵگا دروستدەبن، کە یەکێکیان لەگەڵ رەوتی گۆڕانکارییەکان دەڕوات، ئەویتریان لەبازنەی کەلتوورو دابوونەریت دەمێنێتەوە، ئەوە جیاوازییەکی کەلتوریی گەورە بەرهەمدەهێنێت و کێشەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. پەیمان عیزەدین، دانانی بەرنامەیەکی هۆشیاری چڕوپڕ، لەهەموو بوارەکانی تەندروستی، پەروەردەیی، رۆشنبیری، لەوناوچانەدا بەگرنگ دادەنێ"دەبێ بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی، لەو ناوچانە دابنرێت، کەسانی مەدەنی و شارەزا کاری تێدا بکەن".

# گەنجانی زاخۆ لە سەمای کچە عەرەبەکان بێبەش کران

لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە مۆڵەتی کردنەوەی یانەیەکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لەشارۆچکەی زاخۆ درابووە هاووڵاتییەک، بەڵام ئەو یانەیە وەک یانەی سەماش بەکاردەهێنراو شەوانە کچە عەرەبەکان نمایشی سەمای خۆرهەڵاتییان بۆ گەنجانی زاخۆ دەکرد و ئەوانیش بەحەزەوە روویان تێدەکرد، دواتر بەهۆی داواکاری مامۆستایانی ئایینی و دراوسێکانییەوە، ئەو یانەیە داخرا، گەنجانی زاخۆ وێڕای دەربڕینی ناڕەزایەتی ئێستا ناچارن روو لە دهۆک و سوریا بکەن بۆ ئەوەی بچنە یانەکانی سەما.



بەرەڤان ئەحمەد

زاخۆ

خواردنگەو یانەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە زاخۆ لەناو تەلاری بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەریدا کرابووەوە، دوای ئەوەی وەکو یانەی سەماکردن بەکارهێنرا، بەبڕیاری وەزیری رۆشنبیری و لاوان داخرا.

ئازاد عەلی، گەنجێکە هەفتانە چەند جارێک روو لە دهۆک دەکات بۆ ئەوەی سەردانی ئەو شوێنانە بکات کە کچانی عەرەب تێیاندا سەما دەکەن، ئەو دەڵێ: "ئێستا ناچارم رێگەی زیاتر لە پەنجا کیلۆمەتر ببڕم و بچمە دهۆک بۆ ئەوەی سەردانی یانەیەکی سەماکردن بکەم". هەروەها دەڵێ: "کاتێک یانەکە لە زاخۆ کرایەوە زۆر پێی دڵخۆشبووین، بەڵام بەداخەوە ئەو دڵخۆشییەمان زۆری نەخایاند و پووکایەوە".

رێبەر هاشم، یەکێکە لەو گەنجانەی بەردەوام سەردانی یانەکانی شەوانەی کردووە، گوتی: "چەندینجار شەوانە سەردانی ئەو یانەیەم کردووەو تێدا کچە عەرەبەکان سەمایان کردووەو گەنجانی شارەکەش پێی دڵخۆش بوونە".

وتارخوێنی مزگەوتەکان و دراوسێکانی یانەکەو هەندێک لە فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری زاخۆ بەبڕیاری داخستنی یانەکە دڵخۆشن.

فەرمان شوکر بەڕێوەبەری رۆشنبیری و هونەری زاخۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەوان تەنیا گرێبەستی خواردنگەیان لەگەڵ خاوەنی یانەکە واژۆ کردبوو، نەک بیکات بەشوێنی سەماکردن "کاتێک ئەو لەناوەڕۆکی گرێبەستەکە لای داوە، ئێمەش گرێبەستەکەمان هەڵوەشاندەوە".

خاوەنی یانەکە سکاڵای تۆمارکردووەو داوای قەرەبووکردنەوە دەکات بەبڕی (٢٣٠,٠٠٠) هەزار دۆلار، بەڵام هێشتا دیار نییە سکاڵاکەی بەکوێ گەیشتووە. (وارڤین هەوڵیدا پەیوەندی بەخاوەنی یانەکەوە بکات، بەڵام ژمارەکەی بەردەست نەبوو).

زاخۆ شارۆچکەیەکی سنووری و بازرگانییەو رۆژانە خەڵکێکی زۆر بەمەبەستی بازرگانی و گەشتوگوزاری سەردانی دەکەن، بەگوێرەی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری زاخۆ، تەنیا لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ٢٠١٠دا (٤٢,٤٤٣) گەشتیاری بیانی روویان لە شارەکە کردووە.

جاسم حەمود، هاووڵاتییەکی عەرەبەو ساڵانە بەمەبەستی گەشتکردن چەندجارێک سەردانی زاخۆ دەکات، گوتی: "ئێمە بەشەوان دەمێنینەوە هیچ شوێنێک نییە بۆی بچین، تەنیا شوێنی گەشتیاری هەن".

وارڤین حسێن، (٢٤ساڵ)، ساڵی رابردوو لە ئەورووپا گەڕاوەتەوە، سەرسوڕمانی خۆی پیشاندا، سەبارەت بەنەبوونی یانەی شەوانە لە زاخۆ و گوتی: "باشترە یانە لەزاخۆدا هەبێت، بۆ ئەوەی گەنجان ناچار نەبن رووله شارێکی دیکە یان وڵاتێکی وەک سوریا بکەن و تووشی رووداوی نەخوازراو بن".

بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری زاخۆ رەمەزان ئیسماعیل، بەپێویستی دەزانێت یانەی وا لە شارەکە هەبێت. "کاتێک خەڵکی بیانی روو لەزاخۆ دەکەن، ئەگەر شوێنێکی وا نەبێت رووله کوێ بکەن و کاتی خۆیان چۆن بەسەر بەرن؟".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا تائێستا هیچ کەسێک پرۆژەیەکی لەوجۆرەی پێشکەش بەئەوان نەکردووەو گوتیشی "ئەگەر کەسێک پرۆژەیەکی لەوجۆرەمان پێشکەش بکات ئەوە ئێمە پشتیوانی لێدەکەین".

هەڵوێستی مامۆستایانی ئایینی لەبارەی کردنەوەی ئەو جۆرە یانانەوە دژەو مامۆستا حەمید نورەدینی، یەکێکە لە مامۆستایانی ئایینی ئەوشارۆچکەیەو لەگەڵ ئەوەدا نییە یانەی لەوجۆرە لە شارەکە بکرێتەوە "ئێمە کۆمەڵگایەکی موسڵمانین و ئەمە لەگەڵ دابونەریتی کوردەواریدا ناگونجێ".

ئەو مامۆستا ئاینییە یەکێک بووە لەو گوتارخوێنانەی لە گوتاری رۆژی هەینیدا ئاماژەی بە نادروستی کردنەوەی ئەو جۆرە یانانە داوەو ئێستاش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، داخستنی یانەکە کارێکی باش و پێویست بوو.

## گرتەی سێکسی: ڕێگەیەکی دیکەی تیرۆری کەسایەتی ژنی کورد

# کێ دەبێتە بابەتی گرتەیەکی نـــــــوێ؟



ئاڤان فارس جاف

بڵاوبوونەوەی گرتەیەکی سێکسی کە خراوەتە پاڵ یەکێک لە پێشەشکارانی بەرنامەکانی کەناڵێکی تازە لەدایکبووی ئاسمانی کوردی مشتومڕێکی نوێی لە شەقامی کوردیدا هێناوەتە کایەوەو ژمارەیەک لە کچانی ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی ئەوانەی لەبواری میدیای بینراو کار دەکەن نیگەرانن و بڵاوبوونەوەی ئەو گرتەیە بە"زەنگێکی مەترسیدار" بۆ هەموو ئەو ژنانە دەزانن کەلە میدیادا ناو و دەنگیان پەیدا کردووەو هەندێکی دیکە بڵاوبوونەوەی ئەو گرتانە بەمەبەستی جووڵاندنی بازاڕی ئەو سیدیفرۆشانە دەزانن کە سیدی سێکسی دەفرۆشن و مامۆستایانی زانکۆش دەرچوونی یاسایەک بەپێویست دەزانن.

هەولێر

### زەنگی بە ئاگاهاتنەوە

لەکۆتایی مانگی تەمموزی ڕابردوودا گرتەیەکی ڤیدیۆی کە بەکامێرای مۆبایل تۆمارکرابوو بەبێئەوەی دەنگی لەسەر بێت لەڕێگەی مۆبایل و سایتە ئەلیکترۆنییەکانەوە بەتایبەتی فەیسبووک بڵاو بوویەوەو ماوەی گرتە ڤیدیۆییەکە یەک خولەک و شەش چرکەبوو و تێیدا ژنێکی ئەسمەر لەکاتی سێکسکردن لەگەڵ کوڕێکی گەنمییدا لەشوێنێکی نیمچە تاریکدا دەردەکەوێت. ناوی بەڕێوەبەری هەردوو کەناڵی کۆڕەکتیڤی و کەناڵ ٤، واتە خاتوو "ئەڤین ئاسۆ"ی لەسەر بوو. ئەوەش وایکرد گرتەکە لەناو خەڵکیدا بەخێرایی بڵاو بێتەوە.

لەهەرێمی کوردستان یەکەمجار نییە گرتەی لەو شێوەیە بڵاو دەبێتەوە، لەچەند ساڵی ڕابردوودا بڵاوبوونەوەی گرتەی سێکسی کوڕێکی خەڵکی هەولێر لەگەڵ کچێک کوژرانی هەردووکیانی لێکەوتەوەو ڕۆژانە بەو هۆیەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژی خێزانی دەبنەوە. لە ژمارە ٢ی گۆڤاری وارڤیندا لە ڕیپۆرتێکدا گرتەیەکی تری سێکسی ئاماژەی پێکرابوو کە بەمەبەستی سیاسی بۆ ژنە کارگێڕێکی مەڵبەندی ٣ـی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە هەولێر دروستکرابوو، تا بەوهۆیەوە ڕێگری لەکاندیدبوونی ئەو ژنە بۆ خولی سێهەمی پەرلەمان بگیردرێت. هاوکات بڵاوبوونەوەی گرتەی سێکسی و تۆمەتخستنەپاڵ ژنانی دەرکەوتووی بواری ڕاگەیاندنی بینراو نیگەرانی لای ئەو ژنانە دروستکردووە، کەلە کەناڵەکانی تیڤی کار بکەن.

کچە پێشەکەشکاری بەرنامەیەکی کاتبەسەربردن لە کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس (شەهلا جاف)، لەو بڕوایەدایە بڵاوبوونەوەی ئەو شتانە کاریگەری لەسەر ڕەوشی ژن لەبواری میدیای بینراودا دەکات"بەداخەوە ئەمە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی کچان لەو بوارانەی دەرکەوتنی تێدایە. بڵاوبوونەوەی ئەو گرتەیە زەنگێکە بۆ بەئاگاهاتنەوەی کچانی بواری ڕاگەیاندن".

گرتە نوێیەکە کچانی لە خولیای دەرکەوتن سارد کردووەتەوە

مامۆستاو توێژەری دەروونی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی کارزان جەمال دەڵێ، بڵاوکردنەوەی گرتەی ئەو کەسانەی دیارن و لەبواری میدیای بینراودا کار دەکەن، خەریکە دەبێتە دیاردە، توێژەرەکە ئەو باردۆخە بە"ترسناک" وەسفدەکات."ئەو هەڵسووکەوتانەی بەرامبەر ئەو کچانە دەکرێت دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەو کشانەوەی ڕەگەزی مێ لەو بوارانە". ئەو هۆکاری ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ دەسەڵاتی پیاوسالاری و بوونی حاڵەتی بەخیلیبردن لەلایەن تاکەکانەوە بۆ ئەوانەی دەردەکەون و سەرکەوتوو دەبن. ئەو ڕایوایە، موزیک و پێشکەشکاری کاریگەری خراپی بەسەر کۆمەڵگاوە نییە، بەڵکو لەکەدارکردنی ڕەگەزی مێینە کاریگەری هەیەو ڕوویەکی ناشیرین بەکۆمەڵگا دەبەخشێ.

مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر بەهات حەسیب قەرەداغی، لەبارەی کاریگەری ئەو هەڵسووکەوتانەی بەرامبەر بەکچانی بواری ڕاگەیاندنی بینراو

www.netewe.com



ئەڤین ئاسۆ

دەکرێن، گوتی"لە واقیعی ئەمڕۆدا هۆکارگەلێکی زۆر لەئارادایە بۆ ساردکردنەوەی کچان و ژنان لەوەی دەستبدەنە کاری هونەری و بێژەری و نواندن، دواتر ئێستا ئەم دیاردە سامناکەیشی هاتووەتە سەر".

بڵاوکرنەوەی ئەو گرتانە بەجۆرێک کاریگەری کردووەتەسەر کچان کە هەندێکیان خەریکە خولیای هاتنەناو کاری راگەیاندن لەدەستبدەن."یەکێک لە هاوڕێکانم لەرێگەی چاتەوە پێیگوتم دەزانیت بڵاوکردنەوەی ناوی ئەو کچە پێشکەشکارە لەسەر ئەو گرتە سێکسیە زۆر بێتاقەتی کردووم من تازە دەمەوێت بچمە ناو راگەیاندنەوە، تازە بێئومێد بووم". شیلان حسێن، خوێندکاری دواقۆناغی بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەددین، ئەوەی گوت و ئامادەبوو گفتووگۆی خۆی و قسەکانی بڵاو بکاتەوە.

## باس باسی بڵاوبوونەوەی گرتە سێکسییەکانە

کیژان مەحمود، تەمەن (٢٦)ساڵ، فەرمانبەر، باس لەوەدەکات بڵاوکردنەوەی ئەو گرتانە تووشی حاڵەتێکی نالەباری دەکات:"لەناو فەرمانگەو شوێنە گشتییەکان باس باسی بڵاوکردنەوەی ئەو گرتەیەیە، من وەک ژنێک زۆر بێتاقەتم بەو بارودۆخە بەڕاستی مایەی شەرمەزارییە، پێویستە رێ لێبگیرێت". گوتیشی:"کاتێ دەبیستم گرتەی ژنێک بڵاو بووەتەوە، تووشی بێئومێدی دەبم، چونکە دەورووبەر بەبێ ئەوەی لەڕاستی بابەتەکە بکۆڵنەوە دەڵێن ئەوە ئافرەتە ئابڕووی ژنی بردووە".

پسپۆری نەخۆشییە دەروونییەکان دکتۆر کارزان جەلال ئاماژەیدا کە بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە گرتانە پەیوەندی بەو کەپتەوە هەیە کە بەهۆی کەلتووری کۆمەڵگا لەبارەی سێکسەوە دروست بووە، ئەوە وایکردووە زۆر بە توندی لەو پرۆسەیە بڕوانین بۆیە بەو گرتە سێکسیانە بۆشاییەکان بۆ گەنج پردەکەنەوە.

ئەو دکتۆرە روونیدەکاتەوە کە ئێستا گەنجان زۆربەی کاتەکانیان بەدیار تەکنەلۆژیا بەرێدەکەن، ئەمەش وایکردووە هەموو شتێکی لە تەکنەلۆژیاوە دەستبکەوێت، سێکسیش بەهەمانشێوە هەر لەرێی تەکنەلۆژیاوە سوودی لێوەردەگرن.

لەبارەی کاریگەری ئەو گرتانە بەسەر کچانەوە روونیکردەوە کە کاریگەرییەکە بەسەر کچانەوە زیاترە وەک لە پیاوان، چونکە بەو هۆیەوە تووشی ئاڵۆزی باری دەروونی دەبنەوەو هەست بە کەمی دەکەن، بۆیە لەسەرجەم پەیوەندیەکان دەترسن.

## گرتەی سێکسی کوردی زووتر بڵاودەبێتەوە

هەندێک لەگەنجان ئێستا ئارەزووی بینینی گرتەی سێکسی کوردی دەکەن و ئەو حەزەش وایکردووە بەردەوام بەدوای شتی نوێدا بگەڕێن و بەماوەیەکی کورت گرتەیەکی سێکسی ئەگەر گومانیش بکرێت کوردی بێت زووتر بڵاو ببێتەوە.

کاوان عومەر، کوڕە گەنجێکی ٢٠ ساڵە، نایشارێتەوە وەک گەنجێک، زووزوو سەردانی ئەو دوکانانە دەکات بۆ وەرگرتنی ئەو گرتانەی"زۆر نوێن".

کاوان، روخسارێکی ئەسمەری هەیەو کورتە باڵایە دەڵێ:"داواکاری لەسەر گرتەی کوردی زیاترە"، ئەو هێشتا تەمەنی زۆر نییە، بەڵام نایشارێتەوە ماوەی ٥ ساڵە بەبەردەوامی بەدوای گرتە سێکسیەکان دەچێت و حەزدەکات بیانبینێت.

خاوەن کۆگایەکی مۆبایل، نایەوێت ناوی ئاشکرا

www.netewe.com

بکات، ئەوە دەخاتەڕوو ئەو گەنجانەی دێن بۆ دوکـان زیاتر داوای گرتەی سێکسی کوردی دەکەن، ئەو باس لەوەدەکات لەو چەند ساڵەی کۆتایی داواکاری لەسەر ئەو گرتانە زۆر زیادی کردووە، ئەمە وادەکات بەشێک لەوکەسانەی زۆر شارەزان لەبورای مۆنتاژو ئای تی پەنا ببەنەبەر ئـەوەی بەبەرنامەی کۆمپیوتەری دەستکاری گرتەکان بکەن، نایشارێتەوە گرتەی کوردی زۆریش هەن، بەڵام زۆر روون نین"وێنەکان باش نین، چونکە لەلایەک بەمۆبایل و لەلایەکی دیکەوە بەترسەوە گیراون". ئەو خاوەن دوکانی مۆبایلە نایشارێتەوە بەشێکی زۆری گرتەکان دەستکاری لەلایەن کەسانی شارەزاوە دەکرێن.

### وێنەکان دەشێوێندرێن

مامۆستای زانکۆ هەردەوان نەقشبەندی، کەلە زانستی ئای تی دا ماستەری هەیە دەڵێ"زۆر بەئاسانی دەتوانرێت دەستکاری وێنە بکرێت و گۆڕانکاری تێدا بکرێت، چونکە زانستی ئای تی لەچەند لقێکی سەرەکی پێکهاتووەو یەک لەو لقە سەرەکییەکانەی ئەم زانستە لقی (image processing)ــە بەهۆی هەندێک بەرنامەو سۆفتوێری تایبەتەوە دەتوانرێت زۆر بەئاسانی وێنە دیجتاڵییەکان دەستکارییبکرێت و وێنەو روخساری کەساییەتییەکان بەویست و ئارەزووی ئەو کەسانەی شارەزان لەو بوارەدا بگۆڕدرێن. هەرچەندە ئەو بەرنامانە بەمەبەستی زانستی داهێنراون و ئامانج لێیان چاککردن و باشترکردنی وێنەکانە بەگوێرەی ئەو پێوەر و قۆناغە زانستییانەی کە هەموو وێنەیەکی پێدا تێپەڕ دەبێت.

هەردەوان نەقشبەندی، باس لەوەدەکات لەوڵاتانی رۆژئاوا زۆر کەڵک لە (image processing) وەردەگرن لەزانستی تاوانناسی بۆ ناسینەوەو کێشانی وێنەی تاوانباران"بەداخەوە لای ئێمەی کورد زۆر بەپێچەوانەوە کەڵک لەم زانستە وەردەگرین و زۆرجار کچان و ژنانی کورد دەکرێنە ئامانج".

### سەرچاوەی گرفتەکە:"یاسا نییە"

بەهۆی نەبوونی یاسای تایبەت لەهەرێمی کوردستان بۆ رێگەگرتن لەبڵاوکردنەوەو شێواندنی گرتەی سێکسی لەو شوێنانەی سیدی دەفرۆشن و یا گرتە دەخەنەسەر مۆبایل، بڵاوکردنەوەی ئەو گرتانە پەرەی سەندووە.

نەقشبەندی، لەبارەی پێویستی دەرچوونی یاسایەکەوە دەڵێ:"ئائێستا یاسایەکی لەوجۆرە لەهەرێمی کوردستان نییە رێ لەو پرسە قێزەونانە بگرێت کە بەهۆی هەڵەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیارییەوە ئەنجامدەدرێت".

بەهات قەرەداغیش هاوڕایە لەگەڵ نەقشبەندی و دەڵێ کە چارەسەر بەستراوەتەوە بەباڵادەستبوونی یاساوە"چارەسەر گرێدراوە بەئاستی پەرەسەندن و پێشکەوتنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و باڵادەستی یاساو دانانی سزای سەخت بۆ ئەو رەفتارە نامەردانە".

هەرچەندە لەهەرێمی کوردستان یاسای خراپبەکارهێنانی مۆبایل هەیە، بەڵام نەقشبەندی رایوایە"هەبوونی یاسا بە تەنیا بەس نییە بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردانە لەکۆمەڵگادا، بەڵکو جێبەجێکردن و پەیڕەوکردنی یاساکانیش بەقەد هەبوونی یاساکە گرنگە". نموونەش بەیاسای بەکارهێنانی مۆبایل دەهێنێتەوە" تائێستاش ١٠٪ ئەو یاسایە جێبەجێنەکراوەو بەردەوام ئەو یاسایە پێشێلدەکرێت". مامۆستا بەهات قەرەداغی، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا بەگرنگ دەزانێت و دەڵێ" تا یاسایەک دادەنرێت، پێویستی سەرشانی میدیایە بەشێوازی زانستییانە پەردە لەسەر ئەو جۆرە دیاردەوە نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانە هەڵماڵێت و ئەو زاتە نەخۆش و سایکۆپاتانە ریسوا بکات نەک بیانکاتە قارەمان و نموونە بۆ چاولێکردنیان".

### ئاسایش بە تیرۆری کەسایەتی دەزانێت

بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی هەرێمی کوردستان عیسمەت ئەرگۆشی بۆ وارڤین ئەوەی خستەڕوو کە ئەگەر ئەڤین ئاسۆ لە ئاسایش سکالا تۆماربکات، ئەوان بەدواداچوون بۆ ئەو گرتە سێکسییە دەکەن و تاوانبارانی ئەو کارە دەدۆزنەوەو رادەستی یاسایان دەکەن. عیسمەت لەگەڵ ئەوەی دروستکردنی ئەو گرتە سێکسییە بە تیرۆری کەسێتی دەزانێت، هاوکات ئەوەش دەخاتەڕوو کە ماوەیەک بوو لە هەندێ سایتی دەرەوە زانیاری نادروست لەسەر کەناڵ چوار و ئەڤین ئاسۆ بڵاوکرایەوەو ئەو گرتەیەش هەنگاوێکیتری دژایەتی ئەو کەناڵەو ئەو کەسەبوو. هەروەها عیسمەت، نەیشاردەوە کە ئەوان دەست بە لێکۆڵینەوە دەکەن و ئەو کارەش سەرکۆنە دەکەن.

**ئاڤان فارس**

عیسمەت ئەرگۆشی:

**ئەگەر ئەڤین سکالا تۆماربکات، بەدواداچوون بۆ ئەو گرتە سێکسییە دەکەین و تاوانباران دەدۆزینەوە**

www.netewe.com

## لە دادگاوە...

# بە تاوانی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کچێک ده ساڵ زیندانی بۆبڕایەوە



لەدوا بڕیاری دادگای دهۆک دا کوڕێک بە تاوانی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنراو، کچەکەش ناچار بوو رووله بنکەیەکی داڵدەدانی ژنان بکات.

دهۆک

چیرۆکی کاوە و نەسرین دووساڵ لە یەکەم بەیەکگەیشتنیانەوە دەستیپێکردووەو کاوە،کوڕێکی ٢٤ ساڵانەو ئاسنگەرە و نەسرینیش ئەمساڵ پۆلی١١ی ئامادەیی بووەو لەتەمەنی ١٦ ساڵیدا هۆگری کاوە دەبێت.

کاوە و نەسرین ماوەی دوو ساڵ وەک دۆست و خۆشەویستی یەکدی بە یەکەوە دەبن و چەند جارێک بە یەکەوە بۆ بەسەربردنی کات لەگەڵ یەک ژوان دەبەستن.

کەسێکی نزیک لە هەردووکیان باسی لەوەکرد، کە کچەکە لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا چەندینجار لەگەڵا کوڕەکە دەرچووە بۆ چۆڵەوانی و کوڕەکە سێکسی لەگەڵکردووە، بەشێوەیەک تێکەڵاوی یەکدی ببوون کە نەیاندەتوانی بەبێ یەکدی بژین.

یەکێک لە هاوڕێکانی کاوە گومانی هەبووە لەوە کاوە بە دڵ ئەو کچەی خۆشویستبێت و لەوبڕوایەدایە"تەنیا بۆ رابواردن لەگەڵیدا بوو".

نیشتمان، یەکێک لە هاوڕێیانی نەسرینە لەدادگا ئامادەبوو شاهێدی لەبارەی پەیوەندی نەسرین و کاوە بدات و لە بەردەم دادوەردا باسی لەوە کرد کە چەندینجار نەسرینی هاوڕێی لەگەڵ کاوە چووەتە دەرەوەو ئاشکرایکرد"نەسرین هاتنی بۆ قوتابخانە دەقۆستەوەو بەبیانووی نەخۆشی و نوڕینگەی پزیشکی لە قوتابخانە دەردەچوو، دوایین بەیەک گەیشتنیشیان لە سەر بانی ماڵی نەسرین بوو و نزیکەی کاتژمێر ١٠ ی شەو بوو، کە ئەو جارە من ئاگاداربووم".

نیشتمان باسی لەوەشکرد کە برای کچەکە بەپەیوەندی خوشکەکەی لەگەڵ کاوەی زانیوە و زۆر هەوڵیداوە فشار بخاتە سەر نەسرین بۆ ئەوەی لە کاوە دوور بکەوێتەوە، بەڵام بێسوود بوو.

نیشتمان، کە وەک شاهێد لە دادگا ئامادە بوو، لە بەردەم دادگا گوتی:"بە چاوی خۆم ئەو کردارە سێکسیەم بینی کە لەنێوان هەردووکیان روویداوەو دەزانم کە کاوە هاوڕێکەمی لە کچێنی خستووە".

نەسرینی ١٦ ساڵ کە ئێستا لەسەنتەرێکی تایبەت بە حەواندنەوەی ژنان ژیان بەسەر دەبات، لەبەردەم دادگا دانی بەهەڵەکەیدا ناوەو بە دادگای راگەیاندووە" هیچ لەپاشەڕۆژی خۆی نازانێت و بۆیە خۆی پێشکەش بە کاوە کردووە چونکە ئەو بەڵێنی پێداوە بیخوازێت و بیکاتە هاوسەری خۆی".

ئاشکرابوونی ئەو کەیسە چوار مانگ پێش ئێستا بووە، واتە لەوکاتەوەی کە کاوە نەسرینی لە کچێنی خستووە، بەڵام کەوسەر محەممەد پارێزەری نەسرین، ئاماژەی بەوەدا کە "تاوانبار" دانی بەتاوانەکەیدا نەناوە، لەرێگەی راپۆرتی دادپزیشکی و گوتەی شاهێدان دادگا ئەوەی بۆ روونبووەتەوە کە کاوە هۆکاری سەرەکی نەمانی پەردەی کچێنی نەسرینە.

لە دوا بڕیاریدا دادگای دهۆک لەسەرەتای مانگی ئابدا بەگوێرەی بڕگەی ٢ و ٣ مادەی ٣٩٣ لە یاسای سزادانی عێراقی کاوەی وەک تاوانبار ناساند و بەهۆی ئەوەی تەمەنی نەسرین نەگەیشتووەتە هەژدە ساڵ و هێشتا لە تەمەنی منداڵیدابووە کاوەی بە ١٠ ساڵ زیندانی حوکمدا.

**هێژا شێخ مەمی**

**تێبینی: ناوەکان خوازراون**

www.netewe.com

# کچان خوویان بە زنجیرە دۆبلاژکراوەکانەوە گرتووە

ماوەیەکە زنجیرە دۆبلاژکراوەکان، بەشێکی زۆری بەرنامەی کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانی و ناوخۆییەکانیان کۆنترۆڵ کردووەو پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندنیش بڵاوبوونەوەی ئەم زنجیرانە بەگشتی بۆ سەر کۆمەڵگاو بەتایبەتیش بۆ توێژی گەنجان بەمەترسی دادەنێن.



هەژان خالید

سلێمانی

دراما تورکییەکان، پشکی شێریان بەردەکەوێت لەو درامایانەی کە کەناڵە کوردییەکان چاوی بینەری کوردی پێ داگیردەکەن و بە هەزاران کەس خوویان پێوەگرتووە. فرمێسک تاهیر(١٩)ساڵ، یەکێکە لەو کچە گەنجانەو ڕۆژانە بەبەردەوامی سەیری (٣) زنجیرەی دۆبلاژکراو دەکات. ئەو دەڵێ"ڕۆژی چوار سەعات سەیری ئەو ئەڵقانە دەکەم تەنیا بۆ کاتبەسەربردن و هیچ سوودێکیشی لێ نابینم. بەتایبەت ئەڵقە تورکییەکان جگە لە زەرەر هیچیتری تێدا نییە". گوتیشی:"هەندێ شتی تێدایە کە کاریگەری خراپی هەیەو کاتیش زۆر بەفیڕۆ دەدات، بەڵام من تازە فێربوم ناتوانم سەیری نەکەم".

(پەروین)یش کە مامۆستای خوێندنگەیەکی ئامادەیی کچانە لە سلێمانی و تەمەنی٤٥ساڵە لەکاتێکدا لەگەڵ منداڵەکانی سەیری یەکێک لە زنجیرە دۆبلاژکراوەکانی دەکرد بۆ وارڤین دوا و گوتی:"کوڕو کچە گەنجەکەم سەیری زنجیرەکان دەکەن و کچە بچووکەکەشم کە تەمەنی ٩ساڵە، ڕۆژانە سەیری ٣ئەڵقە دەکات، بەڵام من تەنیا سەیری یەکێک لەوانە دەکەم". ئەو بە پێکەنینیشەوە گوتی"زۆرجار کچە بچووکەکەم بیرم دەخاتەوە کە کاتی دەستپێکردنی زنجیرەکەیە". پەروین گوتیشی:"من وەک مامۆستایەک ئاگاداری قوتابییەکانم کەلەناو خۆیاندا زۆر بە حەزەوە باسی ئەو درامایانە دەکەن و دەیانەوێ زووتر بگەڕێنەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی فریای سەیرکردنی بکەون". ئەو دایکە گلەیی لە هەندێک لە کەناڵەکان هەبوو و گوتی:"هەندێک کەناڵ حیساب بۆ ئەوە ناکەن ناوەڕۆکی ئەم ئەڵقانە تا چەند لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمەدا گونجاوەو چەند کاریگەری هەیە لەسەر منداڵان و گەنجان هەیەو بێ هەستکردن بە بەرپرسیاری بڵاوی دەکەنەوە".

بڵاوکردنەوەی زنجیرە دۆبلاژکراوەکان بووەتە جێی ڕەخنەی بەشێک لە پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن. ئەو پسپۆڕانە پێیانوایە کە ئەم زنجیرانە لەسەر ئێستای کۆمەڵگاو لەناویشیاندا توێژی گەنجان مەترسی دروستدەکەن.

مامۆستای بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی عەباس جومعە لەمبارەیەوە دەڵێ:"کۆمەڵێک شت هەیە نامۆیە بە کەلتوور و سیستەمی کۆمەڵایەتی ئێمە کە لەو زنجیرانەدا هەن. بۆ نموونە، ئەو زنجیرانە گەنجی ئێمە هاندەدات زۆر بەئاسانی هاوسەرگیری بکات، زۆر بەئاسانیش جیاببێتەوە، یان خیانەت بکات و ڕایاندەهێنێت کە ئەم شتانە لەلای زۆر ئاسایی بن". دەربارەی ناوەڕۆکی زنجیرەکان مامۆستا گوتی:"ئەم زنجیرانە باسی کەلتووری شەڕو ڕاوڕوت و توندوتیژی و ڕەدووکەوتن دەکەن، کە ئەمانە بۆ خۆیان خەریکە کەم دەبنەوە، بەڵام جارێکیتر بە کاریگەری ئەم زنجیرانە زیندوو دەبنەوە کە نموونەشمان هەیە گەنج لەژێر کاریگەری ئەم زنجیرانەدا ڕەدوکەوتووە".

ئەو لەگەڵ ئەوەی پێی باشە هەندێک لە زنجیرە کۆرییەکان کە نموونەی باشی وەرگێڕاون بڵاوبکرێتەوە، بەڵام وەک باسیدەکات زۆر لەو زنجیرە دۆبلاژکراوانە هی سوریاو تورکیا و ئێرانن، واتە ئەو وڵاتانەن کە کوردستانیان



www.netewe.com



داگیرکردووەو کوردیش لە گوتارەکانیاندا ونە یان بە دڕندەو دواکەوتوو باس کراوە. نازانم دەبێ چ شتێکی جوانیان لێوە فێربین". ئەو پسپۆڕە رەخنەی لەو کەناڵانە هەبوو کە زنجیرەکان دۆبلاژ دەکەن و گوتی: "بەداخەوە زنجیرەکان بە گشتی زمانەکەیان بازاڕییە و بە شێوەزاری شارێک یان گەڕەکێک وەریانگێڕاوە".
ئەو گوتیشی: "بەشێک لە کەناڵەکان بەهۆی بێبەرنامەیی پەنا بۆ ئەو زنجیرە دۆبلاژکراوانە دەبەن و دەیانەوێ بەهۆیانەوە کات بکوژن".
لەگەڵ ئەوەی وەزارەتی رۆشنبیری، لایەنی پەیوەندیدارە لە دانانی سانسۆر لەسەر چۆنیەتی ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە لەکەناڵەکان و تاچەند کاریگەرییان هەیە لەسەر کەمکردنەوەی توندوتیژی و پیشاندانی کەلتوورێکی جوانی ئەو وڵاتانە، بەڵام ئەو وەزارەتە تائێستاش لە پراکتیکدا هەنگاوێکی ئەوتۆی بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە هەڵنەگرتووە. مامۆستا عەباس، گلەیی لە وەزارەتی رۆشنبیری دەکات و ئەوان بەبەرپرسیاری یەکەم دادەنێت، دواتر گلەیی ئەوەدەکات کە تائێستا وەک وەزارەت کوالیتی کۆنترۆڵیان نییە بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتەکە لەڕووی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەوە. بۆ ئەوەی بزانن ئایا ئەو زنجیرانە لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی ئێمەدا دەگونجێت یان نا. "وەزارەتی رۆشنبیری هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ چاودێریکردنی ئەو زنجیرانە کە ئایا لەگەڵ واقعی ئێستای کوردستان دەگونجێت". کوڕان کەمتر لە کچان سەیری زنجیرە دۆبلاژکراوەکان دەکەن و بەشێکیشیان هەر سەیری ناکەن و پێیانوایە تەنیا خۆ سەرقاڵکردنەو بێسوودە. ئاسۆ خەلیل (٢٣) دەرچووی پەیمانگە دەڵێ "بە هیچ شێوەیەک سەیری زنجیرە دۆبلاژکراوەکان ناکەم و بڕوام پێیان نییەو ئەم زنجیرانە تەنیا بۆ سەرقاڵکردن و شوشتنەوەی مێشکی خەڵک پەخش دەکرێن". ئەو گوتیشی "گەنج وایلێهاتووە لەتاو سەیرکردنی ئەم زنجیرانە ئاگای لە بەرنامە کۆمەڵایەتی و زانستی و تەندروستییەکان نەماوەو تەنانەت سەیری دووبارەکەشی دەکەنەوە".
لەگەڵ ئەوەدا کە کەسانێک هەن دەڵێن زنجیرەکان بێسوودن، بەڵام تابلۆی تەمەن (٢٠)ساڵ کە خوێندکاری شەشەمی ئامادەییە دەڵێ "با تەڕ و وشک پێکەوە نەسووتێت. لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری ئەڵقە دۆبلاژکراوەکان بێسوودن، بەڵام هەندێکیان زانیاری باشیان تێدایەو سەیریان دەکەم. چونکە گەنج فێری خۆڕاگری و کۆڵنەدان دەکەن".
گوتیشی: "من سەیری شتێک ناکەم سوور بزانم سوودی نییە. گەنجێکیش ئەگەر بزانێت ئەڵقەیەک زەرەرمەندەو ناوەڕۆکەکەی خراپە دەبێ خۆی سەیری نەکات و خۆی پێوە سەرقاڵ نەکات لەبری ئەوە سەیری بەرنامەیەکی باش بکات".
لەبارەی گرنگیدانی کەناڵەکان بە دۆبلاژکردنی ئەو زنجیرانە، بەڕێوەبەری کەناڵی ناوخۆیی گەلی کوردستان بورهان حاجی عەلی، گوتی: "هەوڵمانداوە زۆربەی زنجیرەکانی وڵاتان وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی، بەتایبەت زنجیرە فارسی و تورکی و کۆرییەکان. ئەمەش زیاتر بۆ ناساندنی کەلتوور و شێوەی ژیانی ئەو کۆمەڵگایانەیە".
ئەو دەڵێ هەموو ئەو زنجیرانەی کە لە تەلەفزیۆنەکەی ئەوانەوە دۆبلاژ دەکرێت لەلایەن توێژەری کۆمەڵایەتییەوە سەیردەکرێ و بە چەندین فلتەردا تێدەپەڕێت و دواتر بڕیاری بڵاوکردنەویان لەسەر دەدرێت. "دەبێ لەگەڵ واقعی کۆمەڵگای کوردستان دا بگونجێت". لەبارەی زمانی بەکارهاتوو لە دۆبلاژکردنی زنجیرەکاندا گوتی "ئێمە لەسەرەتاداین و سەرەڕای ئەوەی کەلە کوردستان دا زمانێکی ستاندارد نییە، بەڵام هەوڵمانداوە زمانێکی گونجاو بۆ کارەکان بەکاربهێنین".

www.naliwe.com

### ژنە چالاكوان هودا زەنگەنە بۆ وارڤین:

# رەخنەگرتن لە کابینەی شەش قەدەغەیە

**چالاكوانی بواری ژنان هودا زەنگەنە، لە وتووێژێك لەگەڵ (وارڤین) باس لەپرسی ژن لەنێوان كابینەی ٥ و ٦ـی حكوومەتی هەرێمی كوردستان دەكات و دەڵێ كە سیاسەتی كابینەی شەش بۆ ژن روون نییەو رێگەنادرێت رەخنە لەو كابینەیە بگیردرێت. هاوكات ئەوەش ئاشكرا دەكات كە لەكابینەی ٥ـدا ئەگەر پۆستی وەزیری تەندروستی بە د.جینان درابا، سەركەوتوو دەبوو.**

هەولێر

## كابینەی پێنج بواری بە ژنان دەدا

ژنــە چــالاكــوان هــودا زەنــگــەنــە، لەدەسپێكی وتووێژەكەدا باس لەرەوشی ژن لەكابینەی ٥ دەكات و دەڵــێ ئەوكات پرسی ژن پەرازێز نەخرابوو، چونكە هەرگیز لەمێژووی كوردستان و عێراقدا وەك كابینەی ٥، دەزگایەكی تایبەت بۆ پرسی ژن دانەمەزرا. هودا، ئاماژەی بە وەزارەتی هەرێم بۆ كاروباری ژنان لەسەردەمی كابینەی ٥ دەكات و دەڵێ، پێدانی پۆستەكەی لەبواری پسپۆڕی خۆی نەبوو و نایشارێتەوە كە ئەو كارە نیەتێكی لەپشت بووە“رەنگە نیەتەكە حزبی نەبێ، ئەوەندەی پەیوەندی بەعەقڵ و بیركردنەوە لە رەگەزێكەوە بۆ رەگەزەكەی تر هەبێت. یان رەنگە گروپێك هەبێت نەیانەوێت ژن لەبواری خۆیدا سەركەوتن بەدەستبهێنێت.“بەڕای من ئەگەر د.جینان پۆستی وەزیری تەندروستی هەبوایە سەركەوتنێكی باشی بەدەست دەهێنا، بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆ ئەو ژنانەی پۆستیان پێدەدرێ لەبواری خۆیاندا كاریان پێنادرێت، ئایا ئەمە ترسێك نییە لەوەی كە رەنگە ئەو ژنە ببێتە كەسێكی نموونەیی“.

هودا، دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەكانی توندوتیژی لەسەردەمی كابینەی ٥بەهەنگاوێكی جیدی لەپێناو چارەسەركردنی پرسی ژن دادەنــێ و دەڵێ زۆر كەیس لەو رێگەیەوە كێشەكانی چارەسەر كراوە. هەروەها گوتی كۆمسیۆنێك هەبوو كە سەرۆكی حكوومەت لەكابینەی ٥ سەرپەرشتی كارەكانی دەكرد.“مپێموایە ئـەو بەڕێوبەرایەتییانە زۆر جیدیتربوون لەحەقیبەی وەزارەتێكی ژنان، چونكە ئەوان بەواقیعی كاریان دەكرد“.

لەبارەی دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای خانمانەوە لەكابینەی شەش دا، هـودا بۆچوونی وایـە كە واقیعی ژن لەكوردستاندا پێویستی بەدەیان ئەنجومەنیتر هەیەو ناچاریت ئەنجومەنێكی تایبەتی بۆ دابنێیت“بوونی ئەو ئەنجومەنە زۆر زەروورە، بەڵام گرنگترە ئەوەیە چۆن پێكدێت؟ كێن ئەوانەی پێكیدێنن؟ دەسەڵاتەكانی چین؟ ئینتیمای چۆن دەبێت؟ با یاساو دەیان بەرنامەی جوانی هەبێ، بەڵام ئەگەر كەسەكانی ئینتیمایان بۆ پرسەكە نەبێت نەبوونی زۆر باشترە لە بوونی.

## پێمگوترا دژی كابینەی شەشیت

لـەبـارەی بێدەنگبوونی رێكخراوەكان لەبابەت پرسی پەراوێزخستنی ژن لەكابینەی شەشدا هودا، وایدەبینێت كە بەشیكی زۆری رێكخراوەكان بەسەر پارتی و یەكێتیدا دابەشبوونەو، كاركردنی رێكخراوەكانیش لەئێستادا وابەستەی واقیعی هەرێم و شێوازی سیاسەتی حزبەكانەو بۆیە بێدەنگییان هەڵبژاردووە. ئەو دەڵێ:“كۆمەڵگای كوردستان لەئێستادا رێكخراوەكانی پێویستە، بەڵام بەشێكی كەمیان كە بەپەنجەی دەسـت هەژماردەكرێت زەروورەت دروستیكردوون، ئەمانەش بەمرێژە كەمەیان ناتوانن كاریگەرییان لەسەر كۆمەڵگا هەبێت. لەبەر بـەرژەوەنـدی و رێكەوتنی حزبی ناتوانن دەمبكەنەوەو رەخنە لەم واقیعە بگرن“.

هـودا، وەهـا درێـژەی بەقسەكانی دا:“بەشێكی زۆری ئەندامانی پەرلەمانی رابردوو گلەیی ئەوەیان دەكردو دەیانگوت ناتوانین فڵان وەزیر بانگ بكەین، چونكە سەر بەفلانە حزبە ئێمەش رێكەوتنی حزبی لەنێوانماندا هەیە. ئەم رێكەوتنە حزبیە كاری كردووەتەسەر راگەیاندن و كاری رێكخراو و ئەندامانی پەرلەمانیش، چونكە ئەوانیش هەڵبژێردراوی ئەم دوو حزبەن و ئەوانەی كە دەمێننەوە لەئاست ئەم زۆریەدا ناتوانن هەڵوێستیان هەبێت“.

هــودا، ئاشكرای كـرد كەلە رابــردوودا ئـەوان ویستوویانە بەرامبەر بە كەمتەرخەمی حكوومەت و پەرلەمان لەئاست پرسی ژن دا هەڵوێست وەربگرن، بەڵام پێیگوتراوە ئەوەی ئەو دەیكات لــەدژی كابینەی شەشە، بۆیە دەبــێ بێدەنگ بێت.“راستەوخۆ ئەمەم پێگوترا لەبەر ئەوەی گوتیان خێزانەكەت ئینتیمایان بۆ فلانە حزب هەیە نەك خۆت، ئەگەر هەر چالاكییەكیش بكرێ تۆ نابێ ئامادەبیت، چونكە دەخرێتە قاڵبی شەخسییەوە، ئەمەش زۆر ناخۆشە“.

## رێككەوتنامەی ستراتیژی رێكخراوەكانی ژنی بێدەنگ كردووە

هودا، نایشارێتەوە كە بێدەنگبوونی رێكخراوەكان و كەناڵەكانی میدیا لە ئاست پرسی ژن، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە سیاسەتی كابینەی ٦ وایەو دەبێ بگوترێت هەندێك هەنگاوی باش بۆ پرسی ژن نراوەو نابێ رەخنە لەكابینەیە بگیرێ و بگوترێت

www.netewe.com

هیچی نەکردووە"چونکە ئەگەر وابڵێیت ئەخرێیتە ریزی ئەو حزبەی کە سەرۆکایەتی کابینەی پێنجی پێکهێناوە".

هودا، گوتی کە لەکابینەی ٥ رەخنەیان گرتووەو پێشنیاریان هەبووەو گوێیان لێگیراوە"من ئەو بەرپەچدانەوەی ژن کە دەیتوانی لەکابینەی پێشوو هەبێت، لەئێستادا نابینم، ئەمەش پەیوەندی بەئینتیمای حزبیەوە نییە، بەڵام لەکابینەی پێنجەم لەکەناڵەکان رەخنەمان هەبووەو دواتر داوامان لێکراوە کە کار بکەین، تا ئەم بارودۆخە باشتربکرێت". ئەو چالاکوانە دەڵێ، ئێستا نابێ رەخنە لە کابینەی شەش بگرێت، بەڵکو دەبێ بێدەنگ بیت"چونکە بەهەزار شێوە لێکدانەوەت بۆ دەکرێت. من وەک خۆم بەبەڵگەوە باسی ئەوە دەکەم لەسەر هەڵوێستەکانم بەرامبەر کابینەی شەش هەرەشەم لێکراوە".



ژنە چالاکوان هودا زەنگەنە

فۆتۆ: وارڤین

## شێوازی کادیرانی پارتی گۆڕاوە

هودا زەنگەنە، دەڵێ نەهجی کارکردنی کادیرانی پارتی لەکابینەی شەشدا گۆڕاوە، هەمان ئەوکەسانەی لەکابینەی ٥ کاریان دەکرد، ئێستا پێیان قبوڵ نییە تۆ رەخنە لەکابینەی شەش بگریت ئەمەش پەیوەندی بەو رێککەوتنە ستراتیژییەوە هەیە کە لەنێوان هەردوو حزبدا هەیە."پێیوانیە هەر کەسێ قسەبکات پەیوەندی بەئۆپۆزسیۆنەوە هەیە، بەبێ ئەوەی بیر لەزەرورەت و واقیعی قسەکانی تۆ بکەنەوەو بزانن بۆ رەخنە دەگریت".

هەروەها دەڵێ،"ئەو وا بیردەکاتەوە کە تۆ رەخنە لەکەسێک دەگریت کە ئەو ئاشتی کردووەتەوەو کێشەی لەگەڵی نییە، ئیتر تۆ چۆن دەبێ رەخنەی لێبگریت و تووڕەی کەیت. هەمووی بەرژەوەندی سیاسییە ئەمە نەک کار لەپرسی ژن دەکات، بەڵکو کار لەهەموو بوارەکانیتر دەکات".

## ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەی لەبارەی ژنانەوە نەکردووە

هودا زەنگەنە، دەڵێ لەوەتەی کابینەی شەش دامەزراوە ئاگاداری ئەوە نییە کە هیچ کۆبوونەوەیەک لەبواری پرسی ژنان و کاری رێکخراوەکان کرابێت، من لەگۆڕەپانەکە سراومەتەوەو ئاگام لێنەبووە کۆبوونەوە کرابێت."ئەگەر پرسەکە ناوچەگەرێتی نەبێت، ئەوا ترسی حکومەت لەپرسی ژنانەو پەیوەندی بەسیاسەتی کابینەکەوە هەیە". هودا، ئەوە دەخاتەروو کە لەکابینەی ٥ سیاسەتی حکوومەت روون بووەو ئەوان توانیویانە قسە بکەن و پێشنیاییشیان هەبێت."سیاسەتی کابینەی شەش لەبارەی پرسی ژنەوە روون نییە، تەنانەت بەڵێنی پێکهێنانی ئەنجومەنەکەش دیار نییە، کۆبوونەوەی لابەلاو باسکردنی خەڵکانێک لەئاستی تاک نابێتە سیاسەت و بنەمای کاری حکوومەتێک بۆ پرسی ژن، چونکە ئەوکارە پێویستی بەهاوبەشی و هاوکاریکردنی هەموو لایەک هەیە".

## پەرلەمانتاران شارەزا نین

لەدیدی هوداوە ئەدای ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆ گرنگینەدان بەپرسی ژن بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە کە هەڵبژاردنی کەسەکان بۆ ئەندامێتی پەرلەمان لەسەر بنەمایەکی زانستی و قووڵ نییە، کەسێک کە دەبێتە پەرلەمانتار پێش ئەوەی کاندید بکرێت، پێینەگوتراوە چوونت بۆ ئەو پۆستە مانای چییەو چۆن مامەڵە دەکەیت، لێرە بوون بە ئەندامی پەرلەمان تەنیا پەیوەندی بەئینتیمای خێزانەکەت یان ئینتمای خۆت بۆ حزبێک هەیە"پێویستە ئەو کەسانە ٦ مانگ بەر لەهەڵبژاردنی بۆ پەرلەمانتار، خولێکی ئەزمونیان بۆ بکرێتەوە تا لە ئەرکەکانی خۆیان و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ئاگادار ببنەوە، بەڵام خەڵک لێرە لەناکاو دەبێتە ئەندام پەرلەمان. لێرە کاتێک دەگەنە ساڵی چوارەمی کارکردنیان ئەوکات فێر دەبن ئەرک و کارەکانی پەرلەمان چییە. بۆ نموونە، ساڵی چوارەمی پەرلەمانی خولی رابردوو ئەکتیڤترین خولی پەرلەمان بوو، چونکە ئەزموونیان وەرگرت". لەخولی سێهەمدا ئەوەندە ململانێی حزبی لەنێو پەرلەماندا دروستبووەپرسە مرۆڤییەکان پاشەکشەی کردووە"ئۆپۆزسیۆن دێت پرۆژەیاسایەک پێشکەش دەکات لیستی هاوپەیمانی بەبێئەوەی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی بۆ بکات، لەبەرئەوەی ئۆپۆزسیۆن پێشکەشی کردووە یەکراست رەتیدەکاتەوە".

## بڵاوکردنەوەی ئاماری نادروست کارەساتە

لەبارەی بڵاوکردنەوەی ئاماری توندوتیژی، کوشتن و سووتانی ژنان کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم بڵاو دەکرێتەوە، هودا زەنگەنە، دەڵێ:"ئەو ئامارانەی پێشتر ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بڵاویدەکردەوە لەبارەی کوشتن و توندوتیژی دژ بەژنان ژمارەکانی دروست بوون. چونکە ئەگەر وانەبێت کارەساتە". لەبارەی ئەوەی کە کاربەدەستێکی ئەو بەڕیوەبەرایەتییەی ئێستا پێیوایە ئامارەکانی پێشوو دروست نەبووە، هودا، دەڵێ ئەگەر ئاماری پێشووتر دروست نەبێت، ئەوا ئاماری ئەو شەش مانگەش هیچ بنەمایەکی راستی نییە". هودا لە کۆتاییدا گوتی:"ئێستا رێژەی توندوتیژی و کوشتنی ژنان روو لەزیادبوونەو پێویست ناکات حکوومەت بیشارێتەوە".

www.netewe.com



www.netewe.com

باکووری کوردستان- وان.

فۆتۆ: راسینگر

# ڕەمەزان

# گیرفانی کێ پڕ دەکات؟



پیاوێکی بەساڵاچوو لە کاتی کڕینی شیرینی بۆ بەربانگ

فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

هەولێر

**ساڵانە لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزاندا نرخی کەلوپەل و پێداویستی سەرەکی ژیانی ڕۆژانە نرخەکەی بەرز دەبێتەوەو ئەمەش هاووڵاتییانی نیگەران کردووەو هەندێکیان دەخوازن حکوومەت ڕاستەوخۆ کار لەپێناو ڕاگرتنی هاوسەنگی نرخ بکات و هەندێکیش لەوبڕوایەدان گرانبوونی شمەک لەو مانگەدا کارێکی ئاساییە چونکە خواست لەسەر کاڵا زۆر دەبێت.** دەرخشان ئەنوەر ٤٥ساڵە، کۆمەڵێک کیسەی لەدەست بوو لە دوکانێک مامەڵەی گۆشتی سووری دەکرد و ئەیویست (بەرلەوەی تای لێببێت بەڕە بەخۆیدا بدات) و گووتی: "هاتمە بازاڕ بۆ پێش هاتنی ڕەمەزان پێداویستییەکانمان بکڕم، چونکە لە ڕەمەزاندا نرخی هەمووشتێک بەرزدەبێتەوە".درەخشان هاوسەرەکەی خاوەن پێداویستی تایبەتەو دایکی ٦کچ و ٣کوڕەو دایکیشی لەگەڵیانە، ئەو تووشی شێرپەنجەی خوێن بووە "کوڕەکانم کرێکارن کاردەکەن پارەکەیان بۆ دکتۆر و دەرمانە بۆ ئەم مانگە ناچاربووم پارە لەدراوسێیەکمان بەقەرز وەرگرم".

## به ڕەمەزان دڵخۆشم بەگرانی نیگەران

ئالان جەمال ٢٥ ساڵ، مامۆستای بنەڕەتییە، دەڵێ بەهاتنی مانگی ڕەمەزان زۆر دڵخۆشە، بەڵام بەگرانی ناو بازاڕ زۆر نیگرانە. گوتیشی:"ڕەمەزان مانگێکی زۆرخۆشە لەژیانداو ساڵانە چاوەڕێی ئەو مانگەم بێت تا بە پەرۆشەوە پێشوازی لێدەکەم".

بەهۆی هاتنی مانگی ڕەمەزان کەلوپەل لەناو بازاڕەکان نرخەکانیان بەرزبوونەوەیەکی بەرچاویان بەخۆوە بینییوە، ئالان جەمال، پێیباشە حکوومەت ڕێوشوێنی توند بگرێتەبەر بۆ پاراستنی ڕێزی مانگی ڕەمەزان و بەرزنەبوونەوەی نرخی کاڵاکان و داخرانی ئەو چێشتخانانەی بەبێ مۆڵەت دەکرێنەوە.

درەخشانیش هەمان داوای لە حکوومەت هەیەو دەڵێ"ئەگەر لەم مانگە یارمەتی هەژارانیش نادات با ڕێگا لە بازرگان ودوکاندارەکان بگرێ و نەهێڵێت بەئارەزووی خۆیان نرخ بەرز بکەنەوە".

## بازرگانەکان هۆکارن

هێمن خالید، خاوەنی سوپەرمارکێتەو بەئاشکرا باس لەوەدەکات کەلە بۆنەو یادەکاندا نرخی کاڵاکان بەرز دەبنەوە، چونکە بازرگانەکان زیادە دەخەنەسەر نرخەکان، ئەمە بەهەمانشێوە بۆچوونی ئەحمەد قاسم، خاوەن کۆگایەکی گۆشتفرۆشتنەو لەبارە زیادبوونی نرخی کیلۆیەک گۆشت گوتی:"ئاژەڵ بەکەمی بەخێودەکرێ و ئاژەڵفرۆشەکان بەگرانی دەیفرۆشنەوە پێمان و ئێمەش ناچارین نرخەکان بەرزبکەینەوە".

سالم سالح، مانگی ڕەمەزان بەپڕقازانجترین مانگ دەزانێت و ئەو خۆی خاوەنی فرۆشگەیەکی تایبەت بەکەلوپەلی ژنانە گوتی:"بازرگان بە گران شمەکمان پێدەدات و ئێمەش دووئەوەندەی نرخەکە زیاد دەکەین، چونکە دوای ڕەمەزان و جەژن خەڵک ئەوەندە پێویستی بەبازاڕ نابێ و لەو مانگەدا بەڕێژەیەکی زۆر باشیش قازانج دەکەین".

## ڕەمەزان مانگی گیرفان پڕکردن

مەرعی عارف، بازرگانەو گۆشتی ئاژەڵ دەهێنێتە بازار، ئەو بەسروشتی دەزانێت کاتێک خواست لەسەر کاڵا زیاد بوو نرخ بەرز دەبێتەوە" هەرشتێکیش خواستی زۆربوو ئەوا نرخەکەی بەرز دەبێتەوە". ئەو دانبەوەدادەنێت کەلە ڕەمەزاندا داهاتێکی زۆری دەستدەکەوێت"لە ڕەمەزان داهاتێکی زۆرمان دەستدەکەوێت، بەڵام وەک بازرگانێک ویژدانم ڕێگام پێنادات نرخەکان بگۆڕم، خاوەن دوکانەکان خۆیان دەیخەنە سەرملی بازرگانان".

شێرزاد نەوزاد، بازرگانەو هەموو جۆرە کەلوپەلێک لە تورکیاو چینەوە دەهێنێتە کوردستان و دەڵێ لە مانگی ڕەمەزاندا بەقەد داهاتی نیوەی ساڵێک قازانج دەکات و ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات"بازاڕ ئازادە هەرکەسێک بەپێی ویستی خۆی نرخ دیاری دەکات کەس پەیوەندی بەکەسەوە نییە". سەبارەت بە بەرپرسیارێتی حکوومەت لە ئاست ئەو ڕەوشەی لە بازاڕدا دێتە ئاراوە، چاودێری بازرگانی لە پارێزگای هەولێر محەممەد عەباس گوتی:"هەرچەندە بازاڕ ئازادە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ڕێگا نادەین کەلوپەل لەلای بازرگانەکان نرخی بەرز بێتەوەو حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەفتەبازاڕێکی بۆ خەڵکی کوردستان دروستکردووە، کە نرخی کەلوپەلەکان لەهەموشوێنێک هەرزانترەو بەهیچ جۆرێک گۆڕانکاری بەسەردانایەت".

## بازرگان بووەتە سیاسی، سیاسیش بازرگان

ئابووریناس هیوا حەمید باجەلان لەوبڕوایەدایە پێویستە لە بۆنەو یادەکاندا بازرگانەکانی هەرێم نرخ دابشکێنن نەک بەپێچەوانەوە نرخەکان بەرز بکەنەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرانییەی ڕوولە بازار دەکات"پێویستە بازرگانەکان ڕەچاوی ئایین و ویژدان بکەن چونکە ئەگەربێت و چاوەڕوان بین حکوومەت ڕاستەوخۆ چارسەری ئەم بابەتە بکات، ناکرێ لەبەرئەوە حکوومەت بەردەوام بانگەشەی ئازادی دەکات". ئەو شارەزایەی بواری ئابووری لەو بڕوایەدایە کارەساتی گەورە وەک خۆی ناوی برد ئەوەیە"لە وڵاتی ئێمە بازرگان بووەتە سیاسی، سیاسیش بووەتە بازرگان" و جڵەوی بازاریان بەدەستەوەیە.

## قازانجی تێدایە

خاوەنی چێشتخانەی هەڵمەت لە گەڕەکی نێرگز عزەدین مەلا ڕەسول بەهۆی بڕوای پتەوی بەئایینەکەیەوە وەک خۆی باسیکرد ئەمساڵ چێشخانەکەی نەکردووەتەوە هەرچەندە دەشڵێت"ئەگەر بیکەینەوە قازانج دەکەین".

بەڵام حازم عوسمان ئەبوبکر، خاوەنی چێشتخانەی سەفین لە شەقامی پزیشکان کە هەموو ڕەمەزانێک بەکراوەی دەمێنێتەوە گوتی"ناتوانم دایبخەم چونکە ئەو گارسۆنانەی لەلام کاردەکەن هەموو خاوەن خێزانن منداڵە هەژارن ناکرێ بێکاریان بهێڵمەوە".

ساڵانی پێشوو خاوەن چێشتخانەکان پارەیان دەدا بەپارێزگای هەولێر و مۆڵەتیان وەردەگرت ئینجا ڕێگەیان پێدەدرا بکرێنەوە، بەڵام بەهۆی گەورە بوونی شار خاوەن چێشتخانەکان ئازادن لە کرانەوەیان. حازم عوسمان دەڵێ:"لەگەڵ ئەوەی ئازادین لە کردنەوەی چێشتخانە، بەڵام دەبێ، ڕێنماییەکانی پارێزگا بپارێزین و لەبەر ڕێزی ڕەمەزان پەردە هەڵواسین.

ڕزگار شێخە ٢١ ساڵ و لەبواری ڕاگەیاندن کار دەکات، هەبوونی چێشتخانەکان لەم مانگەدا بەپێوست دەزانێت و دەڵێ:"زۆر گرنگە چێشتخانەکان کراوە بن. چونکە ڕەنگە کەسانێک هەبن کە نەخۆشن ناتوانن ڕۆژوو بگرن یاخود لە ئێستادا گەشتیاران زۆر سەردانی هەرێم دەکەن ناکرێ بێ چیشتخانە بین. شەهێن هەورامی ٢٣ساڵ، قوتابی زانکۆی سەلاحەدینە دەڵێ:"لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزان خەڵکی زۆر بەگەرمەوە پێشوازی لێدەکات، بەڵام "لای من مانگێکی ئاساییە، بەپێویستی دەزانم چێشتخانەکان بکرێنەوە".

## ئایین چی دەڵێت

مەلا عومەر چنگنیانی لەڕووی شەرعەوە گوتی: هەرکەسێک کاڵا بشارێتەوە بۆ ئەوەی نرخی گران بێت ئەوە موحتەکیرەو بەر تووڕەیی خودا دەکەوێت ئەوانەش دەگرێتەوە کەبەهۆی هاتنی ڕەمەزانەوە نرخی کاڵاکە زیاد دەکەن"بۆ کردنەوەی چێشتخانەکان بە ئازادی لەمانگی ڕەمەزان مەلا عومەر، دەڵێ: تەنیا لەڕووی شەرعەوە ڕێگا بە بوونی چێشتخانەیەک دەدرێت، کە بۆ گەشتیاری دەرەوەی شار ئامادەبێ و دەبێ بڕوابوون لە ژوور بەرژەوەندییەوە بێت.

**سانە سلێمان**

www.mletewe.com

## هەڵکشانی تەمەن لەخولیاکانی دوورنەکردووەتەوە

# ژنێکی ٦٠ساڵان بەدەستی خۆی ماڵەکەی دەڕازێنێتەوە

هەولێر

کاتێ روودەکەیتە ماڵەکەی، هەست بەجیاوازی ماڵی ئەو لەگەڵ ماڵی کەسانی ئاسایی دەکەیت، حەوشەو سەردەرگاو باخچە رازاوەکەی دەتبەنەناو دنیای خەیاڵ و دەستڕەنگینییەکەی. لەدیمەنە جوانەکانی حەوشەکەی تێر نابیت، ئەوکاتەی چاوت بەوردەکاری و کارە دەستییەکانی ژووری دانیشتنەکەی دەکەوێت. ئەو ژنێکی بەغدایەو دوای رووداوەکانی عێراق روویکردووەتە هەولێر و ماوەی چەند ساڵێکە لەگەڵ کوڕو کچ و نەوەکانییدا ژیان بەسەردەبات، ئەو ژنە، ئەزهار کینانی ٦١ ساڵانە.

ئەزهار کینانی، وێڕای زەحمەتییەکانی ژیانی، تائێستاش بەدەستە لەرزۆکەکانی سەرقاڵی کاری دەستییە، لەماڵەوەو زۆربەی کاتەکانی بۆ کاری دەستی و ئەو شتانەی بۆ رازاندنەوەی ماڵ بەکاردێت، بەسەر دەبات.

ئەزهار، نەتەنیا بۆخۆی ئەو کارە دەکات و چێژی لێوەردەگرێت، بەڵکو حەزدەکات کچە دراوسێکانیشی فێری هونەرەکەی بکات"زۆرم پێخۆشە شوێنێک هەبێ، کەسانی دیکە فێری ئەو شتانە بکەم کە خۆم دەیانزانم". ئەو لەمنداڵییەوە ئارەزووی ئەوەی هەبووە بەدەستی خۆی شت دروستبکات، زۆربەی یارییەکانی منداڵی بەدەستی خۆی دروستکردووە، لەگەنجیشدا وازی لەخولیاو ئارەزووی کارە دەستییەکانی نەهێناوە. ئەو بۆ زیاتر پەرەدان بەبەهرەکەی چووەتە پەیمانگەی هونەری رازاندنەوەی ماڵ لە بەغدا، دواتر لەچەند پێشانگایەک بەشداریکردووە"لە بەغدا بەشداری چەند پێشانگایەکم کردووە، میوانانی پێشانگاکە کارەکانی منیان زۆر بەلاوە جوان بوو و کەسانی بیانیش کارەکانی منیان دەبینی و بەلایانەوە زۆر جوان بوو".

کینانی، لە کارە دەستییەکانیدا سوود لەو کەرەستانە دەبینێت کە فڕێدەدرێن، بەڵام ئەم بەهایەکی زۆرتر بەو قوتوو و پاشماوە پلاستیکی و لایلۆنییانە دەبەخشێت، کە رۆژانە فڕێیاندەدەین."ئەو قوتووانەی خەڵک فڕێیدەدەن من ئینجانەی گوڵ و زۆر شتی دیکەی لێدروستدەکەم وەک قوتووی کلینکس". ئەوەی بەدەستی خاتوو کینانی دروستدەکرێت وەک خۆی دەڵێ"کاتی زۆر و پارەی ناوێت، چونکە هەموو ماڵێک ئەو کەرەستانەی تێدایە".

ماڵەکەی ئەزهار هەر لەبەر دەرگا تا هەموو ژورەکانی پڕە لەو شتانەی کە بەدەستی خۆی دروستی کردووەو هەریەکە رەنگێکی هەیە. وا هەستدەکەی رۆیشتوویەتە پێشانگا، نەک ماڵێکی ئاسایی، لەبنمیچی دیوارێکی ژووری میوانانەکاندا کە هۆڵێکی گەورە بوو و کتێبخانەیەکی پڕ کتێبی کۆن و نوێی تێدابوو، پارچە دارێکی وشکی بچووکی هەڵواسیوە، کۆمەڵێک لقی پێوە ماوە هەر لقێکی زنجیرە مووروێکی پێوە هەڵواسیووە، دیمەنێکی زۆر جوانی بە ژوورەکە بەخشیبووە. لەژوورێکی دیکەی ماڵە گەلەری ئاساکەیدا، کینانی دارێکی وشکی بەرزی داناوە بە گوڵی پەمەیی رازاندوویەتەوە، باخچەکەشی پڕە لە بەردی رەنگاورەنگ و ئینجانەی گوڵ هەریەکەیان رەنگێکە سوور، شین، سەوز و زەرد، جوانییەکی زۆری پێداوە. هەموو ئینجانەکان لە قوتووی بێکەڵک دروستکراوون، لەگۆشەیەکی سەرووی باخچەکە کاتژمێرێک دانراوەو کەمێک لەولاترەوە لەسەر پارچە پلێتێک نیگاری کچێکی چاو سەوزی کڵاوبەسەری خنجیلانە هەڵواسرابوو، لێرەدا هەستی جوانی کینانی بۆ نەوەکانی دەردەکەوت و هەستی ئەو بۆ ژیان لەتەمەنی پیریدا وایلێکردبوو




لەناو لانکەیەکی راژەناندنی کۆرپەی ساوادا چەند ئینجانەیەک گوڵ ریز بکات و مانای ژیان بەلانک بداتەوە.

کینانی ئەو هەوڵەی خۆی بەخزمەتێک بۆ ژینگە وەسفدەکات"ئەو شتانەی خەڵک فڕێیدەدەن وەک کارتۆن، قوتووی پلاستیک، دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە، بەڵام کاتێک بەکاردەهێنرێت بۆ درووستکردنی شتی رازاندنەوەی ماڵ بۆ ژینگە سوودی هەیەو لە پیسبوون دەیپارێزێت".

ئەزهار، جگە لەوەی لە قوتوو، کارتۆن و قوماش کەرەستەکانی رازاندنەوەی ماڵ دروستدەکات، چەند تابلۆیەکی جۆراوجۆریشی بەرەنگە ئاوییەکان و رەنگی زەیتی دروستکردووە"سەرەتا نەمدەزانی وێنەی دەستی بکێشم، بەڵام دوای چەند هەوڵدانێک چەند تابلۆیەکم درووستکرد".

کینانی، وێڕای کارە دەستییەکان و تابلۆکانی، کتێبێکیشی لەسەر چۆنیەتی درووستکردنی خواردن نووسیووە بەناوی (رێگا راستەکانی دروستکردنی خواردن)، بەڵام تائێستا بەچاپی نەگەیاندووە.

www.netewe.com




گۆڵچی تیپی تۆپی دەستی یانەی وەرزشی قەڵای تورکمان (یادی محەممەد)

فۆتۆ: وارڤین

## گۆڵچی یانەی قەڵای تورکمانی تۆپی دەست (یادی محەممەد):

# تۆپی دەست لە کوردستان بەرەو پێش دەچێت

یاریی تۆپی دەست جگە لە کوردستانی خۆمان، لە وڵاتانی دیکەش خاوەن جەماوەرێکی باشی وەرزشییە، بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی رابردوودا، سەرەڕای کەمی بایەخ بە وەرزشی ئافرەتان، بەڵام پێشڤەچوونێکی باش بە تۆپی دەستەوە دیارە لە سەر ئاستی کوڕان و کچاندا، یەکێک لەو کچەیاریزانانەی کە ئاستێکی بەرچاوی هەیە، گۆڵچی تیپی تۆپی دەستی یانەی وەرزشیی قەڵای تورکمان (یادی محەممەد)ـە، کە وارڤین دیدارێکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

هەولێر

* پێناسەیەکی خۆت و چۆنییەتی ئاشنابوونت بە وەرزش بۆ خوێنەرانی وارڤین باس بکەن...؟

- ناوم یادی محەممەد سدیق لە دایکبووی ساڵی١٩٨٦ی شاری هەولێر، سەرەتا وەکو هەر قوتابییەک لە قوتابخانە دەستم بە وەرزش کرد، بەڵام حەز و ئارەزووم زۆر لە یاریی تۆپی دەست هەبوو، بە تایبەتی گۆڵچیاتی، هەر بۆیەش توانیم سەرەتا لە رێگەی قوتابخانەکەم ئەم یارییە ئەنجام بدەم، پاشانیش بۆ درێژەدان بە کاروانی وەرزشیم رووم لە یانەی وەرزشی ئافرەتانی هەولێر کرد، بەڵام ئەمساڵ رووم کردە یانەی وەرزشیی قەڵای تورکمان و تا ئێستاش لەگەڵیاندا بەردەوامم.

* چۆن بوو یانەی ئافرەتانت جێهێشت و چووی بۆ یانەی قەڵای تورکمان؟

- لە راستیدا من زۆر حەزم لەوە دەکرد رۆژێک لە رۆژان بتوانم لە ریزی یانەی قەڵای تورکمان یاری بکەم، بە هۆی ئەوەی لە رێگەی ئەو یانەوە دەتوانم ئامانجە وەرزشییەکانم بهێنمە دی.

*ئایا بەشداریت لە هیچ پاڵەوانیەتییەکدا کردووە؟

- بەڵێ بێگومان، نزیکەی بۆ (٨) ساڵ دەچێت لە ناو بواری وەرزشکردندام، دەتوانم بڵێم لەگەڵ یانەی ئافرەتانی هەولێر و لەسەر ئاستی قوتابخانەکان چەندین ئەنجامی بەرچاومان بەدەستهێناوە، کە ناتوانم لێرەدا ئاماژە بە هەموویان بکەم.

*ئاستی یاریی تۆپی دەستی کچان لەشاری هەولێر بە تێڕوانینی خۆت چۆن دەبینی؟

- دەتوانم بڵێم تۆپی دەست لە کوردستاندا رۆژ بە رۆژ هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێت، بە هەوڵ و کۆششی خەمخۆران وبەرپرسانی وەرزشی ئەم شاری هەولێر هیوام زۆرە کە لەمە زیاتر بەرەوە پێشەوە هەنگاو بنێت.

* تیپەکەتان ئێستا خەریکی مەشق و راهێنانە، چیتان لە پێشدا هەیە؟

ئێمە نزیکەی بۆ دوو مانگە لەسەر یەکدی، رۆژانە مەشق و راهێنان ئەنجام دەدەین، بۆ خۆئامادەکردنمان بۆ خولی نایابی تۆپی دەستی کوردستان، بەڵام نازانم هۆی چی بوو بە بریاری یەکیەتیی ناوەندیی تۆپی دەستی کوردستان خولەکەیان دواخست بۆ دوای جەژنی رەمەزان، ئەم دواخستنەیش لە بەرژەوەندیی هیچ یانەیەکدا نییە، بە هۆی ئەوەی دوای جەژنی رەمەزان دەرگەی قوتابخانەکان دەکرێتەوە.

* گیروگرفتەکان دیکەتان چییە؟

- گیروگرفت زۆرن ناتوانم ئاماژە بە هەموو شتێک بکەم، بەڵام لە هەموویان گرنگتر ئەوەیش نەبوونی هۆڵی وەرزشی تایبەت بە ئافرەتانە بۆ مەشق و راهێنان، کە ئەمەش گرفتێکە نازانم کەی چارەسەرێکی تەواوی بۆ دەکرێت.

*داواکارییت لە بەرپرسان و لایەنە پەیوەندیدارە وەرزشییەکان چییە؟


- داواکارم لە یەکێتی ناوەندیی تۆپی دەستی کوردستان، کە زوو زوو خول و پاڵەوانیەتی بۆ یانەکان ئەنجام بدات،ئەگەر بکرێ راهێنەران و ناوبژیوانانیش رەوانەی دەرەوەی وڵات بکەن بە مەبەستی بەشداریکردنیان لە خولی جۆراوجۆر، بۆ ئەوەی لە شتە هەنوکەییەکان و یاساکانی یاریی تۆپی دەست ئاگاداربن، یان بە پێچەوانەوە ئەگەر بکرێت راهێنەرانی خاوەن ئەزموون لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بهێننە کوردستان بۆ کردنەوەی خولی جۆراوجۆری تایبەت بەو یارییە.



تیپی تۆپی دەستی یانەی وەرزشی قەڵای تورکمان

فۆتۆ: وارڤین

www.netewe.com



# نازناوێکی دیکە بۆ سڤیتلانا کۆزینتسۆڤا

کچەیاریزانی رووسی سڤیتلانا کۆزینتسۆڤا نازناوێکی دیکەی خستە سەر دەستکەوتەکانی و پاڵەوانیەتیی سان دییگۆی بردەوە.

لە یاریی کۆتایی پاڵەوانیەتیی سان دییگۆدا، کە لە ویلایەتی کالیفۆرنیا بەڕێوە چوو، کچەیاریزانی کچەیاریزانی رووسی سڤیتلانا کۆزینتسۆڤا سەرکەوتنی تۆمار کرد و نازناوی پاڵەوانیتییەکەی بردەوە، دوای ئەوەی بە ئەنجامی ٢-١ کۆمەڵە لە کچەیاریزانی پۆڵەندی ئەنیسکا رادڤانسکای بردەوە. ئەنجامی کۆمەڵەخاڵەکانیش ٦-٤، ٦-٧ و ٦-٣ بوو.

ئەمەش دەسکەوتێکی دیکە بوو بۆ سڤتیلانا و بەو ئەنجامەش لە ریزبەندی گشتیی یاریزاناندا خاڵی زیاتر بەدەست دەهێنێت و شوێنی خۆی باشتر دەکات

## بەهۆی نەبوونی بودجە

# پاڵەوانیەتی تۆپی دەستی کچانی کوردستان دواخرا

هەولێر

بە هۆی دابیننەکردنی بوودجە لە لایەن لیژنەی ئۆلۆمپیی هەرێمی کوردستانەوە، پاڵەوانیەتیی تۆپی دەستی نایابی یانەکانی کوردستان هاتە دواخستن.

لـەو بـارەیـەوە سکرتێری یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان سەرکەوت موحسین بە "وارڤین"ـی راگەیاند: "بە هۆی ئەوەی لیژنەی ئۆلۆمپیی هەرێمی کوردستان بودجەی پاڵەوانیتییەکەی بۆ دابـین نەکردین، بۆیە ئێمەش بە ناچاری تا کاتێکی نادیار دوانخست، چونکە ئێمە لە لای خۆمان ناتوانین خەرجیی پاڵەوانیتییەکی لەو ئاستە لە ئەستۆ بگرین."

گوتیشی: "چـاوەڕێ دەکـەیـن بزانین لە دوای ماوەیەکی دیکە چارەنووسی بودجەی پاڵەوانیتییەکە چی لێ دێت، ئەگەر بۆمان دابین کرا، ئێمە پاڵەوانیتییەکە بەڕێوە دەبەین".

دەبوو سەرەتای ئـەم مـانـگـە پـاڵـەوانـیـەتـیـی تـۆپـی دەسـتـی نایابی یانەکانی کـوردسـتـان لە ئـاسـتـی کچانی لە کۆیە بەڕێوە بـچـێـت، کـە ٧ یانە ئامادەبوون بەشداریی بکەن.



# پارێزگاری سلێمانی ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی بە کچانی یانەی نەورۆز دەبەخشێت

بە مەبەستی پاراستنی کچانی نـەورۆز لە مەترسی رووداوەکـانـی هاتوچۆ، پارێزگاری سلێمانی ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی بۆ مەشقەکانی ئەو تیپە دابین دەکات.

سایتی یانەی سلێمانی بڵاوی کردەوە کە لەو کۆبوونەوەیەی، کە هەفتەی پێشوو لەگەڵ دەستەی کارگێڕیی یانەی نەورۆزدا ئەنجامی دا، پارێزگاری سلێمانی بەهرۆز محەممەد بڕیاری دا ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی بۆ تیپی پایسکلسواریی کچانی یانەی نەورۆز دابین بکات تا لە کاتی مەشق و ڕاهێنانەکانیاندا لەسەر ڕێگەوبانەکان، لە مەترسییەکانی رووداوی هاتوچۆ دووربن.

بڕیارەکەی پارێزگار پاش گلەیی ئیدارەی نەورۆز بوو بەوەی کە تیپەکەیان لە کاتی مەشقەکاندا لەسەر شەقامەکانی دەرەوە دووچاری گرفت دەبن و مەترسی هاتوچۆیان لەسەرە، بۆیە پارێزگار بڕیاری دا کە نووسراوێک ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی بکات تا ئۆتۆمبێلی تایبەتی بۆ یانەی نەورۆز دابین بکرێت.

www.netewe.com

# دەڵێن لە کوردستان وەرزش بۆ ژنانیشە!؟



ئەرسەلان عەبدوڵڵا

لەگەڵ ئەوەی بەرپرسانی باڵای وڵات و بەرپرسانی حزب و حکوومەت و بەرپرسانی وەرزشی لە وەزارەتی رۆژشنبیری و لاوان و لیژنەی ئۆڵمپیی هەرێمی کوردستان، هـەردەم لە لێدوانە بریقەدارەکانیان جەخت لەسەر ئـەوە دەکەنەوە کە "وەرزش بۆ هەمووانە" و پێویستە وەرزش بۆ هەردوو رەگەز بە یەکسانی بێت و ماف و گرنگیدان بە هەردوو رەگەز لە رووی وەرزشە پێویستە جیاوازیی تێدا نەکرێت. ئەوە قسەی ئەوانە، قسەی من و یاریزانان و وەرزشوانان نییە.

بەڵام بە داخەوە ئەوەی لە ئەرزی واقیعدا دەیبینین و رۆژانە لەگەڵیدا گوزەر دەکەین، تەواو پێچەوانەیە.

بۆ نموونە: پاڵەوانیەتیی تۆپی دەستی نایابی یانەکانی کوردستان بۆ تیپەکانی کچان، کە بڕیار بوو سەرەتای ئەم مانگە لە کۆیە بکرێت، کەچی ئەنجام نەدرا، بە هۆی ئەوەی کە لیژنەی ئۆڵمپیی هەرێمی کوردستان پارەی نییە بیداتە یەکێتی تۆپی دەست، تا پاڵەوانیەتییەکە بەڕێوە ببات، ئێ خۆ پاڵەوانیەتییش بە خۆڕایی و لە راهی خوا بەڕێوە ناچێت.

هـەروەهـا تیپەکانی فوتساڵی کچانی یانەکانی کوردستان، هـەر چەندە ژمـارەیـان لە پەنجەی دەست تێپەڕ نابێت، رۆژانە لە رۆژنامە و بڵاوکراوە وەرزشییەکان داد و بێدادیانە و ناڕەزایی خۆیان بەرانبەر بە ئەنجامنەدانی پاڵەوانیەتیی بۆ یاریی فوتساڵی کچان دەردەبـڕن، ئەوان بێزارن لەوەی رۆژانە مەشق دەکەن، بەڵام ساڵی جارێک (یاڵڵا) پاڵەوانیەتییەکیان بۆ ساز بکەن.

یەکێتی تۆپی پێی کوردستانیش گلەیی لە یانەکانی کوردستان دەکات، کە تیپی کچانیان نییە، یانەکانیش دەڵێن پارەمان نییە بۆ دامەزراندنی تیپی کچان و یاریگە و هۆڵمان بۆ مەشقی ئەوان نییە.

جا بەڕاستی خەمخۆرانی وەرزشی ژنان لەو ئاستەدا نازانن رووی رەخنە لە کێ بکەن. ژنـان مافی خۆیانە پاڵەوانیەتییان بۆ رێک بخرێت، یەکێتی تۆپی پێش مافی خۆیەتی کە چەند یانەیەک تیپی ئەو یارییەیان هەبێت تا پاڵەوانیەتییان بۆ رێک بخات، هەروەها یانەکانیش مافی خۆیانە، کە تیپی فوتساڵی کچانیان نەبێت، چونکە جگە لەوەی مینحە و بودجەیان کەمە، زۆربەی زۆریان یاریگەی پێویست و هۆڵی داخراویان نییە.

لە لایەکی دیکەوە چەندین جارە دەخوێنمەوە، کە کچانی دەڤـەری سۆران داوای هۆڵێکی داخراوی وەرزشی دەکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن وەرزش بکەن و تواناکانی خۆیان بە پێش بخەن. بەڵام بە داخەوە کەس ئاوڕیان لێ ناداتەوە و لە هەموو ئاوەدانی و پڕۆژە خزمەتگوزارییانە، هۆڵێک لە کیژۆڵەکان سۆران بە ڕەوا نابینن.

نموونەیەکی دیکەیش، کە جێی داخە، جیاوازییە لە نێوان پاداشتی وەرزشوانانی کوڕ و کچ، بۆ نموونە گولستان مەحمود دوو میدالیای زێڕی لە ئاستی وڵاتانی عەرەبی بردەوە، کەچی ٢٠٠ دۆلار پاداشتی پێ دراوە، کەچی هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان هەر ئەندامێکی شاندەکەیان، کە چووبوونە ماڵتا، نزیکەی هەزار دۆلاریان پێ بەخشراوە، ئا ئەوەیە یەکسانی رەگـەزی لە وەرزشـی کوردستاندا، خۆ ئەگەر بێینە سەر لۆژیک، دەستکەوتەکەی گولستان لەوەی هەڵبژاردەی کوردستان گەورەترە.


لێرەدا دەڵێم: ئەو بارودۆخە بەو شێوەیە نابێت بمێنێتەوە، چونکە کاردانەوە و رەنگدانەوەی خراپی دەبێت، پێویستە حکوومەت و حزب و دامەزراوە وەرزشییەکان بەڵێن و کارنامە و قسەکانیان ببەنە سەر، ئەگەریش نا، دەکرێت واز لە قسەی زل و هەڵخەڵتێنەر بهێنن و چیدی نەڵێن "لەو وڵاتەدا دەبێت وەرزش بۆ هەمووان بێت".

arsalansport@gmail.com



www.netewe.com

# بەکارهێنانی دەستەسڕی نانخواردن



کنێر عەبدوڵڵا

یەکێک لە ئامرازەکانی نانخواردن، دەستەسڕە. کەواتە پێویستە لەکاتی نانخواردندا بایەخ بەڕێسای بەکارهێنانی دەستەسڕ بدەین. بەکارهێنانی دەستەسڕ لەکاتی نـانـخـواردنـدا وەک تـەواوی ئامرازەکانی دیکە، خۆی دەسەپێنێت. ئەگەرچی سروشتی بەکارهێنان و وەزیفەکەی دەگۆڕێت، بەڵام لەسەرەتای نـانـخـواردنـەوە تاکۆتایی پێویستت پێیەتی.

چۆنیەتی بەکارهێنانی

*لە بانگهێشتە نافەرمییەکاندا، لەکاتی دانیشتن لەسەر خوان، دەستەسڕ لەسەر هەردوو ران دادەنرێت .

*لە بانگهێشتە فەرمییەکاندا، پێویستە چاوەڕوانی خاوەن بانگهێشت بکرێت و دوای دانانی دەستەسڕ لەلایەن ئەوەوە، پێویستە میوان دەستەسڕ دابنێت.

لـەکـاتـی نـانـخـواردنـدا، دەسـتـەسـڕ لـەنـاوچـەکـانـی، یـەخـەی کـراس، کەمەربەست، لەنێوان قۆپچەی کراسدا، دادەنرێت.

دوای نـانـخـواردن، بـەمـەبـەسـتـی پـاکـکـردنـەوەی دەمـولـێـو، بەنەرمی و هێواشی دەخرێتەسەر لێوەکان.

لـەکـۆتـایـی نـانـخـواردن و لەکاتی نانخواردنیشدا، دەشێت دەستەسڕەکە بـەتـەواوی لابـدرێـت. لـەهـەردوو بـاردا پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت.

١.دەستەسڕەکە لای چەپی قاپەکەوە دادەنرێت.

٢.لەکاتی لابردنی قاپەکان لەسەر مێزی نانخواردن، دەستەسڕەکە لەناوەڕاست لەبەردەم شوێنی دانیشتندا، دادەنرێت.

٣.لەسەر میزی نانخواردنەکە فڕێیمەدە، یان هەوڵی ئەوە مەدە جارێکی دیکە وەک خۆی دایبنێیتەوە، بەشێوەیەکی نارێک دایبنێ، بۆ ئەوەی پاشماوەکەی ناوی پەرشوبڵاو نەبێتەوە.

٤.لەبانگێشتە فەرمییەکاندا، سەرەتا خـاوەن بانگهێشتەکە دەستەسڕەکە لـەسـەر مـێـزی نـانـخـواردنـەکـە وەک ئـامـاژەیـەک بەتەواوبوونی ژەمەکە، دادەنـێـت پاشان میوانەکان لـەدوای ئەوەوە دایدەنێن.

Kner_abdullah@yahoo.com

www.netewe.com




www.nelewe.com

هەولێر- ٢٠١٠. گەرەکێکی هەژارنشین کە پلەی خزمەتگوزاری تییدا سفرە

فۆتۆ: رەفیق

# خەنە...

# ئەو دەرمانەی پێنجهەزار ساڵە ژنان دەستبەرداری نەبوون



ساکار رۆستەم

نهێنی خەنە، لە رەنگە جوان و بۆنە خۆشەکەیدایەو هەر ئەمە وایکردووە بەدرێژایی پێنجهەزار ساڵی رابردوو تائێستا خەنەی سروشتی بایەخی خۆی لای ژنان بەگشتی و ژنی کورد بەتایبەتی لەدەستنەدات.

هەولێر

خەنە دارێکی بچووکی کورتەو لقەکانی زۆر بڵاون، گەڵاکانی دوای لێکردنەوەیان وشکدەکرێنەوەو ئیجا ورد دەکرێت و لەشێوەی هاڕاوەیەکدا دەکرێتەناو کیسەی تایبەتییەوەو هەناردەی بازاڕ دەکرێت. لەجۆرە کۆنەکانی خەنە کەلە بازاڕەکانی هەرێمدا رەواجی هەبووە خەنەی جووت فەیسەڵ یان جوت برا بووە.

ئەڤین رەئـوف، (١٩ ساڵ)، زۆرجار خەنە بۆ رەنگکردنی قژی بەکاردەهێنێت، گوتی" جاری واهەبووە لەمانگێک ٣٠ جار خەنەم لە قژم داوە". گوتیشی"هیچ کات لەبەکارهێنانی خەنە بێزار نابم، سوودێکی زۆری بۆ قژم هەبووە، چونکە شتێکی سروشتییە".

دایکی لانە (٣٦ ساڵ)، ماوەی ٢٠ ساڵەو بەردەوام خەنە بۆ جوانکردنی قـژی بەکاردەهێنێت و دەڵێ"پرسیاریشم کردووە لەڕووی تەندروستییەوە سوودی زۆری هەیە".

لەهەرێمی کوردستاندا نەک تەنیا ئافرەتانی بەتەمەن بەڵکو کچانی زانکۆش خەنە بەکار دەهێنن، پەری (٢٤ سال) کچە قوتابیەکی زانکۆیە، زۆر حەزی لەبەکارهێنانی خەنەیە"بەبەردەوامی خەنە بەکار دەهێنم، چونکە جوانییەکی بێوێنە بە قژ دەبەخشێت".

هێرۆ دارا (٢٧) ساڵ مـاوەی ٨ ساڵە خەنە بۆ رەنگکردنی قژی بەکاردەهێنێت و لەوبڕوایەدایە قژە تەنک و بێهێزەکەی بەهۆی بەکارهێنانی خەنەوە"زۆر باش بووە"چونکە وەک خۆی گوتی "سروشتییە بۆیە سوودی زۆری هەیە".

سەیفەدین نەجمەدین کـە دوکـانـی فرۆشتنی کەرستەکانی جوانکاری ژنانی هەیە سەبارەت بە بەکارهێنانی خەنە گـوتـی"زۆر کـەس خەنە بەکاردەهێنێت و زیـاتـر ئـەو خـەنـە نوێیانە بەکاردەهێنن کە کاتی بەکارهێنانی زۆر کەمە تەنیا ١٠ خولەکێک دەبێت".

ئەو خەنەیەی کە ئێستا لەبازاڕەکانی کوردستاندایە زۆر رەنگی هەیە: رەش، سوور، قاوەیی کاڵ و تێر کە بۆ هەموو جۆرە قژێک دەبێت. لەگەڵ ئەوەش زۆر جۆری هەیە کە خەنەی هیندی و ملخوار و گوڵ لەناسراوترینیانە.

ئـەوەی خەنە لەدەرمانەکانی دیکەی رەنگکردن جیادەکاتەوە جگە لەسروشتیبوونەکەی، پرسی بەکارهێنانییەتی لـەڕووی ئاینییەوەو ئیسلام وەک ئایین بەکارهێنانی خەنەی بۆ ژن قەدەخە نەکردووە.

ژنان بەمەبەستی بەکارهێنان ئەو تۆزە هاڕاوەی گەڵای خەنە بەگوێرەی پێویست ئاوی تێدەکەن و دواتر وەک هەویر ئاوەکەو تۆزەکە تێکەڵدەکەن و دەیشێلن و زیاتر شەوان بەرلە خەوتن لەسەری دەگرن.

سەبارەت بە کاریگەری و سوودەکانی خەنە بۆ قژ و پێستی مرۆڤ پزیشکی پێست دکتۆر مشیر محەمەد، دەڵێ:"تا ئێستا تاقیکردنەوە لەسەر خەنە نەکراوە، تا بزاندرێت سوودی هەیە یان نا، بەڵام لەکۆنەوە خەڵک زۆر بەکاریان هێناوە بۆ پاککردنەوەی برین و هەندێک خەڵکیش خەنە بەچارەسەر دادەنێت بۆ پرچهەڵوەرین و کۆمەڵێک کێشەی دیکە ئەمەش بەگوێرەی ئەزموونی خۆیان". گوتی"بەکارهێنانی خەنە بۆ چارەسەرکردنی سەر ئێشە زیاتر پەیوەندی بەلایەنی دەروونیەوە هەیە".

ئەو گوتیشی"بەگوێرەی ئەزموونی خەڵک خەنەی سروشتی سـوودی هەیە، بـەڵام ئێستا هەندێک جۆری خەنە هەن ماددەی دیکەیان تێدایەو بۆیە هەندێکجار ئەو کەسانەی بەکاریانهێناوە تووشی نەخۆشی پێست بوونە، بۆیە لەو بڕوایەدام سوودی خەنە دەوەستێتە سەر جۆر و باشی و سروشتی خەنەکە".



www.netewe.com

# خەنە یەکێکە لە کاریگەرترین دەرمانەکانی ڕێگر لەهەڵوەرینی قژ و ئەگەر کەسێک بەبەردەوامی بەکاریبهێنێت هیچ کات تووشی هەڵوەرینی قژ نابێت

ژیان قادر (٤٥) ماوەی ٢٥ساڵە خەنە بۆ قژی بەکاردەهێنێت و دەڵێ کە سوودی زۆری لێوەرگرتووە، بەڵام ماوەیەک تووشی نەخۆشی پێست بووە بەهۆی بەکارهێنانی ئەو خەنەنانەی کە ئێستا لە بازاڕ دەفرۆشێت"پێشتر خەنەم بەکارهێناوە هیچ کێشەیەکم نەبووە، بەڵام لەگەڵ بەکارهێنانی جۆرێک لەو خەنە نوێیانە تووشی حەساسییە بووم و کاتێک بەکارمدەهێنا دەموچاوم سوور هەڵدەگەڕا".

لە توێژینەوەیەکی نوێ کە (د.ڕۆبەرت جۆنس) مامۆستای بەشی بایۆلۆژی لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسا ئەنجامیداوە لەسەر خەنەو کاریگەرییەکانی لەسەر قژ، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی خەنە یەکێکە لە کاریگەرترین دەرمانەکانی ڕێگر لەهەڵوەرینی قژ و ئەگەر کەسێک بەبەردەوامی بەکاریبهێنێت هیچ کات تووشی هەڵوەرینی قژ نابێت.

جگە لەوەی بەکارهێنانی خەنە بۆ ڕەنگکردنی قژ هەر لەکۆنەوە باو بووە لەناو ژنان بەرەنگە سوورەکەشی جۆرەها نەخش و وێنەیان لەسەر پێستیان دروستکردووە. ئەو ڕەنگە بۆ ماوەیەکی زۆر نامێنێتەوە و زوو لەسەر پێست دەڕوات. هەریەک لە نەتەوەگەلی کورد، فارس، عەرەب و تەنانەت نەتەوەکانی هیند و پاکستانیش خەنەیان بەکارهێناوە. خەنە، هەندێکجار بۆ دەربڕینی پێگەو کەسایەتی ژنان بەکار هاتووە.

یەکەمجار ٥٠٠٠ ساڵ پێش زایین مسیرییە کۆنەکان خەنەیان بەکارهێناوە، بە خەنە نەخشی جۆراوجۆریان لەسەر دەستی مردووەکانیان دروستکردووە، چونکە باوەڕیان وابووە ئەگەر دەستی مردووەکانیان بە خەنە بنەخشێنن ئەوا لە مەترسی روحە شەڕەنگێزەکان دوور دەبێت و ئەو نەخشانە پاریزگاری لە جەستەی دەکەن.

لە کوردستان خەنە لە بۆنەیەکی تایبەتدا بەکارهێنراوەو بۆ دەربڕینی خۆشی و تەنانەت مرازگرتنەوەی کچان و ئەویش ئەوکاتەیە کە شەوی پێش گواستنەوە بووک هاوڕێیەکانی خۆی بانگهێشتدەکات و کۆڕێکی تایبەت بە کچان پێکدێت و ئەو کچانە خۆیان گۆرانیدەڵێن و خەنە لەدەستی خۆیان و بووک دەدەن و هەریەکەیان مرازێک لەدڵی خۆی دادەنێت و ئاواتی هاتنەدی بۆ دەخوازێت، بەو مەراسیمەش دەگوترێت"خەنەبەندان".

سروە هادی (٢٢ ساڵ) ئاهەنگی خەنەبەندانی کردووەو زۆر بەلایەوە خۆش بووە گوتی:"ئێستاش هەموو چرکەکانی ئەو شەوەم لەبیرە لەگەڵ کچەکانی هاوڕێم لە باخچەکەی ماڵی خۆمان ئاهەنگێکی خنجیلانەمان گێڕا".

ئەو سەبارەت بەبوونی ئەو ئاهەنگە گوتی:"لەداپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە کە بڕوایان وابووە دەبێتە هۆی هێنانەدی مرازەکانی بووک و ئەو کەسانەی بانگهێشتکراون بۆ ئاهەنگەکە".





# هاوسەران چییان لە پەیوەندی سێکسی دەستدەکەوێت؟

١. هەستی بۆنکردن: دوای پەیوەندی سێکسی، ڕژانی هۆرمۆنی پرۆلاکتین زیاد دەبێت. ئەو هۆرمۆنە دەبێتە هۆی ئەوەی خانە بنچینەییەکانی مێشک نۆرۆنگەلێکی نوێ لەپیازی بۆنکردن (ئۆلفاکتەری بۆڵب)ی مێشکدا دروست بکەن.( لەماوەی شیردان بەمنداڵیشدا باشبوونەوەی هەستی بۆنکردنی ژنان دەبینرێت).

٢. کەمبوونەوەی مەترسی نەخۆشییەکانی دڵ: هەبوونی زیاتر لە٣جار پەیوەندی سێکسی لەماوەی هەفتەیەکدا مەترسی تووشبوون بەنەخۆشییەکانی دڵ لە پیاواندا بۆ نیوە دادەبەزێنێت و کۆلسترۆڵی خراپی خوێنیش کەمدەکاتەوە.

٣. کەمکردنەوەی کێش و ڕێکوپێکی جەستە: پەیوەندی سێکسی جۆرێک لەچالاکی جەستەییە. پەیوەندییەکی سێکسی گەرم ٢٠٠ کالۆری وزە دەسووتێنێت. واتە بەرامبەر ١٥ خولەک ڕاکردن لەسەر ئامێری تردمیل (ئەو ئامێرەی ژنان لەماڵەوە بۆ وەرزش بەکاری دێنن- وەک پایسکیل وایە، بەڵام لەجێی خۆی ناجووڵێت). لەکاتی پەیوەندی سێکسیدا لێدانی دڵی کەسی ورووژاو (لەبواری سێکسییەوە) لە ٧٠ جار لەخولەکێکدا بۆ ١٥٠جار لەیەک خولەکدا بەرز دەبێتەوە. گرژبوونەوەی کاتی پەیوەندی سێکسی دەبێتە هۆی ڕاهێنان و جووڵاندنی ماسوولکەکانی ڕان، پشتەوەی کۆم، بازۆڵە، مل و سنگ.

پلاسمای تۆی پیاوان هۆرمۆنگەلێکی تێدایە کە گرێی تیرۆئید دەورووژێنن. ئەو کارە دەتوانێت ببێتەهۆی زیادبوونی متابۆلیسمی بنەڕەتی لە ژناندا و کێشیان دابەزێنێت.

٤. پەیوەندی سێکسی دەبێتەهۆی زۆربوونی بەرهەمهێنانی هۆرمۆنی تستۆسترۆن: ئەم هۆرمۆنە دەبێتەهۆی بەهێزبوونی ماسوولکەو ئێسقانەکان.

٥. کەمبوونەوەی خەمۆکی: ئەو ژنانەی کەلە بواری سێکسییەوە چالاکن و هاوبەشی سێکسییان کۆندۆم بەکارناهێنێ، کەمتر ئامادەیی ئەوەیان تێدایە کە تووشی خەمۆکی بن. هۆرمۆنی پرۆستاگلاندینی تۆی پیاوان لەڕێگەی کۆئەندامی زاوزێی ژنانەوە وەردەگیرێت و دەبێتەهۆی هەموارکردنی هۆرمۆنە ژنانەکان. تۆی پیاوان هۆرمۆنگەلی ئیسترۆجێن و پرۆجێسترۆنی تێدایە کە هەردووکیان لەباشبوونی میزاجی مرۆڤدا کاریگەرییان هەیە. ئەو ژنانەی کە تۆی پیاوەکانیان پێدەگات (پەیوەندی سێکسی بێ کۆندۆم) شادۆمانترن. (هەڵبەت دەبێ دووگیانی نەخوازراو و تووشنەبوون بەو نەخۆشییانەی کەلە پەیوەندی سێکسییەوە دروست دەبن لەبەرچاو بگیرێت)

٦. کەمکردنەوەی ئازار: ڕێک بەر لە ئۆرگازم (لوتکەی چێژی سێکسی) ئاستی هۆرمۆنی ئۆکسیتۆسین بۆ ٥ قاتی ئاستی ئاسایی خۆی بەرز دەبێتەوە. ئەم هۆرمۆنە دەبێتەهۆی ڕژانی

www.netewe.com

ئاندۆرفین (دژەئازاری سروشتی جەستە)و هەموو ئازارێک ئارام دەکاتەوە. پەیوەندی سێکسی دەبێتە هۆی رژانی هۆرمۆنی ئیسترۆجین، ئەمەش دەتوانێت ئازاری سووڕی مانگانە کەم بکاتەوە.

٧. تووشبوون بە پەتا کەمدەکاتەوە: ئەو کەسانەی کە ١-٢ جار لەماوەی هەفتەیەکدا پەیوەندی سێکسییان هەیە، ئاستی دژەجەستە (ئەنتی بۆدی) لەجەستەیاندا ٣٠٪ دەبێت. ئەمەش دەبێتەهۆی بەهێزبوونی سیستەمی ئاسایشی جەستە.

٨. کۆنترۆڵی باشتری میزڵدان: پەیوەندی سێکسی دەبێتە هۆی جوولان و بەهێزبوونی ماسوولکەکانی میزڵدان.

٩. ددانگەلێکی تەندروستتر: پلاسمای تۆی پیاو کە (لەرێگەی کۆئەندامی زاوزێ)ی ژنەوە وەردەگیرێت، مادەگەلی کانزایی وەک کالیسیۆمی تێدایە کە ئەو ماددانە رێگری لەپووکانەوەی ددان دەکەن. هەروەها رێوڕەسمی پەیوەندی سێکسی دەبێتەهۆی ئەوەی دوو هاوبەشە سێکسییەکە بەپرەنسیپە سەرەتاییەکانی تەندروستییەوە وەک شوشتنی ددانەکانیان پابەندبن.

١٠. ئاسایشی پرۆستات: هەندێ لە ئۆرۆلۆژیستەکان بڕوایان بەپەیوەندی نێوان ژمارەی دەردان و شێرپەنجەی پرۆستات هەیە. بۆ بەرهەمهێنانی شلەی تۆ، پرۆستات و شوێنی تۆوەکە مادەگەلێکی وەک ئەسید سیتریک و پۆتاسیۆم لە خوێن وەردەگرن و ٦٠٠ قات دەیپێچنەوە. لەو نێوانەشدا هەر فاکتەرێکی دروستکەری شێرپەنجە کەلە خوێنیشدا بێ، لەوانەیە لەگەڵ ئەم ماددانەداو بەم رادەیە لە پرۆستاتدا بپێچرێتەوەو کەڵەکە بێت. پەیوەندی سێکسی و دەردرانی بەردەوام دەتوانێت لەکەڵەکەبوونی هۆکارە شێرپەنجەهێنەرەکان لەناو گرێی تیرۆئید دا رێگری بکات. ئەڵبەت دەرکەوتووە بوونی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ چەند هاوبەشی سێکسیدا دەتوانێ لە پیاواندا بەرێژەی ٤٠٪ شێرپەنجەی پرۆستات بەرز بکاتەوە. (بەهۆی بەرزبوونەوەی مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییە گوازراوەکان لەرێگەی سێکسەوە).



١١. زێدەرۆیی لە پەیوەندی سێکسیدا مەترسی بۆ ژن نییە: پەیوەندی سێکسی دەبێتەهۆی گرژبوونەوەی ماسوولکەکانی سک و دوای کۆم و باشتربوونی پێکهاتەی باڵای ژن. بەڵام بەمەرجێک کە تووشی نەخۆشی نزیکایەتی سێکسی، دووگیانی نەخوازراو و هیچ سترێسێک نەبێت. (ئەو ژنانەی کە گەیشتوونەتە تەمەنی بێئومێدی و خۆیان لەپەیوەندی سێکسی بەدوور دەگرن، لەوانەیە تووشی ئاترۆفی (پووکانەوە)ی کۆئەندامی زاوزێ و نزیکایەتی بەئازار ببن. تەواوی ئەو هۆرمۆنانەی کە ژنانی بێئومێد پێویستیان پێیەتی لەرێگەی پەیوەندی سێکسی تەندروستەوە لەگەڵ مێردەکانیان دابین دەکرێت. (پەیوەندی سێکسی بەبێ کۆندۆم).

١٢. زێدەرۆیی لە پەیوەندی سێکسیدا دەتوانێت کێشە بۆ پیاوان دروست بکات: کۆئەندامی زاوزێی پیاوان لەوانەیە تووشی رووشان و یان ورووژانی پێستی بێت. هەروەها لە پەیوەندی سێکسی توندوتیژ و درێژخایەندا لەوانەیە کۆئەندامی زاوزێی پیاوان تووشی زیان بێت. خاوبوونەوەی کۆئەندامی زاوزێ پاش بردن و دەردان بێ هۆ نییە. کاتی بردن کۆئەندامی پیاو پڕ لەخوێن (جووڵەی خوێن) دەبێت، بەڵام پاش ئەوە ئیتر خوێن جووڵەی نامێنێت. بۆ وەرگرتنی دووبارەی ئۆکسجین دەبێت ماسوولکەکانی کۆئەندام خاوببێتەوە. ئەگەر رێگە بەوە نەدەی کە کۆئەندام خاوبێتەوەو ئیسراحەت بکات، بەمکارە رێگەت لەوە گرتووە کە ماسوولکەکانی کۆئەندام ئۆکسیجینی پێویست وەربگرن.

١٣. زۆربوونی جووڵەی خوێن: پەیوەندی سێکسی جووڵەی خوێن بۆ مێشک و ئەندامەکانی دیکەی جەستە خێراتر دەکات. لەبەرئەوەش ئۆکسیجین و ماددەی خۆراکی زیاتر دەگەنە خانەکانی جەستەو مادده زیادەکانیش خێراتر لەجەستە لادەبرێن.

١٤. تەمەن درێژی: رێژەی مردن لەو کەسانەدا کە ٢ جار لەهەفتەیەکدا دەگەنە ئۆرگازم نیوەی ئەو کەسانەیە کە لەمانگێکدا جارێک ئۆرگازم تاقی دەکەنەوە.

١٥. دەبێتەهۆی زیادبوونی هۆرمۆنی ئیسترۆجین لە ژنان دا: ئەم هۆرمۆنە دەبێتەهۆی نەرمبوون و تەڕبوونی زیاتری کۆئەندام و ژنان لە تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ دەپارێزێت.

١٦. فشار و پاڵەپەستۆ (سترێس) و دڵەڕاوکێ کەمدەکاتەوە و خەو رێکدەخات.

١٧. ئەگەر پەیوەندی سێکسی خۆشەویستیشی لەگەڵدا بێ دەرمانێکی شیفابەخشە: ئەگەر کەسێکتان هەیە کە گرنگیتان پێدەدات و خۆشتانی دەوێ و لەبەرامبەردا ئێوەش گرنگی پێدەدەن و خۆشتان دەوێت، لەبواری هەست و جەستەوە لە یەک نزیکن، ئەوکات ٣-٥ بەرامبەر کەمتر تووشی مەرگی زوو هات یان نەخۆشی دیکەی جۆربەجۆر دەبیت. بەشێک لەوە بەهۆی هۆکارە ئەرێنییەکانی (لەمسکردن)دەستلێدانەوە دەبێت. لەباوەشکردن و نازکێشان دەبێتەهۆی گۆڕانی تێکەڵە کیمیاوییەکانی جەستەتان.

١٨. پەیوەندی سێکسی تەندروست دەبێتە هۆی بڕوابەخۆبوون و نەفسبەرزی لە ژن و پیاو دا.

www.netewe.com

# پزیشکی وارڤین و پرسیاری خوێنەران

د. جوان سوعاد موراد سالّی ١٩٧٢ کۆلێژی پزیشکی بەشی ئافرەتان و منداڵبوون و نەزۆکی لەزانکۆی بەغداد تەواو کردووەو خاوەنی بروانامەی دکتۆرایە لە بەشی منداڵبوون و نەزۆکی لە زانکۆیەکی سوید.

پ:چۆن دایک و باوک دەتوانن رەگەزی کۆرپەلە دەستنیشان بکەن لەمنداڵی شووشەیی (اتفال انابیب)؟

وەڵام: دوو رێگا هەیە ئەو رێگایەی کە هێلکەی ژنەکە دەردەکەن و دەبێتە (ئمبریۆ) واتا (بەیبی) ئینجا یەک خەلیە وەردەگرن لەو بەیبیە (ئیمبریۆ) سەیری دەکەن ئەگەر کرۆمۆسۆمەکەیXX بێ، ئەوە کچە ئەگەرX-Y بێ ئەوە کوڕە. ئینجا ئیمبریۆکە بەئارەزووی خۆیان دەگەڕێننەوە ئەوەی کوڕی بێتX-Y دەبات بۆ کچەکەش XX دەبات ئەوەش لەرووی ئایینەوە حەلالە و حەرام نییە. لێرە هەندێک پەیڕەو هەیە کە رەچاو دەکرێت وەکو ئەوەی کە کوڕیان نییە یان حەزیان لە کچە، چونکە ئەو خێزانانە بە زەحمەت منداڵیان دەبێ و یەک منداڵیان دەبێت. کەمتر دەرفەتیان بۆ دێتە پێش کە منداڵیان ببێت. رێژەی سەرکەوتنی ئەو کردارەش باشە و هەرچەندە ژنەکە تەمەنی گەنجتر بێت ئەوەندە باشترە.

پ: دوای تەمەنی سی و شەش ساڵی سکپڕبوون ئاساییە؟

وەڵام: ئێمە دەڵێین هەرچەندە ژن زوو زەواج بکات ئەوەندە باشترە بەمەش زووتر سک دەکات و دەبێ بە دایک. ئافرەت هەر چەند تەمەنی گەنجتر بێت ئەوەندە باشترەو کێشەی منداڵبوونیشی کەمتر دەبێت. چونکە پاش تەمەنی ٣٦ ساڵی کێشەی منداڵبوون پتر دەبێت و زۆرجاریش منداڵەکە کێشەی هەیە. هەم لەکاتی لەدایکبوون و هەمیش لەڕووی تەندروستییەوە، ئەگەرچی ئێستا بەهۆی چاودێرییەوە حاڵەتی گرفتی تەندروستی تارادەیەک کەمتر بووەتەوە. جگە لە ژنەکە تەمەنی پیاوەکەش رۆڵی هەیە و دەبێ رەچاوی تەمەنی پیاوەکەش بکرێت، بەڵام ئەگەر ژنەکە تەمەنی باش بوو پیاوەکە زۆر گەورەتر بوو لەخۆی ئەوە تارادەیەک کەمتر کێشە دروستدەکات.

پ: لەپاش تەمەنی ٣٥ ساڵی چۆن بتوانیین منداڵی تەندروست بەرهەم بێنیین؟

وەڵام: ئێستا ئامرازی تەندروستی زۆر پێشکەوتوو هەیە هەرزوو لەناو سکی دایکەوە بەتەمەنێکی زوو دەستنیشانی لایەنی تەندروستی منداڵەکە دەکرێت، چونکە زۆرجار بۆ ژنی بەتەمەن کێشەی لایەنی تەندروستی منداڵەکە دروست دەبێت و بەمەش دەرفەتی لەپێشدا ماوە دەتوانێت منداڵەکەی لەبار بەرێت، لەوە چاکترە کە بەناتەواوی لەدایکببێت.

پ: تەمەنی پیاو رۆڵی هەیە لە دروستکردنی منداڵ؟

وەڵام: بەڵێ. رۆڵی زۆرە، هەرچەندە تەمەنی بچووک بێت باشترە، چونکە پیاوەکە بەناوساڵدا دەچێت تۆوەکەشی پیر دەبێت. بۆ نموونە تۆی پیاوێکی تەمەنی ٤٨ ساڵ لەگەڵ پیاوێکی تەمەن سی ساڵی جیاوازە.

پ: ئەگەر ژن بە تەمەنتر بێت لە پیاو لەهاوسەرگریدا چ کاریگەرییەکی دەبێت؟

وەڵام: لە یەک حاڵەتدا رۆڵی هەیە، ئەویش بۆ منداڵبوون، ئەگەر هاتوو ژنەکە تەمەنی لەسەرووی ٣٦ ساڵییەوە بوو، کێشەی دەبێت. ئەگینا تەمەنی دایک لەخوار ٣٥ ساڵی بێت و باوکەکەش گەنج بێت کێشە نییە منداڵ دروست دەبێت. بەڵام ئەگەر تەمەنی ژن زۆر لەسەرەوە بێت بەزەحمەت دەتوانێت منداڵ دروست بکات.

پ: لەکاتی دووگیانیدا ئافرەت دەتوانێت سێکس بکات؟

وەڵام: بەڵێ لەکاتی دووگیانیدا سێکس دەکرێت، بەڵام مانگی یەکەمی سکەکە ئەگەری لەبارچوونی هەیە، بۆیە واباشە پەیوەندی سێکسی کەمبکرێتەوە بەتایبەتی لەو ژنانەی کە بەئاسانی دەگەنە لوتکەی چێژ "ئۆرگازم". چونکە هەندێکجار دەبێتە هۆی لەبارچوونی کۆرپەلە یان خوێنبەربوون.

پ: جگەرەکێشان لەکاتی سکپری زیانی بۆ کۆرپەلە هەیە؟

وەڵام: بەڵێ. تاڕاددەیەکی زۆر زیانی هەیە. چونکە ماددەی نیکۆتین بۆرییەکانی خوێن کرژدەکاتەوە. بەمەش وێڵاشەکە بچووک دەبێت کە ئەوەش بچووک بوو خوێنی کەمتر دەداتە منداڵەکەی و کۆرپەکە قەبارەی بچووک دەبێ و هەناسەی تەنگ دەبێت و ئۆکسجینی کەمتی پێدەگات، کە ئەوەش دەبێتەهۆی هەناسە تەنگی کۆرپەکە لەکاتی لەدایکبووندا.

پ: زۆری کێش واتا ئەگەر ژنەکە قەڵەو بێت و بەپێچەوانەوە پیاوەکە لاواز بێت هیچ گرفتێک دروست دەبێت لەکاتی سێکس؟

وەڵام: نە. بەهیچ شێوەیەک ئەم جیاوازییە گرفت لەنێوان ژن و پیاودا دروست ناکات.

خوێنەری بەرێز، بۆ وەڵامدانەوەی هەرپرسیارێکی تەندروستی لەسەرجەم بوارەکاندا، دەتوانیت پرسیاری تایبەت بۆ فایلی تەندروستی بنێریت.

لەلایەن کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕەوە وەڵامی شیاوت دەست دەکەوێت.

خوێنەرانی بەرێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن:

ناونیشانی گۆڤار: هەولێر- شاری خەونەکان


تەلەفۆن:0662647813

warvin.press@yahoo.com



www.netewe.com

# نەخۆشییە زایەندەییەکان چین؟



د. خالیس قادر

## بەشی دووهەم

### ماکەکانی

●هەوکردنی کۆئەندامی میزەڕۆ و دروستبوونی دوملەڵ (ئەبسیس)

●تەسکبوونەوەی میزەڕۆ و میزکردنی بەزەحمەت

●هەوکردنی گون و پرۆستات

●ئازاری پشت لە مێیینە

●دەردراو لەمیزەڕۆ یان کۆئەندامی زاوزێ

●پشێوی لە سووڕی مانگانەدا

●کەمخوێنی

●تێکەڵبوونی لەگەڵ خوێن، هەوکردن لەزۆر شوێن و ئۆرگان دروستدەکات وەک جومگەکان و پەردەی دڵ

چارەسەر

سپرۆدار، ئریرۆمایسین، سوپراکس، سفترایەکسۆن.

نەخۆشی سفلس

●نەخۆشییەکی زایندەییە، بەهۆی بەکتریای ترپیۆنیماپەلیدەم ڕوودەدات

●نەخۆشییەکە لەهەموو جیهاندا بلاوە، زیاتر لە گەنجان ڕوودەدات

●مێیینە لەتەمەنی ٢٤-٢٥، نێرینە لە ٣٥-٣٩ ئەو نەخۆشییە دەگرێت.

●منداڵی تازە بوو.

### ڕێگاکانی گواستنەوە

●بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ بەبرینی نەخۆشییەکە.

لەکاتی کرداری سێکسی (برینەکە لەسەر ئەندامی زاوزێ دەردەکەوێت) هەندێکجار لەسەر لێو و دەمیش دەردەکەوێت.

●هەندێجار برینەکە بچووک و هەست پێنەکراو یان نەزانراوە.

●لە دایکەوە بۆ کۆرپە.

سفلس بەو هۆیانە ناگوازرێتەوە.

بەهۆی بەکارهێنانی کەلوپەل وەک خاولی، جلوبەرگ یاخود کەوچک و کەلوپەلی خواردن.

●بەکارهێنانی مەلەوانگەو گەرماو و دەستشۆر و ئاودەست.

### نیشانەکان

●زۆر لەتووشبووەکان هیچ نیشانەیەکیان نییە، بەڵکو تەنیا لەکاتی دەرکەوتنی ماکەکان هەستی پێدەکەن، ئەوەش لەکاتێکدا ڕوودەدات کە تووشبوو چارەسەر وەرنەگرێت.

### قۆناغی یەکەم(سفلسی یەکەمی)

●بەدەرکەوتنی برینێک دەناسرێتەوە کە پێیدەڵێن چانکری، هەندێکجار زیاتر لەیەک برینە

●ماوەی کرکەوتن لەنێوان ١٠-٩٠ ڕۆژە (٣ هەفتە)

●برینەکە خڕ، بێئازار، کەمێک ڕەق و بچووکە. لە شوێنی چوونەژوورەوەی میکرۆبەکە ڕوودەدات.

●برینەکە ٣-٦ هەفتە بەردەوام دەبێ و پاشان نامێنێ بەبێ بەکارهێنانی دەرمان.

●ئەگەر دەرمان بەکارنەهێنێ، لەوانەیە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی دووهەمی.

قۆناغی دووهەمی

●پەڵەی پێست و برینی ناوپۆشەکانی لەش.

●پەڵەکان لەهەموو شوێنی لەش ڕوودەدەن وەک ناو لەپ و بن پێ (ناسینەوە) خورشتی لەگەڵ نییە.

●پەڵەی ناسراوەی سفلس، سور، خڕ، خورشتی لەگەڵ نییە لەناو لەپی دەست و بن پێ.

●هەندێ نیشانەیتر وەک تا، گەورەبوونی لیمفە گرێکان، بێهێزی ژانی ماسوولکە، سەرئێشە، دابەزینی کێش، پرچهەڵوەرین

قۆناغی شاراوەو قۆناغی درەنگ

●دوای دیار نەمانی قۆناغی یەکەم و دووهەم دەستپێدەکات، بەبێ چارەسەر میکرۆبەکە لە لەش دەمێنێتەوە بۆ چەندین ساڵ هەرچەندە هیچ نیشانەش دروست ناکات، پاش ١٠- ٢٠ ساڵ بەردەوام دەبێت. لە ١٥٪ کەسەکان ئەو قوناغە درەنگ ڕوودەدات کە تیایدا ئۆرگانەکان تووشی لەکارکەوتن و نەخۆشی دەبن وەک چاو، مێشک، دڵ، گورچیلە، کۆئەندامی دەمار کە لەوانەیە ببێتە هۆی مردن.

●کۆرپە لەدایکیەوە نەخۆشییەکەی بۆ دەگوازرێتەوە لەکاتی سکپڕی و لەوانەیە ببێتە هۆی مردنی لەناو سک یان دوای بوون یان دواتر دەبێتە هۆی گەشکەو مردن بەبێ چارەسەر.

دەستنیشانکردن

●دۆزینەوەی بەکتریاکە بەرێگەی مایکرۆسکۆپ.

●دۆزینەوەی دژەتەن دژی بەکتریاکە.

### پەیوەندی نێوان ئایدز و سفلس

●بوونی برینی سفلس ئەگەری تووشبوون بە ٢-٥ جار زیاتر دەکات بە ئایدز.

●ئەوەی نەخۆشی هەبێ، واتە مەترسی تووشبوونی بە ئایدزیش هەیە.

**چارەسەر:**

●دژە زیندەکییەکان

●ئەگەر تووشبووی جارێک ئەوا ئەگەری دووبارەو زیاتر هەیە، چونکە بەرگری دروست نابێت.

خۆپاراستن

●دوورکەوتنەوە لە سێکس لەدەرەوەی ژیانی هاوسەری

●بەکارهێنانی کۆندۆم

●دوورکەوتنەوە لەبەکارهێنانی مادده بێهۆشکەر و کحولیەکان چونکە ئەگەری تووشبوون زیاتر دەکات.

●هاوسەری نەخۆش دەبێ چارەسەر وەربگرێت.

●خیرا دۆزینەوەی نەخۆش و چارەکردنی

www.netewe.com



# هێنانی پزیشکی بیانی بازرگانیکردن بە نەخۆش یان پاراستنی بەرژەوەندی هاووڵاتییان؟

هاتنی پزیشکی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا رووی لەزیادبوون کردووە، ژمارەیەک لە پزیشکانی هەرێم ئەو حاڵەتە بە"بازرگانیکردن" بە نەخۆشەوە ناودەبەن و هەندێکی دیکە هاتنی ئەو پزیشکانە بەهۆکاری بەفیڕۆنەچوونی سامان و سوودی هاووڵاتییان لەقەڵەمدەدەن.

هەولێر

### بۆچی دێن؟

سەبارەت بەهاتنی ئەو ژمارە زۆرەی پزیشکانی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان بۆچوونەکان جیاوازن و هەندێک هۆکارەکەی بۆ پێویستی هاووڵاتییان و هەندێکی دیکە بۆ دەستکەوتی ئابووری دەگەڕێننەوە.

بەڕێوەبەری (کۆمەڵگای شیفا) مومتاز شێخ بیلال، کە کۆمەڵگەکەیان چەندین پزیشکی بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتەکانی نەخۆشی هاووڵاتییان هێناوەتە هەرێم، هاتنی ئەو پزیشکانە بە ئەرێنی دەزانێت. ئەو لەبارەی سەرەتای کارکردنییەوە بۆ ناردنەدەرەوەی نەخۆش گوتی:"لەسەر داوای بەڕێوەبەرانی هەردوو نەخۆشخانەی عەمان ئەلجراحی و خالیدییە سەردانی ئەردەنم کرد و رێککەوتین لەسەرئەوەی نەخۆش بنێرینە ئەو وڵاتە بۆ چارەسەرکردن"بەو جۆرە چیرۆکی ناردنەدەرەوەی نەخۆش لەدوای ٢٠٠٥ دەستیپێکرد.

بەڕێوەبەری ئەو نەخۆشخانەیە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، تێچوونی رێگا بۆ هەر نەخۆشێک زیاتر لە ١٥٠٠ دۆلار بووە، ئەمە جگە لەچارەسەرکردن بۆیە بڕیاریداوە، بانگهێشتی پزیشکەکان بکات سەردانی هەولێر بکەن." بیرم کردەوە پزیشکەکان بهێنم بۆ هەرێم باشترە، هەموو کەسێکیش لە توانایدا نییە بۆ چارەسەر کردن بچێتەدەرەوە. زۆر نەخۆش هەبوو تەنیا لەدەرەوە چارەسەری دەکرا، بەڵام لەدەستی دانەبوو بچێتە دەرەوە، هەربۆیە لەگەڵ (٢٥) پزیشک رێککەوتم بۆ ئەوەی بێنە هەولێر".

لەبارەی هۆی هاتنی ئەو پزیشکانەوە بۆ هەرێم پسپۆڕی بواری سیاسەتی تەندروستی دکتۆر گۆران زەنگەنە، دەڵێ"لەگرنگترین هۆکارەکانی هاتنی پزیشکی بیانی، کرانەوەی هەرێمە بەڕووی جیهانی دەرەوەو دەرکەوتنی هەرێمەکەمانە، وەک بازارێکی گەورەی کاڵا، بەخزمەتی تەندروستیشەوە".

ئەو دواکەوتوویی سیستەمی تەندروستی هەرێمیشی بەهۆکار زانی و گوتی:"دواکەوتوویی سیستەمی تەندروستی و کەموکورتی لەبەدەمەوەچوونی کێشە تەندروستییەکانی خەڵک وایکردووە هاووڵاتییان ناچار بن بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، ڕووبکەنە دەرەوە".

"بەشێوەیەکی گشتی هاتنی پزیشکی بیانی لەبەرژەوەندی گشتی هاووڵاتیانە، هاتنی ئەوان کاریگەری لەسەر پزیشکی خۆمان نییە، بەڵکو پزیشکەکانی خۆمان سوود لەوان وەردەگرن، هێنانیان زۆرباشە چونکە ئێمە پسپۆڕی پزیشکمان زۆر کەمەو لەڕووی ئابووریشەوە پارەی کەمتری تێدەچێت" ئەمە گوتەی دکتۆر خالس قادر بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی بوو.

### مەبەستەکە بازرگانییە

هەندێک لە پزیشکان لەوبڕوایەدان مەبەست لەهێنانی بەلێشاوی پزیشکی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان خزمەتکردن نییە بە خەڵک، بەشێوەیەکی گشتی، بەڵکو مەبەستی بازرگانی لەپشتەوەیە.

دکتۆر چیمەن ئەحمەد، شارەزا لەبواری تەندروستی ئافرەتان لە نەخۆشخانەی موزەفەرییە دەڵێ:"هاتنی پزیشکی بیانی بۆ هەرێم زیاتر بازرگانییە، ئەمەش باش نییە، راستە ئێمە پسپۆڕمان نییە، بەڵام بەو شێوەیەش نییە". ئەمە نەتەنیا رای دکتۆر چیمەنە، بەڵکو پسپۆڕی بواری دەروونی دکتۆر توانا عەبدولڕەحمان هێنانی ئەو

www.netewe.com



کوردستان – هەولێر ٢٠١٠، پزیشکێک لە تاقیگەی خوێندا

فۆتۆ: رەفیق شوکری

پزیشکانە وەک "بازرگانیکردن بە نەخۆش" ناودێر دەکات و دەڵێ "هێنانی پزیشکی بیانی بۆ هەرێم بازرگانیکردنە بە نەخۆش، چونکە کەس نازانی ئەو پزیشکە بیانییانە بروانامەی چیان هەیە". ئەو بە باشی دەزانێت وردبینی لەپرسی بروانامەو پسپۆڕی پزیشکەکاندا بکرێت.

دکتۆر توانا، رەخنەشی لە کەناڵەکانی راگەیاندن گرت کە بەشێوەیەکی بەربڵاو رێکلام بۆ ئەو پزیشکانە دەکەن و گومانی لەو بایەخپێدانە زۆرەی کەبە پزیشکانی بیانی دەدرێت هەیە "لەهەمووی خراپتر ئەوەیە لەکەناڵە حکوومییەکان و گۆڤارەکان بەگشتی رێکلام بۆ پزیشکە بیانییەکان دەکەن لەبەرچی رێگە بەمە دەدرێت، ئایا حکوومەت بەشدارە لەم بازرگانیکردنە بەنەخۆش".

ئەو هاووڵاتییانەی بۆ چارەسەر روویان لە پزیشکە بیانییەکان کردووە بۆچوونییان جیاوازە. عائیشە عەبدولرەحمان (٤٩) ساڵ، بە دەم گلەییکردن لە پزیشکەکانی هەرێم باسی لە سەرکەوتنی ئەو نەشتەرگەرییە کرد کە پزیشکێکی بیانی بۆی ئەنجامدابوو "ماوەیەکی زۆر بوو بەدەست نەخۆشییەکەمەوە دەمناڵاند سەردانی چەندین پزیشکی خۆمانم دەکرد، بەڵام هیچ سوودم لێنەبینین، دواتر لەلایەن پزیشکێکی بیانی نەشتەرگەریم بۆ ئەنجامدرا، ئێستاش تەندروستیم زۆر باشە".

نیسا سامی زاهیر(٣٧) ساڵ، نزیکەی ساڵێک بەدەست ئازاری بڕبڕەی پشتییەوە دەیناڵاند، بەگوێرەی گوتەی خۆی سەردانی چەندین پزیشکی هەرێمی کردووە، بەڵام وەک ئەو گوتی: "نەیانتوانی چارەسەرم بکەن، یەکێک لە پزیشکەکانی خۆمان لەجیاتی چارەسەر، زیانیشی پێگەیاندم، دواتر لەلایەن پزیشکێکی بیانییەوە نەشتەرگەریم بۆکرا و تەندروستیشم زۆرباشە".

پزیشکە بیانییەکان لەهەموو حاڵێکدا نەبوونەتە مایەی ئومێدی چاکبوونەوە بۆ هاووڵاتییان، هەندێکجار وێڕای چارەسەرنەکردن سامانی هاووڵاتییان لەرێگەی ئۆرینگەکانییانەوە بەفیرۆچووە، ئەوە چیرۆکی ئاوارە رەزا (١٩) ساڵە کە لەلایەن پزیشکێکی بیانییەوە نەشتەرگەری بۆ کراوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە "هیچ سوودێکم لێ نەبینی، بەس لەرووی ماددییەوە پارەیەکی زۆرم تێچوو".

سۆزان ناوی خوازراوی ئافرەتێکی (٤٠) ساڵە ئەو حەزی نەکرد ناوی بهێنرێت لەو بڕوایەدایە دوای ئەوەی پزیشکێکی بیانی نەشتەرگەری بۆ ئەنجامداوە حاڵی خراپتر بووە "خراپتربووم باشتر نەبووم" ئەمە لەکاتێکدایە کە دەڵێ "لەرووی ماددییەوە پارەیەکی زۆرم تێچووە".

### ئەرکی سەندیکا و حکوومەت

دکتۆر توانا پرسیار لەسەندیکای پزیشکان دەکات و دەڵێ "ئایا سەندیکا ئاگادارە ئەگەریش ئاگاداربێت رازییە بەهێنانی پزیشکی بیانی؟" ئەمە لەکاتێکدایە کە بەگوێرەی گوتەی ئەو "هاتنی پزیشکی بیانی پەیوەندی بە سەندیکاو حکوومەتەوە هەیە دەبێ دڵنیا ببێتەوە لە بروانامەکەی". دکتۆر چیمەنیش هەمان رای دکتۆر توانای هەیەو دەڵێ پێویستە حکوومەت ئەو پرسە رێکبخات.

پسپۆڕی بواری سیاسەتی تەندروستی دکتۆر گۆران زەنگەنە، زەنگی مەترسی هاتنی ئەو پزیشکە بیانییانە لێدەدات ئەگەر بێت و حکوومەت لە بروانامەو پسپۆڕێتییان دڵنیا نەبێ "رەنگە خەڵکی خۆمان تووشی کێشە بکەین لەجیای ئەوەی خزمەتیان بکەین".

ئەمە لەکاتێکدایە کە بەڕێوەبەری کۆمەڵگەی شیفا دەڵێ "ئێمە هیچ پزیشکێک ناهێنین تا وەزارەتی تەندروستی رەزامەندی لەسەر نەبێت، ئێمە نووسراوی فەرمی بۆ دەکەین و دەینێرین بۆ وەزارەتی تەندروستی ئینجا وەزارەت رەزامەندی لەسەر دەدات. ئێمەش پزیشکەکە دەهێنین بۆ ئەوەی خزمەتی هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بکات".

بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی دکتۆر خالس قادر، دەڵێ "بەهەماهەنگی سەندیکای پزیشکان چەند مەرجێک بۆ هێنانی پزیشکی بیانی دانراوە. لەوانە مانگێک پێش هاتنی پزیشکەکە پێویستە سیڤی و بروانامە پسپۆڕییەکەی خۆی بنێرێت بۆ پشتڕاستکردنەوە، پێویستە ئەو پسپۆڕییە لەهەرێم نەبێت، دەبێ پزیشکەکە پابەندی هەموو یاساو رێسای هەرێم بێت، هەروەها نابێ لەبەرامبەر بینینی نەخۆش لە (١٠٠) دۆلار زیاتر وەربگرن".

بەڕێوەبەری گشتی کاروباری تەندروستی دکتۆر جەمیل عەلی رەشید، لەبارەی هۆکاری گرانی نرخی چارەسەر لای پزیشکە بیانییەکان گوتی "ئەو پزیشکانە لەرێگای کەرتی تایبەتەوە دێن بۆ هەرێم، نەک لە رێگای کەرتی گشتی و دوو جۆرن هەیانە کاتییەو هەیانە هەمیشەییە". هێنانی ئەو پزیشکانەو کارکردنیان لە هەرێم پێویستی بەرێکخستن هەیە وەک ئەوەی بەرپرسی رێکخراوی فریاگوزاری میلی هۆگر چەتۆ گوتی: "شتێکی ئاساییە کە سوود لەپزیشکانی بیانی وەربگرین و لەجێگەی ئەوەی کە نەخۆش بچێت بۆ وڵاتێکی دیکە ئەوا لێرە دەتوانی سوود لەو پزیشکانە وەربگرێت، بەڵام رێکخستنیان و چۆنیەتی کارکردن و سوودوەرگرتن لێیان، پێویستی بەچاککردنی سیستەمی تەندروستی هەیە".

**ئەژین عەلی**

www.netewe.com



## گۆرانیبێژی پۆپی باکووری کوردستان(نەورۆزا) بۆ وارڤین:

# لەپۆپی گوردی

ئامەد

هونەرمەندی کورد نەورۆزا کە لەبواری مۆسیقای پۆپ و مۆسیقای ئەتنیک دا کار دەکات، رایگەیاند نەخوێندەواری، ژیانی دەرەبەگایەتی و دابونەریت بوونەتە بەڵای سەری ژنی کورد. نەورۆزا، هەروەها داوا لە ژنانی کورد دەکات کەلە بواری ئابووری و خوێندندا خۆیان پێشبخەن. هونەرمەند نەورۆزا، چەند هەفتە لەمەوپێش ئەلبۆمە تازەکەی بەناوی"نوێ" خستە بازاڕەوە، بۆچوونی خۆی لەسەر کێشەکانی ژن، مۆسیقای پۆپ و ژیانی تایبەتی بۆ وارڤین ئاشکرا کرد.

وارڤین: مۆسیقای پۆپ لەناو کورد دا چۆن ێشوازی لێ دەکرێت. وەک مۆسیقایەکی

www.netewe.com



هونەرمەندی پۆپی باکووری کوردستان (نەورۆزا)

www.nefel.com

# داهێنان دەکەم

خۆماڵی دەبینرێ یان وەک مۆسیقایەکی مۆدێرنی ڕۆژئاوایی؟

نەورۆزا: وەک هەموو کۆمەڵگاکانی دیکە کوردیش لەدەستپێکدا لەبەرامبەر مۆسیقای نوێ دا ناڕازیبوونی خۆیان دەردەبڕن. ئەو ناڕازیبوونە بەواتای ئەوە نییە کە ئەو مۆسیقایە هەڵە بێت. هێدی هێدی مرۆڤ دەبینێت کە پاش ماوەیەک ئەو شتە نوێیە لەناو کۆمەڵگا دا قبووڵ دەکرێ و سەرنجی جەماوەرێکی گەورە بۆ لای خۆی رادەکێشێ. لەناو کوردیشدا لەبەر زوڵموزۆر و کێشەی ئابووری مۆسیقای کۆن زووتر جێگیر بووە. پاش ئەوەی کورد هەندێک مافی بەدەستهێنا



لەبواری مۆسیقادا کەوتنەناو گەڕانێک لەژێرناوی مۆسیقای مۆدێرن و لە فۆرمەتی جیاواز دا هۆگرییەک بۆ ئەو جۆرە مۆسیقایە دروست بووە. من چەند هەفتە لەمەوپێش ئەلبۆمە نوێکەی خۆمم خستە بازاڕەوە. جەماوەرێکی زۆر پێشوازییان لێکرد. ئەوەش نیشاندەدات کەلەناو کوردیشدا ئیتر ئەو مۆسیقایە بەشێوەیەکی گشتی پێشوازی لێدەکرێت.

وارڤین: ئەو ئاواز و گۆرانییانەی کە تۆ دەیڵێیتەوە، خۆت دایدەنێی یان کەسێکی تر بۆت دادەنێت؟

نەورۆزا: بێجگە لە ٤ بەرهەم لە یەکەم ئەلبۆمەکەم دا، هەموو شیعر و ئاوازەکان خۆم داماناوە.

وارڤین: لەناو کورد دا چەند موزیکژەنی پۆپمان هەیە. ئایا ئەو کەسانە بەناوبانگن؟

نەورۆزا: مۆسیقای پۆپ وەک بەناوەکەیەوە دیارە گشتگیرەو هەمیشە لەرۆژەڤدایە. بۆ شایی، بەختەوەری و شۆخ و شەنگی بەرهەمدەهێنرێت. هەموو ئەو مۆسیقایانەی کە دەگەنە خەڵکی خۆشەویستن و خەڵک حەزیان لێدەکات.

وارڤین: خۆت وەک موزیکژەنی پۆپ ناودێر دەکەی یان وەک هونەرمەندی مۆسیقای ئەتنیکی؟

نەورۆزا: ئەو مۆسیقایەی کە من بەرهەمی دێنم، شتێکی نوێیە لەدەرەوەی شێوازی کوردانە. ئەگەرچی هەموو تایبەتمەندییەکانی مۆسیقای پۆپیشی تێدابێت، مۆسیقای من لەخۆیدا مۆسیقای ئەتنیکی، مۆسیقای هونەری و مۆسیقای بالکانیش لە باوەشی خۆیدا دەحەوێنێتەوە.

وارڤین: چی بکرێت بۆ ئەوەی مۆسیقای نوێ لەناو کورد دا جێ بگرێت؟

نەورۆزا: ئەگەر هونەرمەند مەترسی کێشەی ئابووری نەبێت و مۆسیقاکەی بەپێی خەون، خەیاڵ و ئایدیالەکانی خۆی دروست بکات، ئەوە لەناو گەلدا جێدەگرێت و ئەو مۆسیقایەش لەناو کورد دا پێشدەکەوێت. مرۆڤ بۆ پێشکەوتن کرایەوە. کاتێک مرۆڤ سەیری مێژووی هونەری جیهان دەکات دەبینێ کە مۆسیقا هەنگاو بە هەنگاو گەیشتووەت ئەم قۆناغە. مۆسیقای کوردیش هەر وا پێشدەکەوێت.

وارڤین: حەز لە حەیران دەکەی یان نا؟

نەورۆزا: مۆسیقای من حەیرانی تێدا نییە، بەڵام ئەوە ئەو واتایە ناگەیەنێت کە لەدژی حەیران بم.

وارڤین: تائێستا لەچەند میهرەجاندا بەشداریت کردووە. چۆن پێشوازی لە مۆسیقاکەت کراوە؟

نەورۆزا: لەبەرئەوەی تازە ئەلبۆمەکەم کەوتووەتە بازاڕ تائێستا نەچوومەتە هیچ میهرەجانێک. مۆسیقای من زیاتر وەک مۆسیقای دیجیتاڵ لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

وارڤین: لە ژیانی رۆژانەی خۆتدا بە کوردی قسە دەکەی یان بە تورکی؟

نەورۆزا: بە هەردووکیان

وارڤین: تۆ لە باشووری کوردستان کۆنسێرتت کردووە؟

نەورۆزا: نە. حەزم لێیە لەئێستادا هەندێک داخوازیم بۆ هاتووەو سەرقاڵی نرخاندنیانم. بزانم چۆن دەبێت.

وارڤین: ناوی راستەقینەی تۆ نەورۆزە یان نەورۆزا؟

نەورۆزا: نەورۆزا. چونکە ناوی نەورۆز لەتورکیا قەدەغە بووە، بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت ئەو ئەلیفەیان زیاد کردووە.

وارڤین: وەک هونەرمەندێکی کورد زەواج لای تۆ چ واتایەکی هەیە؟ کێشە بۆ هونەر دروست دەکات؟

نەورۆزا: زەواج دەزگایەکی رەسمییە. هیچ شتێک لەبەرامبەر ویستەکاندا ناتوانێت ببێتە ئاستەنگ. ئەو پرسە هەندێک بەداخوازی و توانای مرۆڤەکانەوە بەستراوەتەوە. لە چ بابەتێکدا دەبێ با ببێت، بەبڕیاربوون هیچ ئاستەنگێک دروست ناکات.

وارڤین: بەڕای تۆ دەبێ ژن زەواج بکات یان نا؟

نەورۆزا: لە کۆمەڵگاکان دا چەمکی خێزان چەمکێکی گرنگە. ئەگەر مرۆڤ کەسێکی راست بدۆزێتەوەو متمانەی پێ بکات، هیچ هۆیەک نییە بۆ ئەوەی زەواج نەکات.

وارڤین: بەڕای تۆ ٣ کێشەی سەرەکی ژنی کورد چییە؟

نەورۆزا: ژنی کورد زیاتر لەبواری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا کێشەی هەیە. یەکەم: نەخوێندەواری، دووهەم: دەرەبەگایەتی، سێهەم: گوشاری دابونەریت و توندوتیژی.

وارڤین: بەڕای تۆ دەبێ چێ بکرێت بۆ ئەوەی ژن لەجیاوازییە رەگەزییەکان ئاگادار ببێتەوەو لەگەڵ پیاودا بگاتە قۆناغێکی یەکسان؟

نەورۆزا: بەرلە هەر شتێک دەبێ ژن ئازادی ئابووری بۆ خۆی مسۆگەر بکات. کاتێک ئەوە بکرێت لەخۆیدا زۆر کێشە کەم دەبێتەوە. هەروەها دەبێ ژن بەئیرادەیەکی ئازاد بجووڵێتەوەو بڕوایان بەخۆیان هەبێت. هەروەها دەبێ بخوێنن و ئاستی پەروەردەی خۆیان بەرز بکەنەوە. هاوکات لەگەڵ ئەو هەنگاوانەشدا دەبێ کۆمەڵگا هۆشیار بکرێتەوە. بۆ هۆشیاربوونەوەش پێویستە لەرێگەی پلاتفۆرمێکی هاوبەشەوە تاکەکانی کۆمەڵگا لە گرنگی مافەکانی مرۆڤ و لەوچوارچێوەیەشدا مافەکانی ژن ئاگادار بکرێتەوە.

**نەورۆزا کێیە؟**

لەساڵی ١٩٨٠ لەشاری (ئامەد)ی باکووری کوردستان لەدایکبووە. ئێستا لەشاری ئەستەنبوڵی تورکیا دەژی. ئەلبۆمی "نوێ" یەکەمین ئەلبۆمیەتی. لەگۆڕەپانی مۆسیقای پۆپ و مۆسیقای ئەتنیکی دا کار دەکات.

www.netewe.com

# ئەستێرەکان




٤/٢٠-٣/٢١

لەداواکردنی شت سڵ مەکەوە، چونکە تۆ وەک خەڵکی دیکە نیت و هەرچییەک داوا بکەیت و دڵت بیخوازێ بۆت دەبێت. ئاگات لەپەیوەندییە خۆشەویستییەکەت بێت، بەهۆی کارەوە پشتگوێی مەخە.




٥/٢٠-٤/٢١

هەندێجار پێویست دەکات کارێک ئەنجامبدەی کەلە توانای خۆت زیاتر بێت، بەڵام دڵنیابە بەماوەیەکی کورت دەتوانیت ئەو ئەرکە قورسانەی لەسەر شانتن سووکیان بکەی، توانایەکی شاراوەو زۆرت هەیە.




٦/٢١-٥/٢١

ناتوانیت بێبەرنامەو نارێکوپێک بیت. کەمێک بەخۆتدا بچۆرەوەو کەموکوڕییەکانت مەهێڵە، ئینجا بیرلەوە بکەرەوە چۆن هاوکاری کەسانی دەورووبەرت بکەیت، چونکە بەمشێوەیەی ئێستا ناتوانیت ببیتە هاوکاری کەس.




٧/٢٢-٦/٢٢

کەسێکیت زوو توورە دەبیت. بۆیە هەوڵبدە ئەو هەڵچوونە زۆرانە لەخۆت دووربخەیتەوە. کەسێکی سەرنجراکێش و دیاریت. زوو کاریگەری لەسەر بەرامبەر دروست دەکەی، بیر لەخیانەتیش مەکەوە لەو خۆشەویستەکەت، چونکە ئەنجامی خراپ دەبێت.




٨/٢٢-٧/٢٣

تەهندێکەس هەن هەمیشە داوای هاوکاریت لێدەکەن، تۆش دەستبەرووبیانەوە مەنێ و لەکاتی تەنگانەدا هاوکارییان بکە، چونکە بەمە زیاتر دەچیتە دڵیانەوەو خۆشەویست دەبیت. سەردانی خزم و کەسەکانت لەبیر مەکە. دەگەیت بە ئامانج، چونکە پێشینان دەڵێن، نەسرەوتن تا سەرکەوتن.




٩/٢٢-٨/٢٣

حەز بەئازادییەکی رەها دەکەیت و داوا دەکەی دیوارەکانی بەردەمت بروخێنرێت، بەڵام رەچاوی لایەنی دەروونی کەسانی دەورووبەرت بکەو خۆپەرست مەبە، هەوڵبدە لەگەڵ خێزانەکەیت گەشتێک ئەنجامبدەیت، تا لەو دەمارگیرییە زۆرە دوور بکەویتەوە.




١٠/٢٣-٩/٢٣

ئومێدت بەژیان زۆر بێ و بێهیوا مەبە. چونکە لەماوەیەکی نزیکدا هەموو دەرگا خۆشەکان بەرووتدا دەکرێنەوە. با کەسانی نزیک لەخۆشییەکانت بەشداریت لەگەڵدا بکەن، چونکە ئەمە بەقازانج بۆ تۆ دەگەڕێتەوە.




١١/٢١-١٠/٢٣

هەسارەکان داوای ئەوەت لێدەکەن راست و رەوان و بوێرتر دەربکەویت. جیاوازی خۆت لەگەڵ کۆمەڵگادا بنوێنەو توانا شاراوەکانت بخەگەڕ، ئەوەندەش بیر مەکەوە با بێتاقەتی بەسەرتدا زاڵ نەبێت.




١٢/٢١-١١/٢٢

بیرۆکەی زۆر گەورەت هەیە، کاتی ئەوە هاتووە بیانخەیتە کارەوە، پێویستە بەرەو وەدیهێنانی ئامانجەکانت هەنگاو هەڵبگریت. چونکە قسەکردنی زۆر سوودی نییە، جگە لەوەی ئەوکاتە زێڕینەی کە هەتە لەدەستی دەدەیت.




١/١٩-١٢/٢٢

هەوڵبدە لەهەموو شت زیاتر بایەخ بەخۆت و تەندروستیت بدەی. چونکە خۆتت پشتگوێخستووە، لەشتە بێبایەخەکان دوور بە. خۆشەویستەکەت لێت توورەیە، هەوڵبدە لێیتێبگەی و داخوازییەکانی جێبەجێ بکەیت.




٢/١٨-١/٢٠

ئەم ماوەیە بەخت هاوڕێی هەرە نزیکتە، هەرچییەک بکەی بۆت دەبێت، هەندێ گۆڕانکاری لەژیانی تایبەتیت روودەدات، ئاگاداری خۆت بە. نەبێتە هۆی دابڕانت لەکاروانی ژیان، لەزۆر خەجکردن و بەفیرۆدانی پارە دوور بکەوەو داهاتووت لەبەرچاو بێت.




نەهەنگ ٣/٢٠-٢/١٩

تادێ دەروشاوەتر دەبیت. ئەستێرەکانیش بەشێک لەتیشکی خۆیان بەتۆ دەبەخشن، بەڵام ئەوە نییە کە تۆ پێویستت پێی هەیە. با ئاواتەکانت زۆر لەوانەی ئێستا گەورەتر بن، بەوریاییەوە هەنگاوی گەورە هەڵگرە.

www.netewe.com
















# ئاوڕێک لە مێژووی وێنەکێشان

## رامبراند هێرمێنزۆن فان راین

(لەیدا ١٥/٧/١٦٠٦ — ئامستەردام ٤/١٠/١٦٦٩)

**سامان عەلی سابونچی**

خانووەکەی کە ئێستاش بە "ماڵی رامبراند" ناسراوە و پێشتر بە ١٣٠٠٠ فیۆرین (دراوی ئەوکاتەی هۆڵەندا کەلە ساڵی ٢٠٠٠ وە بوو بە یۆرۆ) کڕیبووی و دوای خۆی بووە هۆی دەستکەوتنی داهاتێکی چاوەڕواننەکراوی خاوەنەکەی دواتری. ئەو خانووە لەساڵی ١٦٠٦ دا دروستکراوە، خاوەنی یەکەمی پیتەر بێلتن ئانڤێرس (١٥٦٥-١٦٢٦)بوو. کوڕەکانی دوای مردنی باوکیان، لەساڵی ١٦٢٧دا بڕیاری هەندێک گۆڕانکاریان لە ماڵەکەدا، بەمەبەستی کردنی بە مۆزەخانەو بەسەرپەرشتی بیناساز و وێنەکێشی ناوداری ئەوکاتە یاکۆب فان کامپن (١٥٩٥-١٦٥٧) کە دەبوایە نوێکاری لەڕووی دەرەوەو ناوەوە بکات بەشێوازێک، حەوشەی پشتەوە بکرێتە گەلەرییەک

www.knetewe.com

(تائیستاش بەهەمان روخسار پارێزراوە).
دوای کۆتاییهاتنی کارەکان لەساڵی ١٦٣٠دا نەوەی ئانڤێرس بڕیاری فرۆشتن دەدەن و بۆ چەندینساڵ لەبازاڕی فرۆشتندا، بەهۆی گرانی و ئەو بڕە پارەیەی داوا دەکرا مایەوە. دوای چەندینساڵ، رامبراند دێتە ئامستەردام و دەگەڕێت بۆ جێگایەک، کە کارەکانی خۆی تێدا ئەنجامبدات. لەگەڵ ساسکیای هاوسەری ئەو خانووە دەکڕن، بەڵام تەمەنی خۆشییان کورت دەبێت و لەگەڵ کۆمەڵێک یادگاری خۆش و تاڵ ژیان بەسەر دەبەن تا دواتر ژیانی پڕدەبێت لە تراژیدیایەک کە بەدرێژایی هەموو تەمەن تا مردنیان لە هەمان ماڵدا بەرۆکیان بەرنادات.

بەگشتی رامبراند بەیەکێک لە گەورە وێنەکێشەکانی مێژووی هونەری ئەورووپی و بەناوبانگترین هونەرمەندە هۆڵەندییەکان هەژمار دەکرێت، مێژوونووسان ئەو ساڵانەی کارەکانی ئەویان بە"سەردەمی زێڕین" هەڵسەنگاندووە.
دوای ئەوەی لە سەرەتای لاوییەوە، وەک وێنەکێشێکی پۆرترێت ناوی دەرکرد، بەڵام ژیانی بە تراژیدیاو خراپی باری ئابووری و نەبوونییەوە کۆتایی هات. تابلۆ و وێنەکانی هەر لەهەرەتی لاوییەوە ناوبانگیان دەرکردبوو، بۆ ماوەی بیست ساڵ ئەو ناوبانگەی بەردەوامی هەبوو، لە هەمانکاتدا مامۆستای هەموو هونەرمەندە وێنەکێشە هەرە بەناوبانگەکانی هۆڵەندی بوو.
رامبراند هێرمێنزۆن فان راین، لە ١٥ی٦ی ١٦٠٦ دا، لە لەیدای نزیک شاری لایدن، لە خێزانێکی رەوش ئابووری باشدا هاتۆتە دونیاوە چوارەم منداڵی خێزانێکی شەش منداڵی بووە. باوکی ئاشەوانێکی بەناوبانگ و دایکی لەخێزانێکی دەوڵەمەند بووە.

دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن لە لەیدا، دەست بەخوێندنی زانکۆ دەکات لەهەمان شوێن لەبەشی لاتین، لەگەڵ خوێندنەکەیدا هەر لەسەرەتای لاوییەوە بەوێنەو تابلۆکانی دەناسرێت و لەلایەن یاکۆب فان سوانێنبورخ (JACOB VAN SWANENBURGH ١٥٧١ – ١٦٣٨ وێنەکێشێکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە بووە لە لەیدا و لەسەر ئاستی هۆڵەندا)، بانگهێشت دەکرێت کەلە گەلەرییەکەیدا کار بکات. پاشان دەچێتە ئامستەردام لای پیتەر لاستمان (PIETER LASTMAN ١٥٨٣ – ١٦٣٣وێنەکێشێکی بەناوبانگی تایبەتمەند بەکێشانەوەی وێنەی مێژوویی و بەگەورەترین مامۆستای رامبراند دادەنرێت)، دوای ماوەیەکی کەم لەکارکردن و شارەزایی پەیداکردن لەگەڵیدا، دەگەڕێتەوە لەیدا و ستۆدیۆیەک لەگەڵ هاوڕێیەکی یان لیڤێنس (JAN LIEVENS)، لەساڵی ١٦٢٧ دا بە یەکەوە دەکەنەوە.

لەساڵی ١٦٢٩ دا، وەرچەرخانێک لە ژیانی رامبرانت دا روودەدات، کە دەبێتە ژیانێکی خۆش، تا گەیاندنی بەهاوسەرگیری و دواتر ژیانێکی تراژیدیایی و کۆتاییەکی ئازاراوی.
کاتێک لەلایەن ستاتیست و شاعیری هۆڵەندییەوە کۆنستەنتاین هویگێنس (CONSTANTIJNHUYGENS) دەدۆزرێتەوە، دەبێتە شاری دەنهاخ (لاهای) و لەوێ، بەچەندین کەسایەتی و میر فرێدریک هێندریک، دەیناسێنێت و تابلۆکانی لێدەکڕنەوەو رەوشی ئابووریی ئەو هونەرمەندە زۆر باش دەکات.

رامبراند ساڵی ١٦٣١ ناوبانگ دەردەکات و چەندین پۆست و کاری گرنگی پێدەسپێردرێت لە ئامستەردام و هەر لەوێش نیشتەجێدەبێت، لەماڵی هێندریک فان ئولنبورخ (١٥٨٧ – ١٦٦١ یەکێک بوو لەبازرگانە گەورەکانی هونەر و تابلۆ لەوکاتەدا) هەر لەوێش ساسکیا فان ئولنبورخی ئامۆزای هێندریک دەناسێت و دواتر هاوسەرگیری پێکدەهێنن.

ساڵی ١٦٣٩ لەگەڵ ساسکیای هاوسەریدا، نیشتەجێی گەڕەکی یۆدن برەیستراتا لە ئامستەردام (کە دواتر دەبێتە مۆزەخانەی ماڵی رامبراندی ئێستا) نیشتەجێدەبن، لەگەڵ ئەوەی ژیانێکی خۆش و باری ئابووریان زۆر باشدەبێت، بەڵام کێشەیەکی رۆحی بەرۆکیان دەگرێت کە دەبێتە هۆکاری خراپی باری دەروونی و کۆتاییهێنان بەخەیاڵەکانی رامبراند، لەساڵی ١٦٣٥ دا یەکەم کوڕیان بەناوی رومبارتوس، دوای دوو مانگ لەدایکبوون دەمرێت، ساڵی ١٦٣٨ کۆرنێلیەی کچیان دوای سێ هەفتە دوای لەدایکبوون دەمرێت، لەساڵی ١٦٤٠ کچی دووهەمیشیان هەر بەناوی کۆرنێلیە، دوای مانگێک تەمەنی دەمرێت، ساڵی ١٦٤١ تیتۆسی کوڕیان لەدایکدەبێت و بۆیان دەمێنێتەوە، بەڵام ئەمجارە خۆشییەکەیان کورت دەبێت و دوای چەند مانگێک لەساڵی ١٦٤٢ دا ساسکیای هاوسەری بەنەخۆشی سیل کۆچی دوایی دەکات و کاریگەرترین تابلۆکانی رامبراند، ئەو تابلۆیانەن کە کاتێک ساسکیا لەسەرجێ نەخۆشبووە.
بەمردنی ساسکیا تیتۆسی کوڕیان بەپەرستیارێک دەسپێردرێت بۆ بەخێوکردنی، کە دواتر دەبێتە دۆستی رامبراند.
پاشان رامبراند پەیوەندی لەگەڵ هێندریکیە ستۆفلس پەیدا دەکات و لەساڵی ١٦٥٤ دا کچێکیان دەبێت بەناوی کۆرنێلیە، بەپێی دابونەریتی ئەو سەردەمە کەنیسە سەرزەنشتی رامبراند دەکەن بەوەی گوناهێکی ئەنجامدابێت و بەفەرمی خێزانی نییە، بۆیە لەرێی یاساوە لە بەشی سڤیل مارەی دەکات دوورلە کەنیسە کە ئەوکات بەپێی ئایین، بە ژن و مێرد هەژمارنەکراون.
رامبراند، دەکەوێتە کاری بازرگانی بەهونەر و کڕینی هەندێک تابلۆ بەنرخێک، کە سەرو نرخی کارەکانی خۆی دەبێت و هەندێک کەلوپەلی دەگمەنی مێژوویی، بەردەوامی ئەمکارەی و زیانی بەردەوامی لەساڵی ١٦٥٦ دا دەیگەیەنێتە مایەپووچی (ئیفلاس) و تابلۆ بەهاکانی خۆی و کەلوپەلە بەنرخە کۆنەکانی هەراج دەکرێن و خانووەکەشی دەفرۆشێت و دەچێتە گەڕەکێکیتر نیشتەجێ دەبێت.
دوای ئەو کەوتنەی، هێندریکیەو تیتۆسی کوڕی رێکخراوێک دروستدەکەن و کاری دەدەنێ تاکو لەدانەوەی قەرزەکانی پارێزراوبێت و لەساڵی ١٦٦١ دا ئەرکی تەواوکردنی دیکۆری باڵەخانەی شارەوانی نوێی پێدەسپێردرێت، بەڵام پێش ئەنجامدانی ئەو ئەرکە ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.
تراژیدیا یەخەی رامبراند بەر نادات و لەساڵی ١٦٦٣ دا هێندریکیە دەمرێت و دوای ساڵێک بەسەر مردنی تیتۆسی کوڕیدا، لە ٤ی ئۆکتۆبەری ١٦٦٩ دا خۆشی ماڵئاوایی لە ژیان دەکات و بلیمەتیەکانی لەبواری هونەری وێنەکێشان و ژیانە تراژیدیەکەی دەباتە ژێر خاکی کەنیسەیەکی نەناسراو بەناوی ڤێستەرکێرک و لەوێ دەنێژرێت.
لەساڵی ١٩١١ دا رێکخراوی هۆڵەندی بڕیاری کڕینەوەی ماڵەکەی داو کرایە مۆزەخانە بەناوی رامبراند خۆیەوە و زۆربەی کارەکانی و قوتابی و ئەو کەرەستانەی کاری پێکردوون، شوێنی ژیانی وەک پێشتر رێکخرایەوەو تائێستاش رۆژانە بەسەدانکەس سەردانی دەکەن و بووەتە داهاتێکی چاوەڕواننەکراو لە بەسەرکردنەوەی کاری هونەرمەندێک کە کۆتایی تەمەنی بەهەژاری بەسەر برد.
رامبراند توانی زیاتر لە ٥٠ تابلۆی سەرنجڕاکێش بخاتە مۆزەخانە بەناوبانگەکانی جیهان و ببێتە هونەرمەندێکی لەیادنەکراو لەجیهان و دونیای وێنەکێشاندا.

www.metewe.com

**ژینۆ محەممەد سەعید، لەدایکبووی شاری سلێمانییەو لە ٢٠٠٢وە هاتووەتە ناو بواری راگەیاندن. ژینۆ، ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو خاوەنی کچێکەو ئێستا شەوانە لەرێگەی شاشەی کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێنەوە دەبێتە میوانی هەموو بینەرانی ئەو کەناڵە. لەمیانەی وتوێژێکی کورتدا لەگەڵ وارڤین ژینۆ، وێڕای باسکردنی سروشتی تایبەتی خۆی کەلە مشک دەترسێت هیواخوازە کۆمەڵگای کوردستان بەچاوی پیشەییەوە سەیری ژنانی ناو راگەیاندن بکات.**

وارڤین: لە کەیەوە دەستت بەکاری راگەیاندن کردووە؟

زێنوێ: سالی ٢٠٠٢ لە تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشانەوە دەستم پێکرد.

وارڤین: کێ هاوکارت بوو؟

زێنوێ: رێز و خۆشەویستی زۆرم بۆ جەمال حسێن و خێزانەکەی هەیە. ئەوکاتە بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشان بوو لەگەڵ هەردی کە ئێستا هاوسەرمە، ئەوکاتە هاوڕێم بوو زۆر هاوکارم بوو.

وارڤین: لە چ دەزگایەک کاردەکەی؟

زێنوێ: رادیۆی نەورۆز و تەلەفزیۆنی کەی ئێن ئێن.

وارڤین: جوانی مەرجە بۆ سەرکەوتنی بێژەر؟

ژینۆ: بەبۆچونی من جوانی بۆ بێژەر تەنیا جوانکردنی شاشەیە، جوانی ئەوەت پێنابەخشێ کە ببیتە بێژەرێکی سەرکەوتوو. چونکە مەرجی سەرکەوتنی بێژەر لەئەزموون و ئاستی رۆشنبیری و گەیاندنی پەیامەکەیدا دەردەکەوێت.

وارڤین: ئەو بەربەستانەی دێنە پێش تۆ لەکاتی کارکردن چین؟

زێنوێ: شێواوی سیستەمی بەڕێوەبردن.

وارڤین: کارمەندانی نێو دەزگا تا چەندە هاوکارتن لەسەرکەوتنی پیشەکەت؟

ژینۆ: بۆ ئەم وەڵامەشیان دەگەڕێمەوەسەر ئاستی رۆشنبیری. ئەوەی ئاستی رۆشنبیری بەرزبێت و بەکردار راگەیاندنکار بێت هاوکارتەو پشتگیریشت دەکات، بەڵام ئەوانەی ئاستی رۆشنبیریان نزمە بەردەوام ئیرەییت پێ دەبەن و حەزدەکەن بەرەودواوە بڕۆیت.

وارڤین: لەکاتی کارکردن چ شتێک دلخۆشت دەکات ؟

ژینۆ: کاتێک دەوروبەرەکەم میزاجی نەبن.

وارڤین: بەسەرهاتێکی خۆشی کاتی کارکردنت باس بکە؟

ژینۆ: هەرکاتێک بینیتان لەکاتی هەواڵ خوێندنەوەدا کتوپڕ دیارنەمام ئەوا بزانن مشکێک لەبەردەممدا پیاسەی کردووە. چونکە دژایەتیەکی

# بێژەرێکی کەی ئـ





www.netewe.com



ژنی کورد دوورەپەرێزە لەسیاسەت

# ێن ئێن لە مشک دەترسێ

زۆرم هەیە لەگەڵ مشکدا.

وارڤین: بەکام بێژەری کوردستان سەرسامی؟

ژینۆ: بەداخەوە لەبەرئەوەی بێژەرەکانی ئێمە هەموو دەرکەوتنەکانیان لەیەکناچێت مەبەستم ئەوەیە بەپێی میزاجی خۆی ئەو پەیامەی پێیەتی بۆ بینەر دەیگەیەنێت، ئەمە وادەکات سەرلە بینەر بشێوێت. زۆرجار بینراوە لە گەیاندنی هەواڵێکی خۆشی و کاتبەسەربردندا روخساری لەگەیاندنی هەواڵێکی تەقینەوە دەچێت و بەپێچەوانەشەوە بۆیە ناتوانم کەس هەڵبژێرم واتا بەگشتی لەئاستێکی مامناوەندیداین.

وارڤین: ئەی بەکام بێژەری بیانی سەرسامی؟

ژینۆ: بێژەرانی ئەلجەزیرەو بی بی سی

وارڤین: بۆچی ژنە بێژەرەکان لە پێشکەشکردنی بەرنامە سیاسییەکان دوورن؟

ژینۆ: ژنی کورد دوورەپەرێزە لەسیاسەت. ئەمەش وایکردووە سەرکەوتوو نەبێت لەو بوارەدا. هۆیەکەشی دەگەڕێنمەوە بۆ کپکردنی ئافرەت لەماڵدا لەلایەن خێزانەکانەوە. ئەمەش وایکردووە ئافرەت بیری فراوان نەبێت لەوبوارەدا هەندێجاریش ئافرەت بەهۆی سەرقاڵبوونی باری خێزانی ناتوانێت نزیکببێتەوە لەبواری سیاسەتداو دواجاریش ئافرەتمان هەیە لەو بوارەدا زۆر سەرکەوتوون و دەشبینرێن، بەڵام کەمن.

وارڤین: گوێ لە چ گۆرانییەک دەگری؟

ژینۆ: بەشێوەیەکی گشتی گوێ لەگۆرانی خاو دەگرم.

وارڤین: پەیامی تۆ؟

ژینۆ: لەکۆتاییدا داوا لە کۆمەڵگای کوردستان دەکەم بەشێوەیەکی جوان تەماشای راگەیاندن و راگەیاندنکاران بکەن چونکە زۆرن ئەوانەی تائێستاش بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر راگەیاندن پێویستە ئەوە بزانین هەر کارێک لەو بوارەدا بکرێت خزمەتکردنێکی جوانە بەکۆمەڵگاو هەرلەرێی راگەیاندنەوەیە تۆ بەدونیای جیاوازتر لەخۆت ئاشنادەبیت. بەتایبەتی تیڤی هاورێیەکی هەمیشەیی ماڵەکانمانە.



# ترۆی

## هونەری سینەما لە باڵاترین ئاستی خۆیدا

## لە ترۆی هەموو شەڕڤان و جەنەراڵەکان کوژران، تەنیا ئەڤیندارەکان مانەوە

سیروان ڕەحیم

میری ترۆی، پریام: جوانترین شەڕ، شەڕە لە پێناوی خۆشەویستیدا.
ئاگامەمنون: خودایش هێزداران دەپارێزێت.
هیکتۆر: نامەوێ خوێنی هاووڵاتیان لە پێناوی براکەمدا بڕژێت.
ئەکیلیس: هەمیشە فەرمانی سەرکردەیەکی دەبەنگ دەبێت بەهۆی مەرگی سەربازەکان

ناوی فیلم: ترۆی
سیناریۆ: داڤید بەنیۆف
(لە ئەلیازەی هۆمیرۆسەوە)
دەرهێنەر: ڤۆلڤگانگ پێتەرسەن
بەرهەمهێنەران: ڤۆلڤگانگ پێتەرسەن، دیانا راتبون، کۆلین وێلسەن
وڵاتانی بەرهەمهێنەر: ئەمریکا، ماڵتا، بریتانیا
شوێنی وێنەگرتن: ماڵتا، مەکسیک، مەغریب
(مارۆکۆ)
ساڵی پێشاندان: ٢٠٠٤
موزیک: جەیمس هۆرنەر
کامێرا: ڕۆجەر پرات
مۆنتاژ: پێتەر هۆنەس
١٦٢ خولەک، ٣٥ ملم، ڕەنگاورەنگ
زمان: ئینگلیزی
بودجە: ١٥٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی

www.netewe.com




## سەبارەت بە فیلمەکە:

فیلمی ترۆی* بەرهەمی ئەمریکایە، بەڵام ڤۆلفگانگ پێتەرسەن**ی ئەڵمانی دەرهێنەریەتی. فیلمی ترۆی ساڵی ٢٠٠٤ بەرهەمهێنراوە. چیرۆکەکە لە ئەلیازەی هۆمیرۆس***ـەوە وەرگیراوە. باسێکە سەبارەت بەشەڕی یۆنانیگەل تێیدا هەڵدەکوتنەسەر شاری ترۆی. هێرشی یۆنانیگەل بۆ سەر شاری ترۆی لە سۆنگەی هێنانەوەی هێلینی ژنی مێنەلاوس (میری سپارتا)یە. هێلین، براژنی ئاگامەمنون (میری میرانی یۆنان)**** لەلایەن پاریس–ی کوڕی پریام، میری ترۆیەوە هەڵدەگیرێت. بەڵام راستییەکەی میری میرانی یۆنان، ئاگامەمنون ئەم بابەتە دەکات بەبیانوویەک بۆ گرتنی ترۆی، دەنا بۆ ئەو هێنانەوەی هێلین شتێکی نییە ئەوەندە گرنگ بێت. ئەوکاتەی مێنەلاوس بەمەبەستی بەدەستخستنی کۆمەک دەچێتەی لای ئاگامەمنون، پێیدەڵێ:

لەهەموو شەڕەکاندا پێکەوە بووین و لەگەڵمدا بوویت، چۆن کۆمەکت ناکەم بۆ هێنانەوەی هێلین؟

ئەو دەمەی هەردوو برا باوەش بەیەکدا دەکەن و پەیماندەدەن بەیەکتر، ئاگامەمنون بیری لەلای داگیرکردنی ترۆیە کە دەبێت بەپێگەیەکی بەهێز بۆفراوانکردنەوەی قەلەمڕەوی خۆی. ئاگامەمنون سەردارێکە وەکو نەیارەکانی دەڵێن: بەرانبەر بە هێز و پاوانخوازی تێرخواردنی نییە. دیارە وەکو هەموو دیکتاتۆرەکانی دی ئاگامەمنونیش بەناوی بەهێزکردنی نەتەوەی یۆنان سەرقاڵی هەڵلوشینی هەموو هێزەکانی دەوروبەری خۆیەتی. هەڵگرتنی هێلین، بۆ ئاگامەمنون سەرهەڵدانی باشترین



هیکتۆرز سەرکردەی بە ویژدان

بیانووە. ئەگەر هەڵگرتنی براژنی لەلایەن کوڕی میری ترۆیەوە نەبێ بەهۆی هێرش و داگیرکردنی ترۆی، کە خەونی لەمێژینەی ئاگاممنونە، ئیتر دەتوانێ چ بیانوویەکی بۆ شەڕ هەبێت. ئەو پێیوایە جارێکی دی هەلی وەها نارەخسێت. بۆیە بڕیار دەدات"کۆمەکی!" مێنەلاوس-ی برای بکات و شەرەفی یۆنان بکرێتەوە. بەڵام کرینەوەی ئەو شەرەفە خوێنی دەیانهەزار کەسی دەوێ، بۆیە ئەگەر خەونی داگیرکردنی ترۆی نەبێ، ئاگاممنون لەشکرەکەی خۆی لەو مەترسییە نادات. ئەو بەهەڵچوونی دیکتاتۆرە سەرەڕۆکانەوە سەبارەت بە ترۆی قسە دەکات و لەسەر نەخشەکەی بەردەستی ئاماژە بە گرنگی ناوچەکە دەکات و دەڵێ:

ئەگەر ترۆی بگرم، ئەوا هەموو زەریای ئیجە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی منەوە. بەردەوام دەبێ و سەبارەت بە پریام دەڵێ:

میری ترۆی وا دەزانێ خودا دەیپارێزێت، بەڵام دەبێ لەوە بگات کە خوداش لەگەڵ هێزداران دایە.

## دەستپێک:

جەنەریک یان ترایلەر، بەگوتەی ئەورووپاییەگەل، بەواتای دەستپێکردنی فیلم یان دەروازەی فیلم دێت. لە فیلمی ترۆیدا ئەو دەستپێکە بەجۆرێک فرەلایەنە کە پاشتر حاڵی دەبین زۆر شوێنگەی بەرهەمەکەی لەخۆ گرتووە. سەرەتای رۆژێکی سادەو روونە، بەشێک لە لەشکری ئاگاممنون رووبەڕووی یەکێک لەهێزە بچووکەکان دەبێتەوە. میری کەمدەسەڵات بە ئاگاممنون دەڵێ:

واز بێنە، بگەڕێوە وەڵاتی خۆت. دەبێ بکشێیتەوە. دیارە ئاگاممنون گاڵتەی بەقسەکەی دێت. رۆژێکە روون، لەدۆڵێکدا هەردوو لەشکر لەژێر ئاسمانێکی شیندا چاوەڕوانی فەرمانی ئەو دوو میرەن. ئاگاممنون دەیەوێ بەشێوازی کۆن ململانێکە بەلادا بخەن. بە میری بەرانبەر دەڵێ:

با لێگەڕێین باشترین شەڕکەری تۆ و باشترین شەڕکەری من بجەنگێن، کێ سەرکەوت لەشکرەکەیشی سەرکەوتووە. ئەگەر سەربازەکەی من سەرنەکەوت، بۆ هەمیشە ئەم سەرزەمینە بەجێدەهێڵین. ئەو باشترین شەڕکەری خۆی بانگ دەکات، کە سەربازێکە مرۆڤ تەنیا بە تەماشاکردنی لە پەلوپۆ دەکەوێت. ئاگاممنونیش بانگ لە ئەکیلیس دەکات، ئەکیلیس گەورەترین شەڕڤانی سەردەمی خۆی. ئەکیلیس وەک راوێژکارانی ئاگاممنون دەڵێن: پیاوێکە بۆ شەڕ خولقاوە. بەڵام ئەکیلیس لەوێ نییەو هێشتا لە خەودایە. بەڵام ناچارن چاوەڕوانی ئەکیلیس بن، دەنا کەس ئەو سەربازە زەبەلاحە بۆڕ نادات و ئەو شەڕە بەئاسانی نابەنەوە. کاتێک ئەکیلیس دەگات، چاوەڕوانی ئاگاممنونی شێت و تووڕە کردووە، بەڵام ئەکیلیسیش ئاگر دەکاتەوە. کە ئاگاممنون بە بەرچاوی هەمووانەوە بە ئەکیلیس دەڵێ: تێرخەو بوویت؟ دەبوو شەڕەکەمان بخستایە سبەینێ تا تۆ باش بخەویت.

ئەکیلیس لە وەڵامدا دەڵێ: باشتر وا بوو میر خۆی بچێتە شەڕەوە نەک چاوەڕوانی کەسێکیتر بکات.

بەو قسەیەی میری میران بێدەنگ دەکات. دیارە لەناو هەموو میر و سەرلەشکرەکانی یۆناندا تاکەکەس ئەکیلیسە بتوانێ بەو جۆرە بەرانبەر بە میری میران، ئاگاممنون قسە بکات.

ئەکیلیس هێرش بۆ ئەو زەلامە زلە دەبات و دەیکوژێت. هەمووان بەرانبەر بەو توانایەی ئەو دۆشدادەمێنن. کاتێک میری دۆڕاو سەرسامی خۆی بۆ ئەکیلیس دەردەبڕێت و لێیدەپرسێ:

ئەی سەرباز تۆ کێیت؟

کە ئەکیلیس خۆی پێدەناسێنێت، میری دۆڕاو دەڵێ:

ئەم ناوە لەبیر ناکەم. پاشان دەیەوێ سەوڵەجانەکەی دەستی کە هێمای دەسەڵات و فەرمانڕەواییە بداتێ و دەڵێ:

ئەمە بدە بە میرەکەت.

ئەکیلیس دەڵێ:

ئەوە میری من نییە!

میری دۆڕاو بەم قسەیە ئەوەندەیتر دەتاسێ.

## بابەتی فیلمەکە:

١٢٠٠ی بەر لە زایین، پاش ئەوەی مێنەلاوس و هیکتۆر کۆتایی بەناحەزی دێرینی نێوان سپارتا و ترۆی دەهێنن هەمووان خۆشحاڵ دەبن و شەرابی خۆشی نۆش دەکەن. بەڵام ئەو خۆشی و شادییە کەمتر لە شەو و رۆژێک دەخایەنێت. پاش ئەوەی مێنەلاوس ئاگادار دەکرێتەوە کە هێلینی ژنی رەدووی پاریس-ی برای هیکتۆر کەوتووە بەرەو ترۆی هەڵگیراوە، دەتاسێ.

دیارە مێنەلاوس، لەهەموو کەس باشتر دەزانێ هێنانەوەی هێلین لەشکرکێشی گەورەی دەوێ و لەو رۆژەدا تاکەکەسێک پرکێشی کاری وەها بکات ئاگاممنون-ی برایەتی. بۆیە پەنا وەبەر ئەو دەبات و ئەویش بێسڵەمینەوە دەڵێ: بەڵێ لەگەڵتام و هێرش دەکەینە سەریان. تۆ پاک بوویت و ئەوان ناپاک، تۆ ئاشتیخواز بوویت و ئەوان فریودەر، بۆیە دەبێ سزا بدرێن. بەڵام کاتێک دەچنە ترۆی و لەبەر دەروازەی گەورەی شارەکەدا هەردوو لەشکر رووبەڕووی یەک دەبنەوە، سەرەتا ئاگاممنون بە هیکتۆر، کوڕی گەورەی میری ترۆی و سەرلەشکری بە نێوبانگ، دەڵێ:

تەماشا هیکتۆری میری لاو، پەنجا هەزار سەربازی یۆنانم هێناوە. دوو مەرجم هەیە. یەک: هێلین دەگەڕێتەوە لای براکەم. دوو: ترۆی دەکەوێتەژێر دەسەڵات و فەرمانی منەوە، کەی ویستم دەبێ ئامادەی شەڕ بن.

هیکتۆر تەنیا وەڵامی ئەوەی دووەمیان دەداتەوە، چونکە دەزانێ ئاگاممنون بۆچی هاتووە. دیارە وەڵامەکەی هیکتۆر رەتکردنەوەی داواکەی میری میرانە. ئاگاممنون کە تا ئەو دەمە بە میری

www.menewe.com

لاوی بانگی هیکتۆر دەکات، ئەمجارەیان پێیدەڵێ: هۆشیار بە رۆڵە، میهرەبانیی من سنووری هەیە. هیکتۆر، تەماشایەکی لەشکرەکەی دەکات و دەڵێ:

سنووری میهرەباتیت دەبینم.

پاش ئەوەی هەردوو لا ناگەنە ئەنجام پاریس دەست بە قسە دەکات و دەڵێ:

ئەمە ململانێی نێوان دوو پیاوە لەسەر ژنێک، نەک شەڕی نەتەوەکان، با ئێمە رووبەڕووی یەک ببینەوە کێ سەرکەوت هێلین، هی ئەوە. ئاگامەمنون دەڵێ: پێشنیازێکی بوێرانەیە، بەڵام بەس نییە. پاش ئەوەی مێنەلاوس، بە ئاگامەمنون دەڵێ:

مەرجەکەی پەسەند بکە. بهێڵە با بیکوژم، هەموو هەناسەیەکی برینێکە لە بوونمدا.”من پەنجا هەزار سەربازم بۆ گێڕانەوەی ژنە جوانەکەت نەهێناوە، من بۆ ترۆی هاتووم“ئەمەیش وەڵامی ئاگامەمنونە بۆ براکەی. مێنەلاوس، دەڵێ: باشە با من ئەو بکوژم و ئابڕووی خۆم بکڕمەوە، پاشان تۆ فەرمان بدە هێرش دەست پێبکات. گەورە راوێژکاری ئاگامەمنون بیرۆکەکە پەسەند دەکات و مەرجەکەی پاریس پەسەند دەکرێت. پاش چەند خولەکێک ئەو دوو پیاوە بە بەرچاوەی دەیانهەزار سەربازی هەردوو لاوە دەجەنگێن.

دیارە پاریسی بێئەزمون تاکە هێز ئەڤینە وایلێکردووە شەڕ بکات، بۆیە ناتوانێ بەرانبەر بە شەڕڤانێکی بەئەزمونی وەک مێنەلاوس بجەنگێ و سەربکەوێت. کامێرا لەچاوی پاریسەوە دیمەنی مێنەلاوسی زەبەلاح پێشان دەدات، دیمەنێک بۆ پاریس مایەی ترسێکی گەورەیە. ئەنجامی شەڕەکە لەسەرەتاوە ئاشکرایە. تەنانەت هیکتۆریش چاوەڕێیەو دەزانێ کەمێکیتر چ بەسەر براکەی دێت.

لە شەڕی پاریس و مێنەلاوسدا ئاگامەمنون پێدەکەنێت و هیکتۆر غەم و شەرم سیمای داپۆشیوە.

پاریس بە شمشێرێک شەڕ دەکات کە باوکی شەوێک پێشتر دایە دەستی و پێیگوت ئەمە“شمشێری ترۆی”یە. من لە باوکمەوە بۆم ماوەتەوە، ئەویش لە باوکی و ئەویش لە باپیرە گەورەمانەوە بۆی ماوەتەوە. گیانی ترۆی لەم شمشێرە دایە. تا ئەم شمشێرە بمێنێ ئێمە دەمێنین و ترۆی داهاتووی هەیە. بەڵام ئەو شمشێرە ناتوانێ شەرکەرێکی بێوزەو بێهێز بەرانبەر بەباهۆزی رق و تووڕەیی مێنەلاوس بپارێزێت. شمشێر لە دەست پاریس دەترازێ و دەکەوێ. مێنەلاوس لاقی پاریس دەشکێنێ و شمشێر دەخاتە گەردنی. داڵەکان بەئاسمانەوە قیرەی برسێتییان بەرزبۆتەوە، مێنەلاوس بە پاریس دەڵێ: داڵەکان کەمێکیتر دێنە سەر لاشەی شازادەیەک.

بەڵام پاریس هەڵدێ و بە شەلە شەل پەنا دەباتەبەر هیکتۆری برای و دەستەوداوانی دەبێت. ساتێکی سەختی شەڕە بۆ سەرلەشکرێکی وەک هیکتۆر کە براکەی لە شەرگەدا بەو شێوەیە هەڵدێ. بەڵام برایەتی و دەیپارێزێ.

مێنەلاوس دەچێتە سەر پاریس. هیکتۆر دەڵێ: شەڕ کۆتایی هات. ئەمە تکایەکە بۆ ئەوەی مێنەلاوس دەست لە کوشتنی پاریس هەڵبگرێت. بەڵام مێنەلاوس تکای هیکتۆر رەتدەکاتەوەو دەیەوێ پاریس بکوژێ. هیکتۆری شەڕزان و سەرکردە زۆر بەئاسانی ئەو میرە دەکوژێ. پێکەنینی ئاگامەمنون دەبێت بە تاسان و بە گریان. تاکە شتێک لەو رۆژەدا پاریس دەیکات، بەرانبەر بە کشان و بە لافاوی لەشکرەکەی ئاگامەمنون، دەگەڕێتەوەو“شمشێری ترۆی” کەلە شەرگەدا کەوتووە، هەڵدەگرێ و دەیباتەوە بۆ ترۆی.

ئەو رۆژە لەشکرەکەی ئاگامەمنون شەڕێکی خوێناوی هەڵدەگیرسێنن، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر خراپ دەدۆڕێن و ناچار دەبن هەڵبێن. ئەوە یەکەمجارە، وەک ئاگامەمنون خۆی دەڵێ، لەشکرەکەی بدۆڕێت.

### رۆڵی هیکتۆر:

رەنگبێ هیکتۆر سەرکردەیەکی دەگمەن بێت لە مێژوودا، هاوکات شەڕڤانێکی بەتوانا بێت و نەفرەتیش لە شەڕ بکات. ئەو سەرکردەیەکە نایەوێ خوێن برژێ، با ئەو خوێنە لەپێناوی براکەیشیدا بێت. شەوێک بەرلە هاتنی لەشکری یۆنان هیکتۆر و پریام-ی باوکی سەبارەت بەئەگەری شەڕ قسە دەکەن. هیکتۆر دەڵێ: دەبێ ئەم ژنە“هێلین” بنێرینەوە، من نامەوێ خەڵک لە شەڕدا بکوژرێ بۆ ئەوەی براکەم دەستکەوتی هەبێت. پاشان تۆ ئاگامەمنون دەناسی بابە، ئەو وازمان لێ ناهێنێت و لەشکرێکی گەورە دەکاتە سەرمان. باوک دەڵێ: ناتوانن، سەدان ساڵە شووراکانی ترۆی بەپێوەن و هەر بەپێوە دەمێننەوە. هیکتۆر بە باوکی دەڵێ: بەڵام باوە ئەم شەڕە نابینەوە. باوک و میر دەڵێ: ئاپۆلۆی خوداوەند دەمانپارێزێ کورەم. هیکتۆر بە تەوسەوە دەپرسێ:



هێلین-ی شۆخ جوانی بەنێوبانگی سەردەمی خۆی، هۆکاری هەڵگیرساندنی شەڕ.

ئاپۆلۆ چەند بەتالیۆن دەنێرێت بۆ شەڕ؟ باوکی تووڕە دەبێ و دەڵێ: کفر مەکە. دیارە هیکتۆر لەسەرەتاوە هەست بە بەرپابوون و مەترسی شەڕێکی گەورە دەکات. پاشان لە شوورای بڵندی کۆشکی میریشدا بۆچوونی هەمووان بەپێچەوانەی بۆچوون و ویستی هیکتۆرەوەیە. سەردەستەی پیاوە ئاینییەکانی کۆشکی میر دەڵێ: پێشبینی ئەوە دەکرێ یۆنانیگەل لەم شەڕدا بدۆڕێن، بۆ ئەو پێشبینییەیش تەنیا چیرۆکی خەیاڵی بەدەستەوەیەو هیچی تر. هەرچەندە هیکتۆر داوایان لێدەکات کە دەبێ بەجۆرێکی دی بیر بکەنەوە کەڵکی نابێت. دیمەنێکی یەکجار کاریگەری دوای ئەو کۆبوونەوەیە، رۆیشتنی هەمووانە بەدوای میردا و مانەوەی تەنیاباڵی هیکتۆر و دۆشدامانی ئەو سەرکردەیەیە بەرانبەر بەشیمانەی ترسناکی شەڕ. هەمیشە پیاوە پووچەکان بڕیاری شەڕ دەدەن و بەردەوامیش خۆیان دوور لە ئاگری شەڕ لەنگەر دەگرن.

### ململانێی ئەکیلیس- ئاگامەمنون:

ئەوان دوو کەسن کە نێوانیان هەرگیز باش نەبووە. ئەمجارەیش نێوان ناخۆشی ئەوان کاری خراپ لە لەشکرە زەبەلاحەکەی ئاگامەمنون دەکات. هەرچەندە ئەوان بە ژمارە زۆرن، بەڵام بەشداربنەکردنی ئەکیلیس و بەتالیۆنەکەی کە باشترین شەڕڤانەکانی سەردەمی خۆیان وادەکات ورەی ئەو لەشکرە هەموو بشکێت. لە هێرشی ئەکیلیس و بەتالیۆنەکەیدا بۆ پەرستگەی ئاپۆلۆی

www.netewe.com

ترۆی، پریاسێس بە دیل دەگیرێت و سەربازەکان وەک دەستکەوتی شەڕ، دەیدەن بە ئەکیلیس. بەڵام ئاگاممەنون ئەو ژنە نازدارە لە ئەکیلیس داگیر دەکات. بەمکارە ئەکیلیس شێت دەبێ و بڕیاردەدات بەشداری شەڕ نەکات. ئەکیلیس هەر لەسەرەتاوە دوودڵ بووە لە بەشداریکردنی ئەم شەڕەو زۆر چوونەتە بن کلێشەیەوە تا بەشداریکردووە. گەورەیی شەڕەکە ئەکیلیسی فریوداوە بەشداری شەڕ بکات. شەڕێک وەکو ئەوان دەڵێن"تا ئەو دەمە جیهان بەخۆوەی نەبینیبوو". دوا کەس کە ئەکیلیس راوێژی پێکردبێت دایکی بوو، کە پێیگوت:"ئەگەر بڕۆی لەوانەیە نەگەڕێیتەوە، لەوانەیە جارێکی دی نەتبینمەوە، بەڵام ناوت هەمیشە بە نەمری دەمێنێتەوە". ئەکیلیس خۆیشی کەسێکە بەدوای نەمریدا دەگەڕێ. نەمرییش لەو سەردەمەی یۆناندا ئەفسوونێکی بەهێز و دڵکێشکەری هەبووە.

ئاگاممەنون بە ئەکیلیس دەڵێ: دەزانم تۆ بۆ ناوبانگدەرکردنی خۆت هاتووی. نەک بۆ سەروەری یۆنان. بەڵام سبەی ئێمە دەچینە ترۆیەوە. سبەی لەسەر هەموو بەردێکی ترۆی ناوی خۆم هەڵدەکۆڵم. ئەوە میر و پادشاکانن ناویان دەمێنێتەوە نەک سەربازەکان. مێژوو باسی میر و پادشاکان دەکات، نەک شەڕڤانەکان.

ئەکیلیس دەڵێ:"میری میران، بەرلە سەرکەوتن باس لە پاش شەڕ مەکە. با جارێ ترۆی بگری، پاشان پلانەکانت بەجێبهێنە. پاشان ئەوە سەربازەکانن شەڕ دەبەنەوە نەک میر و پادشاکان. ئێوە هەمیشە لە شەڕەوە دوورن، زۆر دوور".

پاش ئەوەی پارێزڤانەکانی ئاگاممنون بەبەرچاوی ئەکیلیسەوە پریاسێس پەلکێش دەکەن، ئاگاممەنون دەڵێ: ئەمشەو گەرماو ئامادە دەکات بۆم و پاشان.... ئەکیلیس بەو کارە کەللەیی دەبێت. پێیدەڵێ: دڵنیابە بەرلە مردنم بەسەر لاشەکەدا دەڕۆم و پێدەکەنم.

ئەکیلیس دەڕوات و بەشدار شەڕ ناکات. رووبەڕووبوونەوەیەکی گرنگی ئەکیلیس و پاترۆکلۆسی ئامۆزای هەیە کاتێک یەکەمیان چوون بۆ شەڕ رەت دەکاتەوە. ئەکیلیس لەوێدا باس لە دەبەنگی سەربازەکان دەکات کاتێک بۆ فەرماندەیەکی ملهوڕ خۆدەدەن بە کوشت. فەرماندەیەک کە هەرگیز ناتوانن ببینن. باس لەو کەسانە دەکات خۆی کوشتونی، دەڵێ: هەموو شەوێ دێنە خەوم و پێمدەڵێن:"برا بۆ ئێمەت کوشت"! ئەکیلیس کە تازە کەوتۆتە داوی ئەڤینی پریاسێس، بەو هەموو سام و ترسەوە کە هەڵیگرتووە بۆ ئەو کەنیشکە نازدارە دەنووشتێتەوە. پاشان بڕیاردەدات بگەڕێتەوە یۆنان. بەڵام کوشتنی پاترۆکلۆس لەلایەن هیکتۆرەوە، بەهەڵە، هەموو پێشبینی و بڕیارەکان ئاوەژوو دەکاتەوە. بۆیە لەکاتی سووتاندنی تەرمی پاترۆکلۆسدا، ئاگاممنون لەناخەوە پێدەکەنێ و دەڵێ"مەرگی ئەو لاوە شەڕەکەی بۆمان مسۆگەر کرد".

ئەکیلیس بەشێوازی سەخت و دڵڕەقانەی خۆی تۆڵە دەستێنێ. ئەو بە تەنیا دەچێتە بەر دەروازەی ترۆی و هاوار دەکات هیکتۆر وەرە شەڕی من. هیکتۆر، ئەو جەنەراڵەی هەرگیز نەشکاوە، ئەو پیاوەی هەرگیز لە شەڕ نەسڵەمیوەتەوە رەنگپەڕیوانە دێتە ئەو شەڕەوە، شەڕێک کەلە دڵەوە دەزانێ تێدا سەرناکەوێت و بە مەرگی خۆی کۆتایی دێت، بەڵام دەیکات، چونکە ئەوە شەرەفی جەنەراڵە راستەقینەکان بووە. ئەو هیکتۆرەی ئاگاممەنونی بە پەنجا هەزار سەربازەوە لەو شەرگەیەدا بەزاند و مێنەلاوسی برایشی کوشت، ئێستا ئەکیلیس بە تەنێ هاتوتە سەری، دەیکوژێ و تەرمەکەیشی بەدوای گالیسکەکەیدا رادەکێشێت و دەڕواتەوە بەرەو ئەو کەنارەی لەشکری یۆنان بارگەی لێخستووە. کەوتن و کوشتنی هیکتۆر دیمەنێکە تێیدا مەرگی پادشا و پاڵەوانە گەورەکان بەرجەستە دەکات، مەرگێک لەئاستێکی باڵای تراژیدیادا. نەمانی هیکتۆر بۆ ترۆییەکان لێدانێکە پشتشکێن.

## ئەسپەکە:

پاش ئەوەی بە شەڕ ناتوانن بچنە ترۆیەوە، پاش ئەو هەموو کوشتار و زیانە گەورەیە لەهەردوو لا، یۆنانیگەل بیرۆکەی دروستکردنی ئەسپەکەیان لا دروست دەبێت. ئەسپێکی فرە زەبەلاح لە دار دروست دەکەن. باشترین بەتالیۆنی شەرکەر کە ئەکیلیسیشی لەنێودایە لەناو ئەو ئەسپەدا خۆ حەشار دەدەن. بەرەبەیانێک ئەو ئەسپە پڕلە جەنگاوەرە بەجێدەهێڵن و هەموو ئەو لەشکرە خۆ حەشار دەدەن.

پاش ئەوەی پریام و چەند یاوەرێکی دەچنە ئەو شوێنە، سەریان لەو ئەسپە سوور دەمێنێت. پاریس تکا لە باوکی دەکات ئەو ئەسپە بسووتێنن، بەڵام دیسان راوێژکار و پیاوانی کۆشک میری ترۆی بەهەڵەدا دەبەن. ئەسپەکە وەکو یادگاری جەنگ دەبەنە ترۆیەوە. بەدەستی خۆیان دوژمنە سەرسەختەکەیان دەبەنە ژوورێ، ئەو دوژمنەی هەوڵی زۆری دا و نەیاتوانی بچێتە ئەو دیوی دەروازەی ترۆیەوە.

شەوێ کاتێک هەموو ترۆی لە باوەشی خەوێکی ئارام دایە، جەنگاوەرەکان لە ئەسپەکە دێنە دەرێ، پاسەوانەکان دەکوژن و بەهەڵکردنی ئاگر لەشکری ئامادەی ئاگاممەنون ئاگادار دەکەنەوە، دەروازە دەکەنەوە، یۆنانیگەل دەڕژێنە ترۆیەوە. ئاگاممنون بڕیاردەدات ترۆی بسووتێنن و داری بەسەر بەردێوە نەهێڵن. لەناو ئەو شەڕە بێکۆتاییەدا، لەو شەوی



ئەسپەکەی ترۆیا (تەروادە)
ئاهەنگی سەرکەوتن

حەشرەدا، ئەکیلیس لە سۆراخی پریاسێس دایە، چونکە دەزانێ سەربازەکانی یۆنان کێیان دەستکەوت دەیکوژن. بەڵام کاتێک دەیدۆزێتەوە لەناو چنگی ئاسنینی ئاگامەمنون دایە. ئەکیلیس چاوەڕوانی پێشهاتێکە، بەڵام پریاسێس خەنجەرێک دەردێنێت و غافڵگیرانە ئاگامەمنون دەکوژێت. ئەکیلیس بە پریاسێس دەگاتەوەو دەڵێ: بابڕۆین هەموو ترۆی دەسووتێ و کەسی تێدا ناهێڵن.

کوشتنەکان چۆن روو دەدەن! چۆن سەرباز و جەنەراڵەکان یەکتر تەواو دەکەن! پێدەچێ هەرگیز خۆیان بیری لێنەکەنەوە. هیکتۆر مێنەلاوس و پاترۆکلۆس دەکوژێ. ئەکیلیس هیکتۆر دەکوژێ. ئاگامەمنون پریام و پریاسێس ئاگامەمنون. بەڵام ئەی ئەکیلیس؟ ئایا دەمێنێتەوە و بۆی دەردەچێت؟ نەخێر ئەوەی بەبیری کەسدا نایات ئەوەیە، لەکاتێکدا ئەکیلیس دەیەوێ بۆ دواجار دەستی پریاسێس بگرێ و سەرزەمینی شەڕ بەجێبهێڵێت، بەر تیری پاریس دەکەوێت، ئەو کوڕەی بە بەرچاوییەوە ئەکیلیس هیکتۆری برای کوشت. یەکەم تیری پاریس بەر پاژنەی ئەکیلیس دەکەوێت و لە پێی دەخات. ئەو شوێنەی تاکە رووبەرە لە جەستەی ئەکیلیسدا "ئاوی پیرۆز"ی بەرنەکەوتووە. هەرچەندە پریاسێس هاوار لە پاریس دەکات کە نەیداتە بەر تیر، بەڵام بێسوودە. پاریس ئەوەندە تیر بە ئەکیلیسەوە دەنێت کە خوێنی لەبەر بڕوات. ئەکیلیس لە حزووری ئەڤینی پریاسێسدا گیان لە دەست دەدات، بەر لەوە بە پریاسێس دەڵێ:

"هەموو شت تەواوە، بڕۆ با نەتگرن!" دوا ماچی پریاسێس دەکات و دەکەوێت.

هەرچەندە ئاگامەمنون بەهیوای بوو ناوی ئەو بە نەمری بمێنێتەوە، نەک ناوی ئەکیلیس و کەسانی تر، بەڵام ئەوەی ئێمە لەلێدوان "کۆمەنتار"ی کۆتایی فیلمەکە دەیبیستین ئەم وتانەیە: "ئەگەر چیرۆکی منتان گێڕایەوە، بڵێن: کەسانی زۆر هاتن و چوون، کەسانێک وەکو گوڵەگەنم هەڵوەرین. بەڵام ناوی من مایەوە. من لە سەردەمی پاڵەوانە گەورەکاندا ژیام. من لە سەردەمی هیکتۆر و لە سەردەمی ئەکیلیسدا ژیام".

## ئاستی هونەری:

ترۆی بەرهەمی هۆلیودە. بەڵام بەرهەمێکە لە باڵاترین ئاستی کاری سینەمادا. فیلمی ترۆی نە خەڵاتی وەرگرت و نە هەڵسەنگاندنی ئەرێنی بۆ کرا. بەڵام سەرباری ئەوانە ترۆی فیلمێکە لە مێژووی سینەمادا فەرامۆشکردنی مەحاڵە. هەموو دیمەنێکی ترۆی، هەموو دیالۆگێک قسە لەگەڵ ناخی مرۆڤدا دەکات. فیلمێکە لە یادەوەری و لە مێژووی سینەمادا شوێنگەی تایبەتی خۆی هەیە. ترۆی لێوانلێوە لە یاری جوان و لە باری ئەکتەرەکان، لە رەنگ، لە دەنگ و لە دیمەنە سەرسامکارەکان. هەموو ئەو کەرەستانەی فیلم لە ترۆیدا لە ئاستێکی باڵادان.

شەری ترۆی بەپێی ئەفسانەکە بێت دە ساڵ بەردەوام بووە، بەڵام لای ئەم دەرهێنەرە کورتدەکرێتەوە بۆ چەند هەفتەیەک. کورتکردنەوەیەکی ژیرانەیە. دیارە ئەو شێوازە هونەرییەی دەرهێنەر کاری پێکردووە هۆکارە بینەر بەشێوەیەکی سروشتی لەگەڵ دەستپێک، هەڵچوون و کۆتایی بەسەرهاتەکەدا بڕوات.



ئەکیلیس گەورەترین شەڕڤانی سەردەمی خۆی

رەخنەکان سەبارەت بە ترۆی زۆرن و زۆربەیشیان دلڕەقانە لەم کارەی دەرهێنەر ڤۆلڤگانگ پێتەرسەن دەدوێن. زۆربەیان باس لەوە دەکەن کە دەرهێنەر بە ١٥٠ ملیۆن دۆلار و ئەو هەموو ئەستێرەگەلەی سینەماوە بێهیوای کردین. بەڵام بەرانبەر بەوە ترۆی بوو بە بەرهەمێک هەمیشە قسەو لێدوان هەڵدەگرێت. بوو بە فیلمێک هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

* ترۆی، ترۆیا، تەروادە، تروڤا، ناوەکە لە زمانێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕدرێ. بەڵام مەبەست لە هەمان شارە.

**دەرهێنەری سینەمایی و بەرهەمهێنەر ساڵی ١٩٤١ لە باکووری ئەڵمانیا لە دایکبووە.

*** نووسەری ئەلیازە و ئۆدیسایە. یەکەم نووسەری مێژوو لە رۆژئاوا دا.

****THE KING OF KINGS میری میران:






www.netewe.com


U & G Lady Saloon
Uğur
Gökhan
U & G ليدي صالون
ئارايشگاى U & G ليدى
سشوار - پرچ بڕین
- مێش - رازاندنەوەی
بووک - مەکیاژدانانی
قژ - خاوێنکردنی
نینۆکی دەست و پێ و
درێژکردنی نینۆکەکان -
تاتۆی برۆ - تاتۆی لێو
ناونیشان: هەولێر - عەنکاوە - شەقامی
قەسرا بەرانبەر ریستورانتی ئێڤری دەی
شامپۆی
سروشتی مایرا
بۆ رێگرتن لە
هەڵوەرینی قژ
و بەهێزکردنی
Tel: 0750 303 8892
E-mail: u_gladysalloon@hotmail.com
www.netewe.com

# HPUST

## زانكۆی هەولێری تایبەت بۆ زانست و تەكنۆلۆژیا

## بەشەكانی زانكۆ

- ★ ئەندازیاری نەوت
- ★ شیكردنەوەی نەخۆشیەكان
- ★ بەشی زانستی دارایی و بانكەكان
- ★ بەشی بەڕێوەبردن و كارگێری
- ★ ئەندازیاری ژینگە
- ★ كۆلیژی یاسا
- ★ بەشی بازارگەری
- ★ بەشی ژمێریاری

زانكۆ دەرچووانی بەشەكانی زانستی و وێژەیی و بازرگانی وەردەگرێت

مەلبەندی سەرەكی : هەولێر / حەی عەسكەری / شەقامی نەورۆز

لقی عەنكاوە :عەنكاوە / پشت شاری یاریەكان

07700448178-07503110381-0662645661

لقي سليَماني : 07701524548 - 0533122156

لقی دهۆك : شەقامی نوهدره : 07504591147



E-mail : info@hpust.com



ALYA

کۆمپانیای

ئالیـــــــا

بۆ دەرگای و جوانکاری ناوماڵ

دەرگای ژوور
دەرگای مدخل
پارکێکی ئەرز
کاغەزی دیوار
کـــەوەنتەر

بریکاری کۆمپانیاکانی( )ی تورکی

هەولێر: ڕێگای کۆیە-نزیک نەخۆشخانەی ڕەسولی تایبەت
07507115311- 07507115211

www.netewe.com

